دامەزراوەی ڤـــیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـــی
مؤسســـة رؤيـــة للـدراســـات الاستراتيجيـــة
Vision Foundation for Strategic Studies

# پێکەوەژیانێکی سەردەمیانە، سلێمانییەکی جوانتر دەستەبەردەکات

## لێکۆڵینەوەیەک لە هۆکار و چارەسەرەکانی پێکەوەژیانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە گێڕانەوەکانی خۆیانەوە

# پێکەوەژیانێکی سەردەمیانە، سلێمانییەکی جوانتر دەستەبەردەکات

## لێکۆڵینەوەیەک لە هۆکار و چارەسەرەکانی پێکەوەژیانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە گێڕانەوەکانی خۆیانەوە


بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
جۆری بڵاوکراوە: توێژینەوەی شیکاری
بابەت : کۆمەڵایەتی
توێژەر : پرۆفیسۆر د. سامان حسین


### دامەزراوەکە :

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

### تێبینی :

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.


مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

## پێشەکی

پرسی کەمینە و پێکەوە ژیان یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی جیهانی ئەمڕۆ، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، لەبەرئەوەی بەهۆی مێژووی ناوچەکەوە لەم ناوچەیەدا چەندین گەل و نەتەوە و ئاین و ئایینزای جیاجیا دەژین. هەر یەکەیان مێژوو و باوەڕ و زمان و کولتوری تایبەتی بەخۆیان هەیە، لە هەر وڵاتێکیشدا دەیان گرفتی گەورەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسیان هەیە. ئەم بابەتەش بۆخۆی دەیان کێشەی سیاسی و سەربازی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە تەواوی ناوچەکەی گیرۆدەی کوشت و بڕ و ئاوارەیی و کۆچ و ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە. هەر بۆیە ئەم بابەتە لە ئێستادا کێشەیەکی گەورەیە لە جیهاندا. دەیان کاری زانستی لە ناوەندە ئەکادیمی و دامودەزگاکانی توێژینەوەی ئەکادیمیدا لەبارەیەوە ئەنجام دەدرێت.
کوردستان وەکو بەشێکی گرنگی ئەم ناوچەیە، کە خاوەن مێژوویەکی دووردرێژە، ئەم مێژووە وایکردووە لانکەی دەیان بیروباوەڕ و ئاین و ئایینزای جیاواز بێت. بۆیە بەدرێژایی مێژوو تا ئێستاش ناوچەیەکی فرەکولتور و فرەپێکهاتە بووە. هەر بۆیە پرسی کەمینە و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان بابەتێکی گرنگە لە کوردستاندا، کە دەبێت لە ڕووی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە لای لێ بکرێتەوە، کە هەر لێرەشەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی گرتووە.

سلێمانی هەر لە سەرتای دامەزراندنییەوە ئامێزی بۆ بەشێک لەو پێکهاتانە واڵاکردووە، کە بەشێک بوون لە پێکهاتەی ئێتنی ناوچەکە، بە تایبەتی هەر لە سەرەتاوە چەند بنەماڵەیەکی مەسیحی و جوو ژیانی شارنشینی ڕوویان لە شارەکە کردووە، هێدی هێدی بوون بە بەشێک لە ڕایەڵەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی شارەکە. ئەمەش وادەکات پرسی کەمینە و پێکەوە ژیان ببێت بە یەکێک لە پرسەکانی شارەکە. شایەنی ئەوە بێت کە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام تا ئێستا لە هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەیی لا لەم پرسە نەکراوەتەوە. هەر بۆیە ئەم بابەتە کرا بە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە.
کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەڕان بەدوای ئاستی پێکەوەژیان و ڕەوشی ژیانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە ئێستادا، بە تایبەتی لە دوای ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن لە ناوچەکە لە شەڕە ڕەنگ ئاینییەکان و دەرکەوتنی بیری توندی ئاینی و ڕووداوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. ئەو پاشهاتانەی بەدوایدا هاتن، کە جارێکی تر بابەتی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی کردەوە پرسێکی سەرەکی. هەربۆیە ئەم بابەتە لە لایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی وروژێندرا، لەم سۆنگەیەوە پانێڵێک بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری شارەکە و بەشێکی زۆر لە لێپرسراوە ئیدارییەکانی شارەکە، کە پەیوەندیدارن بە بابەتەکەوە، ڕێکخرا. لە دوای پانێڵەکە و گفتوگۆکانی ئەنجامدران، دوای ئەو وتانەی لە لایەن جێگری سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری شارەکە و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەکەوە پێشکەشکران، ئیدی دەرکەوت کە هەندێک پرسی ئەم لایەنە هەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیانەیە. ئەوە بوو دەزگاکە ڕایسپاردین بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەم بارەیەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە ؟

ئامانجی ئەم کارە دەرخستنی ڕادەی پێکەوە ژیانی نێوان کەمینەکانی شاری سلێمانییە، بە تایبەت مەسیحییەکان. مەبەستی سەرەکیشی ئەوەیە کە پەنجە لەسەر گرفتەکانیان لەم ڕووەوە دابنێت و دواتر چارەسەرییەکان بخاتە ڕوو، بە مەبەستی ئاڕاستەکردنیان بۆ شوێنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک کار لەسەر کەمکردنەوەی گرفتەکان بکرێت و ژیانی پێکەوە ژیان لە شاری سلێمانی بەرەو پێش ببات و چارەسەرێک بێت بۆ کێشەی ژیانی کەمینەیی لە شارەکە. ئەویش لە پێناو جوانترکردنی ژیانی شارەکە و بەرز ڕاگرتنی مێژووی جوانی شارەکە لەم ڕووەوە. هاوکات، ئامانجی ئەوەیە ئەم کارە ببێتە هەوێنێک بۆ کاری لەم جۆرە لە تەواوی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیش.

## ئەم توێژینەوەیە بۆ گرنگە ؟

ئەم کارە گرنگە لەبەر ئەوەی یەکەم کاری لەم جۆرەیە، کە بە شێوەیەکی مەیدانی و بەڵگەنامەیی، لێکۆڵینەوە لە کەمینەکان دەکات و لە کێشەکانی پێکەوەژیان دەکۆڵێتەوە. هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی زانستیانە واقیعی ژیانی پێکەوەیان بخاتە ڕوو، دواتر چارەسەرە زانستییەکانی بخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئەم کارە گرنگە لەبەر ئەوەی یەکەم کار دەبێت دەربارەی پشتگوێخراوەکان، کە تا ئێستا لە کارە لێکۆڵینەوەییەکان بە پێی پێویست لایان لێ نەکراوەتەوە.

## بۆ چ لایەنێک گرنگە ؟

### ئەم کارە و ئەنجامەکانی بۆ ئەم لایەنانە گرنگن:

1. لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، دەسەڵاتە خۆجێییەکان بە شێوەیەکی تایبەت، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانە هەوڵ بدەن ژیانی پێکەوەیی ڕێک بخەن. تا بتوانن ڕووی ڕاستەقینەی پێکەوەژیان و پاراستنی کەمینەکان بکەن بە ئامرازێکی کارا و بیانوویەکی جوان بۆ دەرەوە و ناوەوە، لەسەر پێکەوەژیان. دواتر دروستکردنی پەیوەندی دروست لەگەڵ شار و ڕێکخراو و ناوەندەکانی تری جیهان لەسەر بنەمایەکی زانستی.
2. بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی پێ بدات لە هەنگاوەکانی دواتردا لەم ڕووەوە.
3. بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە، ئەوقاف، ڕۆشنبیری و ناوخۆ، بۆ ئەوەی کار ئاسانییان بۆ بکات لە کارەکانیاندا لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی کەمینەکاندا.
4. بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان، تا بتوانن بە شێوەیەکی زانستیانە پاساوەکانیان بۆ کارکردن لەسەر کەمینەکان بخەنە ڕوو. بۆ نموونە، پارتی باڵادەستی شاری سلێمانی بۆ ئەوەی پاساوی زانستی بەدەستەوە بێت بۆ پشتگیری لەو بڕیارەی کە لەم دواییانەدا لە بارەی کەمینەکانەوە دەرکرا بۆ هەڵبژاردن.

هاوکات، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییە دەرەکییەکان لە بواری بەڕێوەبردندا. بۆ نموونە، خستنەڕووی ئەم ئەنجامانە بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا لەلایەک ڕەوشی کەمینەکان ئاگادار بن لە سلێمانی و لەلایەکی تر جیاوازییەکانی ژیانی ئەوان لەم شارە لەگەڵ ناوچەکانی تر ڕوون ببێتەوە. لێرەشەوە پشتیوانی دەرەکی زیاتر دەستەبەر بکرێت.

## کێشە و پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

کێشەی سەرەکی ئەم پرۆژەیە بابەتی پێکەوەژیانە لە شاری سلێمانی لە نێوان پێکهاتەکاندا، بە تایبەتی کەمینەی مەسیحی و گرفتەکانیان، دواتریش چارەسەر چییە. ئەویش بە کارکردن لەسەر ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە:

1. ڕێژەی مەسیحییەکانی سلێمانی لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا.

2. هۆکارەکانی کۆچی مەسیحییەکان جیاواز لە دانیشتوانی گشتی شارەکەدا چین؟ ئایا کاریگەری کردووەتە سەر کاڵبوونەوەی کولتوری و پێگەی مەسیحییەکان لە شارەکەدا؟ چارەسەرەکان چین؟

3. ژیانی ئاسایی مەسیحییەکان لە گەڕەک و لە شوێنی کار و لە شوێنی گشتیدا چۆنە؟ ئایا دەتوانن بە ئاشکرا بڵێن مەسیحین؟ هەڵوێستی خەڵکەکە چۆنە بەرامبەریان؟ کێشەکانیان لەم ڕووەوە چین؟ ئەگەر هەن چۆن چارەسەر بکرێن و ئاڕاستەی چ لایەنێک بکرێن؟ بە نموونە، لە کاتی هەبوونی هەرجۆرە کێشەیەکیان، پێویست دەکات بڕیاری تایبەت و سزای تایبەت هەبێت؟

4. ئاستەنگەکانی بەردەم ژیانی کولتورییان (بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان، بەکارهێنانی زمانی تایبەتی خۆیان، جل و بەرگی تایبەتی خۆیان، هێما و سیما ئاینییەکانیان) چین؟ و تا چەندە ڕووبەڕووی گرفتیان دەکەن لە: گەڕەک، شوێنە گشتییەکان، دەزگا فەرمییەکان، فێرگەکان؟ ئەگەر هەیە، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟

5. کێشەی کڵێساکان و پیاوانی ئاینیان چییە؟ هۆکار و چارەسەر چییە؟ لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف کێشەیان چییە؟ ئەگەری چارەسەری چییە؟

6. لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە گرفتەکانیان چین؟ وەزارەتی ڕۆشنبیری چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟

7. لە باری بازرگانی پیشەگەری و شوێنی کاردانان و کار دەست کەوتن، ئایا هەست بە جیاوازی دەکەن؟ ئەگەر هەیە چارەسەر چییە؟

8. لە باری ئەمنی و ئاسایشی ژیان، کێشەیان چییە؟ ئایا هیچ مەترسییان لەسەرە؟ ئەگەر هەیە، چۆن چارەسەر بکرێت؟

9. ئایا کێشەی ئەوان وەکو کەمینەیەک لەگەڵ سیستەمی پەروەردە و خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندندا چییە؟ ئایا هەست بە جیاکاری دەکەن؟ چارەسەر چییە؟

10.ئایا هەست بەوە دەکەن کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێرش دەکرێتە سەر کەسایەتی و پیرۆزییەکانیان؟ چارەسەر چییە؟ چ لایەنێک چارەسەری بکات؟

11.ئایا کێشەی زەوی و زار و موڵکی داگیرکراویان هەیە؟ ئەگەر هەیە، چارەسەری چییە؟

12. لە ڕووی بەشداری سیاسی و چالاکی سیاسی و ڕێکخراو و حزبەوە، هەست بە جیاوازی دەکەن؟ چارەسەر چییە؟

13. لە ڕووی مافی هاوڵاتیبوونەوە، ئایا هەست بە جیاوازی دەکەن؟ ئایا هەست بەوە دەکەن کە ئەوان بێ پشت و پەنان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە؟ چارەسەر بۆ ئەمە چییە ئەگەر ئەم کێشەیە هەیە؟

## میتۆدی بەکارهاتوو:

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی چۆنایەتی، بە شێوە ڕێگای وەسفی شیکاری، کە بریتی بووە لە کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری زانیارییەکانە لە بارەی کێشەکەوە و دواتریش شیتەڵکردن و لە مەحەکدانی ئەو زانیارییانە بە مەبستی گەیشتن بە وەڵامی درووستی پرسیارەکانمان.

ئامرازی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتی بووە لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەسیحییەکانی شارەکەدا، چونکە کۆمەڵگای سەرەکی ئەم کارە بریتی بووە لە مەسیحییەکانی ئەم شارە، ئەویش بەمجۆرە: مەسیحییە دێرینەکانی شارەکە، ئەوانەی دوای ڕووداوەکانی ناوچەکە و باشور و ناوەڕاستی عێراق ڕوویان کردۆتە شارەکە، ئەوانەی مەسیحی ئەم شارەن و ئێستا کۆچیان کردووە، ئەوەی ئاینیان گۆڕیوە بۆ مەسیحی.
بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانیش پشت بەست بە گفوتۆکانی پانێڵەکە و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان و پرسیارەکانی توێژەر لە خەڵکی ئاسایی مەسیحی شارەکە. چەند پرسیارێك لە سێ فۆڕمی تایبەتدا داڕێژران[1].
ئیدی توێژەر لە ڕێگای ئەلیکترۆنی و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆوە، بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ، چاوپێکەوتنی لەگەڵ (٢٠) کەسدا ئەنجامدا، کە لە هەر سێ کۆمەڵەکە نموونەی وەرگرت. نموونەکانیش لە خەڵکانی ئاسایی و لە زۆربەی پیشە و کارەکان و پیاوی ئاینی و مەسیحی شارەکە، لە دێرینەکان و ئەوانی لەدەرەوەی سلێمانییەوە هاتوون و ئەوانەشی ئاینی خۆیان بۆ مەسیحی گۆڕیوە، وەرگیران.

سنووری کارەکە لە ڕووی بابەتەوە گرفتەکانی پێکەوە ژیان بوو، لە ڕووی شوێنەوە سلێمانی بوو، لە ڕووی کاتیشەوە ساڵی ٢٠٢٥، لە ڕووی مرۆییشەوە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی بوون.
ئاستەنگی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکەش ئەوە بوو کە هەندێک لە مەسیحییەکان ئامادەیی چاوپێکەوتنیان نەبوو، بە تایبەتی نوێنەری پێشوویان لە ئەنجومەنی پارێزگا، کە توێژەر قسەی لەگەڵدا کرد و بابەتەکەی بۆ ڕوونکردەوە، ئەو گوتی: «وەڵامت لێ دەگێڕمەوە»، بەڵام دواتر توێژەر چەند جارێک هەوڵیدا پەیوەندی پێوەبکات، وەڵامی پەیوەندی نەدایەوە. هاوکات، بەشێک لەوانەی ناو شار و هەندەرانیش هەر بە هەمان شێوە.

[1]بڕوانە پاشکۆکانی ١، ٢، ٣

## یەکەم : ناساندنێکی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

پێکهاتەی دانیشتوان لە دەوڵەتانی دونیادا، لە میلەت و نەتەوە و ئاین و تایفە و زمان و توخم و ڕەگەزی جیاواز پێکهاتووە. پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان زۆرینە و کەمینەدا نهێنی پێشکەوتنی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکی لەم چەشنەبووە. لە سێبەری ئەوەشدا، مافی مرۆڤیش پارێزراو و ڕێزلێگیراو بووە. بەرچاوترین نموونەش فیدراڵیەتی (سویسرایە). بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر زۆرینە دانی بە کەمایەتیدا نەنابێت، ئەوا مەسەلەی بە ئاشتی ژیان و بەرەو پێشچوونی ئەو وڵاتە لە خانەی مەحاڵدا بووە (سورمێ، ١٩٩٨: ل. ١٣٢–١٣٣).

سەرەتای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی چەمکی پێکهاتەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوای پەرەسەندنی ڕووداوەکانی پەیوەست بە مافەکانی پێکهاتەکان، بەتایبەتی لە واقیعی ئەوروپیدا، کە وایکرد هەندێک وڵات گرنگییەکی بەرفراوان بدەن سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی پێکهاتەکان و ڕێکخستنی ماف و پابەندبوونەکان. بۆ ئەمەش، زۆربەی وڵاتان پەنایان بردە بەر ڕێکخستنی ئەم پرسانە لە ڕێگەی ئەنجامدانی پەیماننامەکانەوە. بۆیە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، وڵاتانی ئەوروپا دەستیان کرد بە بەستنی پەیماننامە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕێکخستنی کێشەی پێکهاتە ئایینیەکان و ئەوانی ترەوە هەبوو، پێش دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان. پاشان دوای ئەوە، پەرەپێدانی چەمک و یاساکان لەدوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بوو بە پرسێکی گرنگی جیهانی (فتاح، ٢٠١٦: ١٣). لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٢، بڕیاری ژمارە ٤٧/١٣٥ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کەمینەکان دەرچوو، کە تیایدا لە مادەی ٢٧، مافە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەکانی کەمینە دیاریکران. نەتەوە یەکگرتووەکان پێی وایە بەهێزکردن و پاراستنی کەمینەکان بەشداردەبێت لە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتان، بەشداردەبێت لە پتەوکردنی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان گەلان، کە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری لەسەر دەکەن و ڕۆڵی هەیە لە پاراستنیان و بە چاوی بایەخەوە لێی دەڕوانێت (ئیسماعیل، ٢٠١٢: ٤٠).

جۆرەکانی پێکهاتە بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە پێکهاتەی ئاینی، زمانی، نەتەوەیی، ڕەچەڵەکی. بەم پێیەش لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیشەوە لە ١٩٢١، ئیدی عێراق بوو بە دەوڵەتێک کە لە چەند پێکهاتەیەکی ئاینی و نەتەوەیی پێکدێت، لە نێویشیاندا پێکهاتەی مەسیحی. مەسیحییەکانی عێراق نزیکەی لە ٥٪ی ڕێژەی وڵاتەکەیان پێکدەهێنا، بەڵام دوای ڕووداوەکانی ٢٠٢٣، ئەم ڕێژەیە بە هۆی کۆچەوە بۆ ٣٪ کەمبۆتەوە. ئاینی مەسیحی دووەم گەورەترین ئاینی عێراقە کە بەسەر زۆربەی پارێزگاکانی دا دابەشبوون، لە نێویشیاندا پارێزگای سلێمانی (هیوا محمد کەریم، ٢٠٢٣: ٣٩).

مەسیحییەکانی سلێمانی هەر لەگەڵ دامەزراندنی شارەکەدا لە بەشی زۆری ناوچەکانی تری کوردستانەوە ڕوویان لە شارەکە کردووە. کە لە گێڕانەوەکانی گەڕیدەکاندا، ئەوانەی دوای دامەزراندنی شارەکە هاتوونەتە شارەکە، باسیان کردووە. لەوانە لە ساڵی ١٨١٢دا گەڕیدەی بە ڕەگەز ئەرمەن (سیرۆفین کارنیسبن)، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئینگلیزی بووە، هاتۆتە شاری سلێمانی و دەڵێت ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٤ هەزار کەس دەبێت، کە زۆرینەیان کوردن و تەنها ١٥ بنەماڵەی نەستوری و ١٢ی ئەرمەن و ٨ی یەهودی تێدایە (الوائلي، ٢٠٠٨: ١٤٦-١٤٧). (ولیەم هیود)ی بەریتانیش لەو گەشتەیدا، کە لە ماڵاوبارەوە بۆ قوستەنتینییە کردوویەتی، هاتۆتە بەغداد و لەوێشەوە بۆ کفری، دواتریش بە ناوچە شاخاوییەکاندا بەرەو سلێمانی دەڕوات و نووسیویەتی: "گەیشتمە سلێمانی پایتەختی کوردستان" . دەڵێت ژمارەی دانیشتوانەکەی میزۆپۆتامیاقی لە نێوان ١٢-١٥ هەزار دەبێت، کە زۆربەیان کوردن تەنها چەند ماڵێکی ئەرمەنی و یەهودی نەبێت (٢٠١١: ١٦٨-١٧٥). لە ساڵی ١٨٧٨دا، (ژان ڕێتورێ) مسیۆنەری فەرەنسی کە ماوەیەکی زۆر لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا بووە، گەشتێکی تایبەتی بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی کردووە. دوای ئەوەی کەرکوک بەجێدەهێڵێت، دەچێتە چەمچەماڵ و دواتر دەچێتە سلێمانی. ئەو دەڵێت ژمارەی دانیشتوانی شارەکە نزیکەی ١٥٠٠٠ کەس دەبێت کە تەنها ٢٠ ماڵی مەسیحی و ٥٠ ماڵی یەهودی تێدایە (٢٠٠٨: ٣٩-٤١). هەرچەندە ئەو ڕێژانە فەرمی نین و تەنها خەمڵاندنی سەرپێیانەیە بۆ دانیشتوانی شارەکە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە لە ئەنجامی ئەو گێڕانەوانەدا دەردەکەوێت هەر لە سەرەتاوە چەند بنەماڵەیەکی مەسیحی لە شارەکەدا ژیاون. دواتریش بە پێی گێڕانەوەکانی لە چاوپێکەوتنەکانی ئەم توێژینەوانەدا دەردەکەوێت گەڕەکێکی تایبەتیان هەبووە بە ناوی گۆیژە، کە لە ناو خەڵکی گشتیدا بە گاوران ناسراوە.

## دووەم : ڕادەی پێکەوەژیان لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتورییەوە

سەبارەت بەو پرسیارانەی کە لە بارەی ژیانی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، جیاکاری لە ژیانی ئاساییدا و ئاستەنگەکانی بەردەم ژیانی کولتوری و ئایینیان ئاڕاستە هەر سێ گروپەکە کرابوون، وەڵامەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتر نزیک بوون، کە زیاتر لەوەدا دەردەکەوت بەشێوەیەکی گشتی و لە لایەن ئیدارە و حکومەتەوە کێشەی ئەوتۆیان نەبێت. ئەوان شاری سلێمانی و خەڵکی شارەکە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و کرانەوە بە ڕووی پێکهاتەکانی تردا دەبینن.

بەڵام لە وردەکاریدا و بە پێی هەندێک ڕووداوی مێژوویی و کاریگەرییەکانیان، زۆربەیان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە لە ئاستی تاک و لە نێو کۆمەڵدا بە ڕێژەیەکی کەم هەندێک پەرچەکرداری نەرێنی دەبینن. لەم ڕووەوە دیلان لەتیف پۆڵس سەڕاف، کە لە مەسیحییە دێرینەکانی شاری سلێمانییە و ئەندازیار و خاوەن کارە لە سلێمانی، گوتی: بۆ یەکسانی و هاودەرفەتی بە گشتی بەڵێ، لە ئاستی ئیدارەی وڵات و شار باشن، بەڵام لە ئاستی تاکدا هەندێکی کەم هەن تێگەیشتنیان باش نییە. ئەوەی دەربارەی جیاکارییە و من بینیومە دوو جۆر تێڕوانین هەیە. کێشەکەش لێرەوە دەردەکەوێت و سەر دەکێشێت بۆ هەموو لایەنەکانی تری ژیان. تێڕوانینەکانیش بەم جۆرەن: کاتێک لە ڕێگای ناوەکەتەوە، یان بە هەر جۆرێکی تر دەزانێت تۆ مەسیحییت، هەڵوێستەیەک دەکات، ئیدی دەبێت چاوەڕێی پەرچەکردارێک بێت، ئەویش یان هەڵوێستی زۆر باشە و زۆر زیاتر ڕێزت دەگرێت، یانیش دەست بە پرسیار دەکات و هەڵوێستە نامۆکانی دەست پێدەکات. خۆ بابەتەکە ئایینیشە، چونکە تا من نەڵێم ئەو نازانێ من مەسیحیم. بۆیە ئێمە بەردەوام لە بەردەم ئەو دوو پەرچەکردارەداین، کە ڕەنگە ئەمە لە عێنکاوە نەبێت. لێرەوە ئیدی ئێمە نامانەوێت لە هەموو شوێنێکدا مەسیحی بوونمان ئاشکرا بێت. بۆ نموونە سەڵیبەکە لە مل دەکەین، بەڵام دەیخینە ژێرەوە. ئافرەتەکانیشمان بە هەمان شێوە، خۆمان دەپارێزین لەو کێشەیە. لێرەشەوە تۆ چواردەورێک بۆ خۆت دروست دەکەیت و پەیوەندییەکانت سنوردار دەکەیت و دەتوانم بڵێم کۆمەڵگایەکی تایبەت بۆ خۆت دروست دەکەیت لەگەڵ ئەوانەدا کە دەزانیت لێت تێدەگەن و ڕۆشنبیرییەکی فرەیان هەیە و دەزانیت پەرچەکردارەکەیان باشە. تێکەڵی و مامەڵەت دەبێت، بەڵام ناتەوێت لەوانی تر نزیک ببیتەوە و بەردەوام خۆپارێزییەکت هەیە و متمانەی تەواو نییە، کە لە هەموو شوێنێک تۆ بە ئاشکرا خۆت دەربخەیت، چونکە ئەگەر لە ساڵێکدا یەک حاڵەتیش بێت هەر کاریگەری بۆ من دەبێت. هەربۆیە من ناچم سەڵیبێک بەسەیارەکەوە بکەم، چونکە ڕەنگە یەکێکی وا هەڵکەوێت و شوختێکی تێبکات، ئیدی بۆ خۆم توشی ئەوە بکەم. هەرچەندە ئەمە تەواو ڕەشبینیش نییە، چونکە ئەگەر سلێمانی قبوڵی پێگە و ژیانی نەبوایە ئێمە نەماندەتوانی لێرە بمێنینەوە. بەڕاستی لە ئاستی زۆرینەدا سلێمانی لەم ڕووەوە تایبەتە، بەڵام هەبوونی ئەم دیاردەیە ڕاستییەکە و دەبێت ئاماژەی پێ بکەین (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

ئەم ڕێژەیی بوونی پەرچەکردارە لە لایەن قەشە ئەیمەنیشەوە، کە قەشەی کەنیسەی ماریوسفە، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەی پێکرا. ئەو لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێمەدا گوتی : سەبارەت بە مەسیحیەکانی شاری سلێمانی، پەیوەندییەکی باش هەیە لە نێوان کورد و مەسیحییەکان. بۆ ئەمەش مێژوو شایەتە و هیچ جۆرە جیاکارییەک نییە، بەڵکو کاتێک دەزانن مەسیحییت، باشتر مامەڵە دەکەن. هەرچەندە بابەتی تایبەتیش هەیە، کە هەندێک لە ئیسلامەکان نایانەوێت مامەڵە و کار لەگەڵ مەسیحیدا بکەن. زۆرجار، کە دەچن بۆ کار و دەزانن بۆ کەنیسەیە، نایکەن، یان لە کارگەیەک خاوەنەکەی مەسیحی بێت کار ناکەن. بەڵام ئەمیش زۆر کەمە. بۆیە بەگشتی دەتوانم بڵێم باشە و هاوسەنگی هەیە (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

هاوکات قەشە ئەلوەند شێخانیش، کە قەشەی کەنیسەی ئینجیلی ڕاقیە، هەر هەمان بۆچوونی دووپاتکردەوە و گوتی: بۆ مافەکانمان لە ڕووی یاسایی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هەندێک مافمان هەیە، بەڵام ڕێژەییە. ئەوەی زۆر زەقە بابەتی یاسای باری کەسییە، کێشەی بۆ ئێمە تێدایە. هەرچەندە حکومەت زۆر هاوکارە، بەڵام ئەم کێشەیە لە ڕووی یاسایی و دەستوری عێراقەوەیە. حکومەتی هەرێمیش لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو دەستورەدایە، بۆیە ئەمە کێشەی هەیە. سەبارەت بە جیاکاریش، هەر ڕێژەییە. زۆرینە کێشەیان نییە، بەڵام هەندێکی کەم هەیە کێشەیان هەیە، ئەویش بە کەس کەوتووە. هەندێکیان هەر زۆر باشن، بەڵام هەمیشەش دەبێت چاوەڕێی ئەوە بیت کە ڕەنگە کەسانێک هەبن پەرچەکرداری خراپیان هەبێت (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

دەربڕینەکانی ئارام عیساش، کە لە مەسیحییە دێرینەکانی شاری سلێمانین و فەرمانبەرە و کاری هونەریش دەکات، تا رادەیەکی زۆر هەر هەمان بابەت لەخۆدەگرێت و بابەتی خۆپارێزی و پەرچەکرداری بڕێکی زۆر کەم لەسەر ئاستی کەسی دووپات دەکاتەوە و دەڵێت: یەکسانی و هاودەرفەتی، ئەوە یەکسانی نییە. بەتایبەت لە بواری سیاسی، ئێمە ژمارەمان کەمە، نەمانتوانیوە دەنگی بەرزمان هەبێت. بەڵام وەک جیاکاری، ئەوا جیاکاری ناکرێت، چونکە ئێمە ناچینە ئەو ناوەندەی هەستی پێ بکەین جیاکاری دەکرێت و ڕووبەڕووی پەرچەکرداری نەرێنی دەبینەوە. ناچینە ئەو شوێنانەی وەرمان ناگرن. بۆ ئەوەی پارێزراو بین، خۆمان دوور دەخەینەوە لەو شوێنانەی ئەوەی تێدا بێت، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا و دوای دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی. بۆیە خۆمان دەپارێزین لەوەی بکەوینە ئەو شوێنانەوە. بەڵام وەک ئیسلامی کوردی ئاسایی، نە هیچ جیاکاریمان نییە، تەنها لەوانەی وەک سیاسی بەکاری دێنن. بۆیە دەمەوێت بڵێم هێما و خۆئاشکراکردن هەمیشە کێشە دروست ناکات، بەڵام بەردەوام دەبێت چاوەڕێی پەرچەکردار بیت و ترسێک هەیە. تۆ لە ناخەوە متمانەی تەواوت نییە. هاوکات ئەویش ئاماژەی بەوە کرد کە کێشەیان لەگەڵ دەستوری عێراقی و یاساکانی باری کەسی هەیە و بۆی مەسیحییەکان زیاتر پارێزراو و بێکێشە بن، باشترە ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێن (چاوپێکەوتن: ٢٥. ٢).

سەمیرە حەنا، کە پێشتر فەرمانبەر بووە و کەسێکی دیاری نێو مەسیحییەکانی سلێمانییە، وەڵامەکانی بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر هەمان ئاماژەیان لەخۆدەگرت کە گوتی: مامەڵەی خەڵکی سلێمانی زۆر باش بوو. من لە زانکۆ کارم دەکرد، زۆر متمانەیان پێم بوو. هەر لیژنەیەکی هەستیار بوایە، من دەکرام بە ئەندام و زۆر ڕێزیان دەگرتم. پەیوەندیم زۆر باش بوو، لە لایەن بەرپرسانەوە ڕێزی تایبەتم دەگیرا. من ئازادانە دەمگوت مەسیحیم، بە پێچەوانەوە زیاتر ڕێزم دەگیرا. منیش خۆم لە موناقەشە و ئەم بابەتانە دەبوارد. من لەو کاتەوە لە سلێمانیم ڕووبەڕووی هیچ نەبوومەوە. بەڵام لەم دواییانەدا، کە هەندێک لەو ڕەوتە ئاینیانە دەرکەوتن، کاریگەری هەبوو لەوەی لەسەر ئاستی تاک پەرچەکرداری نەرێنییان هەبێت. تەنانەت لەسەر ئەوانەی کە پێشتر پەیوەندیشیان زۆر باش بوو لەگەڵماندا، پاشەکشە بکەن. ئەمە زۆر جێگای داخە (سەمیرە).

ئالان پەری، ئەوانیش یەکێکن لە بنەماڵە مەسیحییە دیارەکانی شارەکە و ئێستا لە هەندەران دەژی، لەم بارەیەوە گوتی لە سلێمانی کێشەمان نەبووە، چونکە لە سلێمانی بەم دواییە مەسیحییەکان هەر لە نێو گەڕەکەکان پەرت بوون بە حوکمی کولتور و ڕۆشنبیری سلێمانی. مەسیحییەکان هیچ کێشەیان بۆ دروست نەبوو، بەڵکو هەر زۆر ئاسایی مەسیحییەکان لەگەڵ کوردەکاندا دەژیان. من زۆر جار تا خۆم نەڵێم، هەر هەست ناکەن مەسیحی بم، چونکە شارەکە خۆی وایە کە پێش هەمو شتێک، ئەوەیە سلێمانی بیت. هیچکات نە لەسەر کار، نە لە شوێنی گشتی کێشەم نەبووە. هەرچەندە لە منداڵی و هەرزەکاری، بڕێکی زۆر کەم هەبوون، هەندێکجار دەیانگوت ''بۆ نابیت بە ئیسلام ؟'' ، بەڵام دواتر نا، ئەمەش نەما. دەبێت ئەوەش بڵێین ئێستاش هەندێک ڕەوتی کەم هەن ئەوە ڕەت دەکەنەوە و تاڕادەیەک گرفت دروست دەکەن، بەڵام هەم زۆر کەمن، هەمیش کەسانی توندڕەون. ئەگەرچی من تا ڕادەیەک هەستەکەم لە ڕووی سیاسییەوە ئەو دەرفەتە نەبووە و ڕێمان پێ نادرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی کێشە نەبووە، بەڵام لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە کەم تەرخەمی هەیە. بۆیە دەکرێت کاری زیاتری لەسەر بکرێت، چونکە ئێمە هەر لە کۆنەوە بەشێک بووین لە ژیان و مێژووی شارەکە (پەری، چاوپێکەوتن: ٢٥. ٢).

ئاراز نەجیب سراف، کە لە بنەماڵە دێرینەکانی شاری سلێمانین، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە: جیاکاری نەبوو ە لە سلێمانی. زۆر هەڵەیە بڵێم هەیە. من لە دوای دەرچوونمان لە گەڕەکی گۆیژە (گاوران)، لە ١٩٦٧وە لە گەڕەکی داروغا دەژین، کە یەکەم ماڵ بووین لەوێ هیچ گرفتمان نەبووە. سەرەتا هەندێک لە منداڵان گێچەڵیان پێ دەکردین، بەڵام مامۆستاکان بەریان پێگرتن. دواتر زۆریش ڕێزیان گرتین. لە بارەی کولتوری و بۆنە و جل و بەرگ و هێماکانمان، بەربەست نەبووە. تەنها دوای ڕاپەڕین، سەردەمی بەرە کە یاسا کەم بوو، ئەوکات هەندێک ڕەوتی ئاینی وایانکرد ئەو جیاکارییە بکرێت. ئەگەرنا پێشتر بە هیچ جۆرێک ئەم بابەتە نەبوو. هەمیشە هاموشۆمان هەبووە بە تێکەڵی و بێ ئەوەی کێشەمان هەبووێت. ئەوکات نەبێت کە گوتم هەندێک جار هەڵواسینی هێما ترسی ئەوەت هەبوو لە هەندێک شوێن و لە لایەن هەندێک کەسەوە پەرچەکرداری خراپ هەبن وەکو جام شکاندن و شتی وا. هەرچەندە من و ئێمە شتی وامان ڕووبەڕوونەبۆتەوە. دوای دەرکەوتنی داعش و ڕەوتە توندڕەوەکان، جارێکی تر ترسێک ناوچەکەی بە گشتی گرتەوە. بەڵام سلێمانی لە چاو ناوچەکانی تردا زۆر باشترە ( ئاراز سراف، چاپێکەوتن: ٢٥. ٢).

عەبدولمەسیح یوسف یاقوب، کە بەهۆی ئەوەی مامی ماوەیەک قەشەی شارەکە بوو و ئەویش هاوکاریکردووە، زۆر ئاگاداری دۆخی مەسیحییەکانی شارەکەیە. لەم بارەیەوە گوتی: شاری سلێمانی لە هەموو عێراق تایبەتە. ئێمە لە بارەی ئازادییەوە لەم شارەدا کێشەمان نییە. سەبارەت بە یەکسانی دەرفەتی سیاسیش خەڵکی سلێمانی رۆشنبیرن و زۆر جیاوازی ناکەن. بە پێچەوانەوە رێزمان لێ دەگرن لە داب و نەریتەکاندا وەکو ئەوانین. بە پێچەوانەوە کە دەزانن مەسیحین زیاتر متمانەمان پێ دەکەن. کێشەی وامان نییە. بەڵکو ئێمە ترسمان لە سلێمانی هەیە کە شارێکی جوانە و تێک نەچێت. بەڵام لە بارەی بەکارهێنانی خاچ وهێماکانەوە، لەشوێنی گشتی و دامەزراوەکان، بەڵێ، هەندێکجار پەرچەکرداری نەرێنی دەبینین و کەسی توندڕە و هەن ئەوجۆرە رەفتارە دەنوێنن. بەڵام ئەوانیش کەمن. ئەویش زیاتر لەبەر ئەوەی هەرخۆی لە کوردستان یاسا لاوازە و ناتوانێ پارێزگاری لە ئیسلامەکانیش بکات، بۆیە بۆ ئێمەش هەروایە. هەر بۆیە من پێم باشە یاسایەکی باش هەبێت بۆ بەرگرتن لەو جۆرە ڕەفتارە، چونکە خزمەت بە پێکەوە ژیان و جوانی شارەکە ناکات. ئەو هاوکات قسەی لەسەر دەستوور و یاسی باری کەسی عێراقیش هەبوو، کە نەیتوانیوە مافەکانیان وەکو کەمینە ڕەچاو بکات (چاوپێکەوتن: ٢٥ .٢).

مامۆستا فرەنسیس داودی یوسف، کە هەر لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانین و یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی شارەکە و لە بواری پەروەردەدا ماوەیەک وەکو مامۆستا و ماوەیەکیش وەکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کاریکردووە. لەم بارەیەوە شاری سلێمانی بە پێشەنگی پێکەوە ژیان زانی. بەڵام ئەویش هەندێک تێبینی هەبوو. لە وردەکاریدا و گوتی: دەرفەت تا ئێستا بەگشتی باشە، بەڵام وەک دەرفەتی سیاسی زۆر کەمە و ناچینە پێش. سەبارەت بە جیاکاریش لە ژیانکردنماندا جیاکاریمان لەگەڵ نەکراوە لە سلێمانی و لە پیادەکردنی کولتور و بۆنە و جل و بەرگمان، هیچ کێشەمان نەبووە. ئێمە زیاتر خۆمان بە خاوەن بۆنە کوردییەکانیش دەزانین. هیچکات خۆمان بە جیاواز نەزانیوە. هێماش جاران هەر زۆر ئاسایی بوو، بەڵام ئێستا ئیسلامی سیاسی هەندێک بابەتەکەی کەمکردۆتەوە. واتا تا ئەو کاتەی نەبووبووە سیاسی، زۆر باش بوو (چاوپێکەوتن: ٢٥ .٢).
یەکێکی تر لەوانەی قسەی بۆ کردین شوان جەمال عیسا تۆما بوو، کە لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانین و ئێستا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری شارەکە. ئەو بەمجۆرە وەڵامی دایەوە: کێشەیەکی وامان نییە. بەڵام وەکو پێکهاتەیەکی ئەم شارە، لە بەشداریدا کەم دیارین سەرەڕای پێگەمان لە مێژووی شارەکە. دەربارەی جیاکاریش، نەخێر، هەستی پێناکەین هەروەکو هاوڵاتییەکی شارەکەین. بە پێچەوانەوە هەندێک جار، هەر کە دەزانن مەسیحی شارەکەین، زیاتر رێزمان دەگرن لە بەکارهێنانی جل و بەرگ و زمانی خۆمان و هێماکانمان کێشەیەکی وامان نییە. ئێمە بۆنەکانی خۆمان لە ڕێگای کەنیسەوە ئاسایی ئەنجام دەدەین. هەندێک جار لە گەڕەک یان شوێنێکدا کەسێک هەبووە بەجۆرێک ڕوانیویەتی، بەڵام کەمە و زۆر ناتوانین گشتاندنی بکەین (چاوپێکەوتن: ٢٥ .٢).
قەشە ئیس پیتزۆل کە ڕەبەنێکی خەڵکی ئەڵمانیایە و ئێستا قەشەیە لە کەنیسەی مریەم ئەلعەزرا لە سلێمانی. ئەو لە ساڵی ٢٠١٢ ەوە لە عێراق و سلێمانییە و بە پێی ئەو ئەزموونەی لە ناوچەکەدا هەیەتی، بەمجۆرە لێکدانەوەی بۆ ژیانی مەسیحییەکانی ناوچەکە کردوو و بە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی بەراوردیکردن. ئەو گوتی: لە عێراق و بەشێوەیەکی گشتی، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەسیحییەکان بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا پێکدێنن و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن. تەنانەت لە سەردەمی خەلیفەکاندا، مەسیحییەکان خەڵکانی گرنگ بوون لە ناوچەکە. بەڵام ئەمڕۆ مەسیحییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە مەترسیدان، لەبەر ئەوەی لەم سەد ساڵەی دواییدا، فشارێکی زۆر لەسەر کەمینەکان هەیە. بە تایبەت لە لایەن ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی وەکو بنەماڵەی ئەسەد لە سوریا و سەدام حوسێن لە عێراق. درۆکانیان بەرامبەر بە مەسیحییەکان، کە ئەوان وایان دەردەخست پارێزەری ئەوانن، بەڵام لە ڕاستیدا و لە واقیعدا، زۆر پێچەوانە ڕەفتارییان دەکرد. ئەمانە وایان کردووە هەموو کەمینەکان متمانە لەدەست بدەن. تەنانەت لەگەڵ دراوسێکانیشدا. هەرچەندە ڕەنگە ئەمە بۆ سلێمانی زۆر ڕاست دەرنەچێت، چونکە لە سلێمانی، مەسیحییەکان دۆخیان زۆر باشترە و تەنانەت گەڕەکی تایبەت بە خۆشیان نییە. زۆر لەگەڵ دراوسێکانیاندا ئاسودەن. بەڵام لە ناخی خۆیاندا لە ڕووی دەروونییەوە، مەسیحییەکان و زۆربەی کەمینەکان ئاسودە نین.

کە نابێت وابێت چونکە خۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بونیادێکی فرەی هەیە. بۆیە دەبێت ڕۆشنبیرییەکی واشیان هەبێت فرەیی قبوڵ بکەن. هەر بۆیە پێویستە کار بکرێت لەسەر گەڕاندنەوەی ئەم متمانەیە لە لایەن هەمووانەوە. لە لایەن حکومەت و میلەتیشەوە. هەرچەندە، هەروەکو گوتم، پەیوەندییەکە لێرە لە سلێمانی لە لایەن هەموو لایەکەوە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق و تەنانەت سوریاش، کە من ئاگادارم، زۆر باشترە. مەسیحییەکانی سلێمانی ئازادانە دەتوانن بڵێن من مەسیحیم. لە لایەن حکومەت و خەڵکەوە، دڵنیان. چونکە لە سلێمانی مەسیحییەکان بەشێکن لە مێژوو و کلتوری ئەم شارە. بۆیە زۆر ئازادترن لەم شارە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ڕەنگە ئەم بەراوردکردنەی سلێمانی بە ناوچەکانی تر زۆر بەڕوونی لای ئەو مەسیحییانەی کە لە شوێنەکانی ترەوە دێنە سلێمانی و تەنانەت هەندێک لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانیش بە ڕوونی دەربکەوێت، کە بەڵێ سەرەڕای ئەو بابەتی پەرچەکرداری کەمینەیە کە زۆر کەم و لە ئەنجامی هەندێک گۆڕانکاری مێژوویی و دیمۆگرافی و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوە، هاتبنە ئاراوە. بەڵام ئەوان پێیان وایە سلێمانی بۆ پێکەوە ژیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و بێکێشەیە. لەوانە لیڤیار موزەففەر مەتا، کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە لێرە دەژین و پێشتر باوانی لە هەولێرەوە هاتوون دەڵێت: بە پێچەوانەوە، سلێمانی زۆر ڕێزمان لێ دەگرن و هیچ کێشەمان نییە و مافەکانمان پارێزراوە. دەتوانم بڵێم ئێمە لە کەمینەکانی تر زیاتر مافمان پارێزراوە. جیاکاری بە ئەرێنی زیاترە لە نەرێنی و لە سەدا نەوەد مامەڵەی ئێمەیان پێ خۆشە. ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوریشمان، زۆر ئاسایی بەڕێ دەکەین. بۆ هێماش، من خۆم هیچ کێشەم نەبووە، تەنانەت لە بەکارهێنانی سەڵیبیش (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هاوکات ئێمە چەند کەسێکمان لەوانە دواند کە بە هۆی دۆخی ناوچەکانیانەوە لە دەرەوەی هەرێم و تەنانەت دەرەوەی عێراقیشەوە ڕوویان کردۆتە سلێمانی. ئەوانیش پێکەوە ژیانیان لە سلێمانی زۆر باش دەنرخاند. لەوانە مەجد شەحادە کە بەڕەچەڵەک مەسیحی شاری دیمەشقی سوریایە و نزیکەی شەش ساڵە لە سلێمانی دەژی گوتی: لە سلێمانی چەندە فرەیی زۆرە، هاوکات یەکتر قبوڵکردنیش زۆرە. کە ئەمە هۆشیاری پێویستە و شتێکی زۆر جوانە لە سلێمانی. من زۆر بە ئاشکرا دەتوانم بڵێم من مەسیحیم و هیچ جۆرە پەرچەکردارێکی نەرێنیم نەبینیوە. بۆ کوێ دەڕۆم، ڕێزی زۆرم دەگرن، بە تایبەتی کە دەڵێم مەسیحیم، چونکە متمانەیان دەبێت و جیاواز تەماشا دەکرێین بە ڕێزەوە. لەبەرئەوەی زۆر جار ئەوانی تر مامەڵەی خراپیان کردووە لە گەڵیاندا، بۆیە لەگەڵ مەسیحیدا، هەست بە (ئەمان)دەکەن. دەربارەی مامەڵەی خەڵکی سلێمانیش، ئەوان خەڵکی زۆر باش و دڵسافن بە فیترەت کراوەن و بەرامبەر قبوڵ دەکەن. حکومەتیش مامەڵەیان باشە. من لە کەنیسەی ئێرەوە دەزانم، بەراورد بەشوێنەکانی تر، ناسیاو و هاوڕێم هەیە. بەڵێ بۆ مەسیحی جیاوازی هەیە لە ڕێز و پێگەی ژیان لە سلێمانی لە چاو ناوچەکانی تر. لێرە ڕێز هەیە. کەس دەست ناخاتە تایبەتییەکانمان. زۆر کەم بێڕێزی هەیە. بە دڵنیاییەوە من خۆم هەستم بەوە کردووە نەک بۆم گێڕابێتەوە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

رافل ئەمیر زەید ئەلخوری، کە لە بەغداوە هاتوون و لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لە سلێمانین، گوتی: ئێمە بەهۆی مەترسییەکانەوە هاتین و بەهۆی هەڕەشەکانی کە لە مەسیحییەکان دەکران، ئێمە بەغدامان بەجێ هێشت. هەرچەندە ئێمە وەک ماڵی خۆمان هەڕەشەمان لێنەکرا، بەڵام باوکم هەر بۆ ئەوەی پارێزراوبین گوتی: ''با بچینە سلێمانی''. ئیتر بە هۆی هاوڕێکانی باوکمەوە هاتین بۆ سلێمانی و دەستمان کرد بە ژیانی ئاسایی. ئێمە چوینە مەکتەب و هێدی هێدی تا چوینە کۆلیج و دەستمان بە کارکرد و لێرە جێگیر بووین و نەگەڕاینەوە بۆ بەغدا، چونکە ناسیاو و خزمانمان لەوێ نەمابوون و ئێمەش بێرە ڕاهاتین. بۆیە نەگەڕاینەوە. سەبارەت بە مامەڵەی خەڵکی سلێمانی، زۆر باشن. من پێموایە لە هەموو شوێنەکانی دیکە بۆ مەسیحی باشترن. من لێرە بە ئاشکرا دەتوانم بڵێم من مەسیحیم. سلێمانی لە هەموو شوێنێک زیاتر ڕێزی مەسیحی دەگرن و ئێمە ئاسودەین. بۆنەکانمان بە ئازادی دەکەینەوە و زۆر ئازادانە دەتوانین بڵێین ئێمە مەسیحین. لە بەراوردکردندا دەتوانم بڵێم، هەرێمی کوردستان بە گشتی لە ناوچەکانی تر باشترە، بەڵام هەولێر بەهۆی بوونی عەنکاوە وەک کۆمەڵگایەکی مەسیحی، هەست بە هەبوونێکی زیاتر دەکەی. لە سلێمانی تەنها ئەوە نییە، ئەگەرنا هەر زۆر باشن (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هودا شەماس، ئەویش هەرچەندە بە هۆی هاوسەرگیری کردنەوە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە سلێمانی دەژیت، بەڵام ئەو لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمەوە هاتۆتە شارەکە و لە نەوەدەکانەوە بە پچڕپچڕ لەم شارەدا ژیاوە. گوتی: لە بارەی یەکسانی لە ژیان و مافەکان، من تێبینی ئەوە دەکەم کە مەسیحییەکان لە عێراق زۆر نزیکن لە کوردەکانەوە لە داب و نەریت و ژیانی خێزانی. ئێمە کە هاتینە سلێمانی، هیچ قورسیمان نەبینی، بە پێچەوانەوە پێکەوەژیان لەگەڵ کورددا زۆر ئاسانە. لە بارەی ژیانی ئاسایی دەڵێت زۆر بە پێچەوانەوە، کە دەزانن مەسیحین، زۆر زیاتر ڕێزمان لێدەگرن. وەک خۆم، هیچ هەستم بە کێشە نەکردووە لەگەڵیاندا، بە پێچەوانەوە ئێمە زیاتر لە کوردستان هەست بە ئاسودەیی دەکەین (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هەروەها قەشە ئەیمەنیش لە قسەکانیدا هەمان ئەو بۆچوونەی پشتڕاستکردەوە کە بەڵێ شاری سلێمانی بە جوانی ئامێزی بۆ ئەو مەسیحیانە کردۆتەوە، کە لە ناوچەکانی ترەوە ڕوویان تێکردووە. گوتی: دوای کۆچی مەسیحی بۆ شارەکە، سلێمانی زۆر بە جوانی و بە باشی پێشوازییان لێکرد و ئەوان هەستیان بە جێگیری و قبوڵکردن و پێکەوەژیان کرد لەگەڵ خەڵکی سلێمانیدا. هەڵوێستی مام جەلال زۆر جوان بوو دوای ڕوخانی کەنیسەی سەیدە نەجات، کە کرێی مانگانەی خانووی بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ دابینکرد تا جێگیر بوون. بۆیە دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە، هەندێکیان گەڕانەوە و هەندێک چوون بۆ هەندەران، بەڵام هەندێکیان لێرە مانەوە. دواتر دوای داعشیش نزیکەی ١٨٠ خێزان هاتن، کە ئەوانیش هەندێکیان گەڕانەوە و هەندێکیان هەر لێرە مانەوە و زۆر ڕازین لە مامەڵەی کوردەکان. ئەمە ڕەفتارێکی زۆر جوانە لە لایەن خەڵکی سلێمانییەوە، دەیسەلمێنێت کە بە کردەوە شاری پێکەوەژیان و خۆشەویستییە. من ئومێدەکەم مەسیحییەکانی سلێمانی لەسەر خاکی ئەم شارە بمێننەوە و ئەم پێکەوەژیانە مێژووییە بەردەوام بێت، چونکە ئەمە کولتورێکی جوانە بۆ کورد و بۆ مەسیحییەکانیش لە شارەکەدا. هۆکار دەبێت بۆ جێگیربوونی مەسیحییەکان و مانەوەیان لەم شارە و ئاماژەیە بۆ ڕێزی ئەم شارە لە پێکەوەژیان و مەسیحییەکان، چونکە چەندین شوێنی ئەم عێراقە هەیە مەسیحی لە سلێمانی زیاتر لێ بووە، بەڵام ئێستا کۆتاییان هاتووە و کەسی لێنەماوە. ئەمەش دیاردەیەکی ناشارستانی و نەخوازراوە لە مێژوودا (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ڕستییەکەی لوسی بەحۆ جبرایل شوشەندی، کە لە حەمدانیەوە، بە هۆی ڕووداوەکانی داعشەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە ڕووی کردۆتە سلێمانی، تێڕوانینێکی تری هەبوو. ئەو گوتی: من پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٦ هاتمە سلێمانی، ڕوانیم مامەڵەیەکی زۆر جوانیان هەبوو، زۆر مرۆڤانە بیریان دەکردەوە و ڕێزی مەسیحییان دەگرت. بۆیە من هەوڵمدا هەر ڕاژەکەم بگوازمەوە بۆ سلێمانی وماڵم بێنمە ئێرە، بەڵام گوتیان ناکرێت. ئەو گوتی: من تا ئێستاش هەر نەگەڕاومەتەوە لەبەر ئەوەی ناوچەکەی خۆمان ئەمانەی تێدا نییە. لە بارەی ژیانی سلێمانیشەوە گوتی: من کە هاتمە سلێمانی لەسەرەتاوە زۆر مامەڵەیان جوان بوو. هەندێک هەر بە پێچەوانەوە کە دەیانزانی مەسیحیت، زیاتر ڕێزیان دەگرتیت. لە بارەی پەرچەکرداری نەرێنییەوە، جارێکیان من ڕووبەڕووی حاڵەتێک بومەوە: من لە جادەی ئۆرزی دەڕۆیشتم و سەڵیبەکەم لە مل بوو، یەکێک کە بە دەربڕینەکەی خۆی گوتی "لەمانەی شەرواڵەکەی کورت بوو" و ڕیشی هەبوو، کە منی بینی ڕووی کرد بەولاوە و گوتی "سەڵیبیە". بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لەم ساڵانەی دواتر شار گۆڕاوە و لە ژێر کاریگەری ئەم بیرۆکە نوێیانەی کە لە هەندێک کەناڵ و هەندێک سەکۆ و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێنەوە - کە دەڵێن "جەژنە پیرۆزەیان لێ مەکەن" و "تێکەڵییان مەکەن" - ڕۆڵی هەبوو لەوەی هەڵوێستی بەشێک بگۆڕیت، خۆ ئەگەر کەمیش بن (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هاوکات گەشاو حسێن عەبدولکەریم، کە لەو کوردانەیە تازە ئاینی گۆڕیوە بۆ مەسیحی، باسی لەوەکرد کە بەڵێ لەم دواییانە جیاکاری هەبوو، تایبەت بۆ ئەوانەی وەکو من ئاینمان گۆڕی بوو. زۆر نەماندەتوانی خۆمان ئاشکرا بکەین، چونکە گرفتی بۆ دروست دەکردین، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەو ڕەوتە ئاینییە توندڕەوانە پەرەیان سەند. ئیدی هێرش و سوکایەتی زۆرتر بوو (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

له لایەکی ترەوە دەربارەی پیادەکردنی بۆنە و مەڕاسیمە ئاینییەکانیان، ئەوا تەواوی ئەو کەسانەی ئێمە دواندمانن، جەختیان لەوە کردەوە، کە لە پیادەکردن و یادکردنەوەی بۆنەکانیاندا لەم شارەدا تا ئێستا هیچ کێشەیان نەبووە، بە پێچەوانەوە هەست دەکەن ڕێزی بۆنەکانیان زۆر دەگیرێت و تەنانەت لە لایەن موسڵمانانی شارەکەوە بەشداری بۆنەکانیشیان دەکرێت و پیرۆزباییش دەکرێن. لەم ڕووەوە قەشە ئەیمەن گوتی: ئێمە بۆنە ئاینییەکانمان زۆر ئازادانە پیادە دەکەین و هیچ کەس و لایەن و حکومەتیش دەست وەردان و ڕێگری ناکەن، بە پێچەوانەوە هەر بۆ نموونە لەم سەری ساڵەدا، بەشێک لە ئیسلامەکانیش هاتوبوون و بەشدار بوون لە بۆنەکەمان و زۆر جوان بوو، هەستمان بە دڵخۆشی و ئارامی کرد، کەشێکی جوان بوو. ئەمەش نموونەی ئەوەیە کە ئازادی پەرستش هەیە و ئێمە زۆر پێیدەزانین. من خۆم هیچ ڕۆژێک ئەم هێمای کاهینییەی کە نیشانەی قەشەیە، کێشەیەکی بۆ دروست نەکردووم و بە گشتیش هێما و بۆنە هیچ کێشەیەکی وای دروست نەکردووە و نە بۆتە کێشە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هاوکات قەشە پیتزۆلیش گوتی: بە پێچەوانەوە، بەشێکی زۆر لە بەرپرسەکانی سلێمانی لە کاتی مەڕاسیمەکاندا سەردانی مەسیحییەکان دەکەن، تەنانەت لە بۆنە نائاینییەکانیش. ئێمە بۆنە ئاینییەکانمان لە سلێمانی زۆر بە ئازادی دەکەین، تایبەتی لە سلێمانی میدیاکان بەشدار دەبن و خەڵکی گشتیش بەشدار دەبن (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). لیڤیار موزەفەر و سەمیرە حەنا تەنانەت جەختیان لە سەردانی بەرپرسەکانیش کردەوە. لیڤیار تەنانەت گوتی هەندێک جار بەرپەرسی ڕەوتە ئیسلامییەکانیش دێن (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥)، هەرچەند زۆربەیان تێبینی ئەوەیان هەبوو، هەندێکجار لە لایەن هەندێک پیاوی ئاینییەوە لە سەکۆ جیاجیاکان داوادەکرێت کەس نەچێتە جەژنەکانیان و پیرۆزبایییان لێ نەکرێت، کە ئەمە برینداریان دەکات.

ڕاستییەکەی بەشی هەرە زۆری گێڕانەوەکان ئەوەیان ڕوون دەکردەوە کە ئەم دیاردەی پەرچەکرداری سلێمانیش دیاردەیەکی نوێیە. جاران بەو جۆرە نەبووە، کە زۆربەیان هۆکارەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ بە سیاسی کردنی ئاین و دەرکەوتنی ڕەوتی ئاینی توندڕەو، تایبەتیش لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە. کە هەندێکیشیان پێیان وابوو ئەو فراوانبوونەی شاری سلێمانی و گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەی بەسەریشیدا هاتووە تا ڕادەیەک ڕۆڵی هەبووە لەم بارەیەوە. دیلان سەڕاف گوتی: سلێمانی پێشتر وا نەبووە. ئەمە دەرەنجامی ئەو ڕەوتە ئاینییە سیاسییەیە، کە تایبەت لە دوای نەوەدەکانەوە پەرەیان گرت. چونکە ئەوەی بۆمان دەگێڕدرێتەوە دەری دەخات پێشتر وا نەبووە. ئەمەش حاڵەتێکە لە لایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە نییە، بەڵکو لە ناو خەڵکەوەیە. بەڵام خۆ دەبێت حکومەت کاری لەسەر بکات (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هاوکات ئاراز سەڕافیش کە لە قسەکانی پێشوودا ئاماژەی بە ڕۆڵی ڕەوتە ئاینییە سیاسییەکان دا، گوتیشی: فراوانبوونی سلێمانیش ڕۆڵی هەیە لەمەدا. جاران زۆر باشتر بوو. ئەم فراوانییە کاریگەری بووە. ئەو تێکەڵییەی جاران هەر بەگشتی نەماوە. ئێمە جاران هەستمان نەدەکرد جیاوازین. هەمیشە لە ماڵی یەکتر بووین، لەگەڵ موسڵمانەکاندا لەسەر سفرە و خوانی یەکتر بووین. هاوڕێیەتیمان زۆر خۆش بوو لەگەڵ پیاوانی ئەوکات. لە ڕۆشنبیر و پیاوە ماقوڵەکان پەیوەندییەکە زۆر زیاتر بوو (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). شوان جەمالیش هەر گوتی: زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شار ڕۆڵی هەبووە لەمەدا، چونکە ئێستا خەڵکی تریش هاتوونەتە ناو شارەکە، کە تیایاندایە هەمان ڕۆشنبیری سلێمانی جارانیان نییە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). عەبدولمەسیح یوسفیش هەر ئاماژەی بەوەکرد کە: سلێمانی پێشتر جوانتریش بوو، زیاتریش ڕێزمان دەگیرا. بەڵام دوای ئەم قەرەباڵغبوونە و هاتنی لادێکان و خەڵکی دەرەوەی سلێمانی، تا ڕادەیەک کاریگەر بووە لەوەی داخرانێک هەبێت. ئەگەرنا پێشتر سلێمانی وا نەبوو (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هەرچەندە ئالان پەری ئەمە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: نەخێر، شاری سلێمانی فراوانیش بووە هەر وەکو خۆیەتی بۆ پێکەوەژیان. هەمیشە و هەتا ئێستاش مەڕاسیمەکان و بۆنەکان هەر بەیەکەوە کراون. بەڵام دەشڵێت: هەرچەندە دوای چوونەوەم هەستەم دەکرد ترسێک هەیە، بە تایبەت ئەوانەی لە خوارەوە هاتوون، چونکە لە شارەکەدا نەژیان و نایناسن. کاتی دەوێت تا بیناسن (پەری، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

بەڵام لوسی بەحۆ، هەروەک باسکرا کە یەکێکە لەو مەسیحییانەی کە لە ناوچەی حەمدانییەوە لە ئەنجامی هێرشەکانی داعشەوە ڕووی کردۆتە سلێمانی و لە ۲۰۱٤وە لە سلێمانی دەژی، لە گێڕانەوەکانیدا ئەم گۆڕانەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: کە لە ۲۰۱٤ هاتینە سلێمانی، ئەم شارە زۆر جوان مامەڵەیان لەگەڵدا کردین و تایبەت بوون. زۆر هەستم بە ئاسودەیی دەکرد. تەنانەت من بڕیارم دابوو لەم شارەدا جێگیر بم و کۆچ نەکەم. بەڵام بەڕاستی لە دوای ۲۰۱۸ بەدواوە دۆخەکە گۆڕا و تێڕوانینەکان گۆڕان، بە ڕادەیەک کە من لەو گەڕەکەی تێدا دەژیم، دراوسێم هەبوو. هەموو ساڵ دەهاتنە جەژنە پیرۆزەم. من لە جەژنەکاندا کولیچەم بۆ دەبردن و جەژنمان لە یەکتر پیرۆز دەکرد. بەڵام ئێستا دوو ساڵ دەبێت ئەوان تەواو گۆڕاون و ئەمە ناکەن. تەنانەت کولیچەشیان بۆ دەبەم لێم وەر ناگرن. هەربۆیە من ئێستا بڕیارم داوە ئەگەر دەرفەتێک ڕێک بکەوێت کۆچ بکەم. کە من ئەمە بۆ کاریگەری هاتنی ئەو بیرۆکە پەڕگیرانە دەگێڕمەوە، کە لەگەڵ هاتنی ئەو شەپۆلە زۆری عەرەبی خواروو و ناوەڕاست هاتنە سلێمانی، کە ئەمانە بە بۆچوونەکانیان و بڵاوکردنەوەی بۆچونی دژ بە پێکهاتەکانی تر کاریگەرییان بوو لەسەر کوردەکانیش. دواجار دۆخی پێکەوەژیانیش زیانی پێگەیشت (چاوپێکەوتن: ۲۰۲٥).

کاتێکیش ئەو گێڕانەوانەی لای سەرەوە بەراورد دەکەیت بە گێڕانەوەکانی ئەو کەسانەی پێشووتر لە شارەکە بوون و لە ژیانی پێشووتر ئاگادارن، دەردەکەوێت بەڵێن پێشتر باشتر بووە. بۆ نموونە سەباح قەدوری کە لە دایکبووی ساڵی ۱۹٤۳یە و لەو بنەماڵانەیە کە لە گەڕەکی گۆیژە بوون، لە گێڕانەوەی پەیوەندی سەردەمی ئەواندا لەگەڵ ماڵە موسڵمانەکاندا گوتی: ئێمە لە گەڕەکەکەمان، کە ناوی گاوران بوو، من هیچ جیاوازیم نەبینوە. زۆر باش بووین لە ژیاندا. ئێمە زۆربەمان لە دەوری کەنیسەکە بووین، هەندێکی ترمان لە گەڕەکەکانی تریش دەژیان. لەو گەڕەکەی خۆمان لەگەڵ دراوسێ موسڵمانەکاندا بەردەوام تێکەڵا و بووین و لە ماڵی یەکتردا بووین و نان دەخورا و نان دەکرا. زۆربەمان شیرمان بەیەکەوە خواردوە و براین بە شیری. هیچکات هەستمان نەدەکرد جیاوازییەک هەیە. بۆنەکانمان زۆر ئاسایی دەکرد و بوونی هێماکانمان زۆر ئاسایی بوو. ئێمە دەچووینە جەژنی ئەوان، ئەوان دەهاتنە جەژنی ئێمە و لە یەکتر پیرۆزمان دەکرد. ئەوەی منیش ئاگاداربم، خەڵکێکی زۆری مەسیحی هاتوونەتە سلێمانی و زۆربەی مەسیحییەکان پەرت بوون لە ناو سلێمانی و هەندێک ئەرزەیان وەرگرتوە. من وا هەستەکەم کێشەیەکی وایان نییە. هەشمانە چونەتە ناو حزبەکان و پۆستیان هەیە. مەسیحییەکان لە هەموو هەرێم ئازادانە دەژین. پەیوەندییەکان زۆر باشن، کەنیسەکان هەن و پارێزراون و حکومەت کێشەی نییە بۆیان. هەمانە هەر خۆمان بە کورد دەزانین و من خۆمان بە کوردستانی دەزانم. ڕاستە کورد نین بەڵام خەڵکی کوردستانین. من هیچ ڕووداوێکی وام نەبیستوە ڕوویدابێت، خۆ ئەگەر هەبوایە من دەمنووسی (چاوپێکەوتن: ۲۰۲٥).

سەرجۆن سیمانۆس تۆماس، کە لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانییە و ئێستا لە هەندەرانە، هەر لەم ڕووەوە گوتی: ئێمە لە سلێمانی هیچکات هەستمان بە جیاکاری نەکردووە بە هۆی مەسیحی بوونەوە. بە پێچەوانەوە جوانتر مامەڵە دەکراین، ئەویش بە هۆی جوانی شاری سلێمانییەوە، چونکە هەر ڕەنگاوڕەنگ بووە و پێکەوەژیان هەبووە. وەکو ئەوەی کەس و کارەکانمان بۆیان گێڕاوینەتەوە، زیاتر بایەخی داوە بە کەمینەکان لە شارەکانی تری هەرێم و عێراق. بە درێژایی ژیانمان لە بۆنەکانمان، لە بەکارهێنانی هێماکانمان، لە جەژنەکانمان هیچ بەربەستمان نەبووە و نەمانشاردۆتەوە و کەسیش هیچی نەگوتووە. بەردەوام بە هاتنیان لە بۆنەکانمان دڵخۆشیان دەکردین. لە ماڵ و لە کەنیسە دەهاتن. لە دوای نەوەدەکانەوە سلێمانی فراوان بوو، ئێمەش وەک مەسیحییەکان لە قاڵبی سابونکەران دەرچوین. ئەو جوگرافیای دیاریکراوە نەما و دابەش بووین بەسەر گەڕەکەکاندا. ئێمە هەرخۆمان پێشتریش لە گاوران نەبووین، لە سابونکەران بووین و دراوسێکانمان ئیسلام بوون. کێشەشمان نەبوو، پەیوەندیشمان زۆر پتەوتر بووە لە خیزانە مەسیحییەکانی لە نێو خۆیاندا (چاوپێکەوتن: ۲۰۲٥).

کەواتە بەروار لەگەڵ گێڕانەوەکانی تردا، ئەم پەرچەکردارە کەسییەی کە ئاماژەی پێکرا دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە سیاسی و دیمۆگرافییەکانی ئەم دواییانەیە و پێشتر لە سلێمانی ئەگەر هەبوبێت لە ئاستێکی کەمدا بووە، کە هەستی پێنەکراوە. زیاتریش ئەم دیاردەیە لە دوای دەرکەوتنی هەندێک ڕەوتی ئاینی توندڕەو لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق و هەندێکی تری کوردستان کە لەم دواییانەدا ئاینیان تەنها بە مەبەستی سیاسی بەکارهێناوە و پەرەی سەندووە.

بابەتێک کە لە گێڕانەوەکاندا دەردەکەوێت ئەوەیە کە مەسیحییەکانی سلێمانی هەرچەندە پێشتر زۆربەیان لە گەڕەکی گاوران دەژیان، بەڵام ئەوکاتیش هەندێکیان لە نێو گەڕەکەکانی تردا ژیاون. ئەوانەی لەو گەڕەکە ژیاون لە بەر نزیکی لە کەنیسە بووە، تایبەت ئەوکات هۆکاری گواستنەوە کەم بووە. ئەگەرنا لەوە بەدواوە، ئێستا مەسیحییەکانی سلێمانی هەروەکو ئیسلامەکان لە نێو گەڕەکەکاندا بڵاون. هیچ گەڕەکێک یان جوگرافیایەک نییە جیایان بکاتەوە، کە ئەم بابەتەش جارێکی تر لە وەڵامی ئەو کەسانەی کە دواندمانن جیاوازییەکی خستبووەوە. هەندێکیان هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا بە خاڵی ئەرێنی دەزانن و پێیان وایە گوزارشت لە نەبوونی جیاوازی دەکات، بەڵام هەندێکی تریان بەجۆرێکی تر لە بابەتەکە دەڕوانن و پێیان وایە لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە دیاردەیەکە گوزارشت لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات لە سلێمانی، بەڵام هاوکات دەبێتە مەترسی لەسەر توانەوەیان و نەمانی هەستی مەسیحیبوون و کێشە بۆ بەردەوامی زمان و کولتورەکەیان دروست دەکات. لەم بارەیەوە دیلمان سەڕاف گوتی: بۆ ئەمە دوو ئاڕاستە هەن. هەندێک دەڵێن توانەوە و مردنی کولتور و زمانە، هەندێکی تریان دەڵێن ئەمە نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیانە. بەڵام هەرچەندە نموونەی جوانی پێکەوەژیانیش بێت، بەدڵنیاییەوە بۆ زمان کاریگەری نەرێنی دەبێت، چونکە بەم جۆرە زمانەکە لە نێو کۆمەڵە کەسێک کە هاوزمانن بەکارنایەت و لە ماڵدا قەتیس دەمینێت. هاوکات ئەمە ئەوەی لێ وەرگرتینەتەوە کە وەکو شوێنەکانی تری کە هەموان مەسیحین، نەتوانین هەستەکانمان دەرببڕین (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هودا شەماسیش هەمان بابەتی وروژاند و گوتی: لە سلێمانی کێشەی مەسیحییەکان ئەوەیە لە یەک دوورن و پەرتەوازەن. بۆیە کەشێکی تایبەت بۆ مەسیحی دروست نابێت کە دڵخۆشی تێدا بێت. ئێمە حەزمان بەو کەشانەی عەنکاوە و شوێنەکانی وەکو دهۆک هەیە لێرە، بەڵام تەنها لە کەنیسە و لە بۆنەکان یەکتر دەبینین. بۆیە ئێمە ئەو هەستەمان لە سلێمانی بۆ دروست نابێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

سەمیرە حەناش گوتی: بۆیە پەرتین لە سلێمانی چونکە سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی شاری ئاشتییە و شاری پێکەوەژیانە، شاری ڕۆشنبیرییە. هاوکات دوای هاتنی ئاوارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقیش، ئەوانیش هەر بە پەرتی لە گەڕەکەکاندا ژیان بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکیان ببێت. بەڵام ئەوەش ڕاستە ئەمە ڕەنگە هەمان ئەو هەستەمان پێ نەبەخشێت کە لە ناوچەکانی تردا هەن کە گەڕەکەکان بەتەواوی مەسیحین (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هەر لەم سۆنگەیەشەوە دیلان سەڕاف گوتی: بۆیە ئێمە وەکو مەسیحییەکانی سلێمانی ئێستا لە ژێر دوو فشاردابین. یەکیان فشارە گشتییەکەی کۆمەڵگایە لە نەبوونی خزمەتگوزاری و موچە و یەک دونیا گرفتی تر. ئەوی تریش فشاری پاراستنی زمان و کولتور و بوونی خۆمانە وەکو مەسیحی. ئێمە وەکو هەموان یەک دونیا کێشەی ترمان هەیە، سەربارەی ئەم فشارەی خۆپارێزی و کولتورپارێزی و زمانپارێزییە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

بە گشتی لە وەڵامەکاندا ئەوە ڕوون بووەوە کە هەرچەندە هەموویان لە دۆخی پێکەوەژیان بەشێوەیەکی سەرەکی ڕازین، بەڵام تێبینیشیان هەیە. تێبینییەکانیش زیاتر لە ئاستی ڕەفتاری کەسیدا و دەرهاویشتەی دۆخی دیاریکراون، نەک بەشێک بێت لە سیاسەتی حکومەت یان کۆمەڵگا بە گشتی. بەڵکو ئەم دیاردەیەی ئێستا هەیە و ئەو پەرچەکردارەی لە لایەن ژمارەیەکی کەمەوە چاوەڕوان دەکرێت بەشێک نەبووە لە مێژووی پێکەوەژیانی سلێمانی. زیاتر لە ئەنجامی هەندێک گۆڕانکاری دیمۆگرافی و پێشهاتی سیاسی و ڕووداوی توندوتیژییە کە تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وا دەکات ئەوان هەمیشە هەست بە نادڵنیاییەک بکەن، کە ئەمەش دواجار وای لێکردوون تا ڕادەیەک سڵ لە خۆئاشکراکردن بکەنەوە لە هەموو شوێنێک و دواجار داخرانێکیان هەبێت بەسەر خۆیاندا. ئەمەش ڕاستە لەسەر ئاستی گشتی و حکومەتدا نییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەگەر چارەسەری بۆ نەکرێت و کەمتر نەکرێتەوە، دواجار دوو ڕووداوی لەوەی دهۆک لە جەژنی ئەکیتۆی ئەمساڵ ڕوویاندا، ئەوەندەی تر دۆخی دەروونیان شڵەژاو بکات و سڵ لە تێکەڵبوون و ئەنجامدانی بۆنەکانیان و ژیانی ئاسایی بکەنەوە. هەر بۆیە ڕاستە حکومەت هاوکاریانە، بەڵام بۆ پاراستنی ئەوان و دۆخی پێکەوەژیانی ئاشتییانە پێویستە لەسەر ئاستێکی فراوانتر و وردتر کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو نادڵنیاییە بکات و بڕیاری تایبەت لەم بارەوە بدات، تایبەت بەرامبەر بەو کەسانەی لە سەکۆ جیاجیاکانەوە لە لایەک هەستی ئەمان بریندار دەکەن، لە لایەکی ترەوە دەبنە هۆی زیاتر هاندانی ئەو کەسانەی پەرچەکرداری خراپیان هەیە. بەو مانایەی ئەگەر یاسا بۆ هەموانیش سەروەر نەبێت وەک ئاماژەی پێکرا، بەڵام بۆ پاراستنی(ئەمان)دەبێت کاراتر و پەرۆشتر بێت، چونکە دۆخی ئەمان تایبەتە و کاریگەری دەکاتە سەر کۆی پرۆسەی حکومڕانی لە کوردستان و لە شاری سلێمانیش.

لە لایەکی ترەوە دەرکەوت کە لە ڕووی بەشداری سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە هەندێکیان هەست بە نایەکسانییەک دەکەن. بۆیە جارێکی تر دەبێت حکومەت و دەسەڵات بە پێی ڕێژە کار نەکات، بەڵکو ڕەچاوی پێگەی مێژوویی و ڕۆڵی ئەوان بکات لە ژیانی گشتی شارەکەدا و لێرەشدا تایبەتتر مامەڵە لەگەڵ ئەواندا بکات بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە بوونی خۆیان و پێگەیان بکەن. هاوکات دەرکەوت ئەوان گرفتیان لەگەڵ دەستوری عێراق و یاسای باری کەسییەتی هەیە، کە ئەمیش جارێکی تر ئەو ئەرکە دەخاتە سەر حکومەت و دەسەڵاتە خۆجێییەکان و پەرلەمانی کوردستان هەندێک هەنگاوی تایبەتتر و جدیتر بنێن. هەرچەندە ڕاستە ئەمە پەیوەندی بە دەستوری عێراقییەوە هەیە، بەڵام دەبێت هەرێم ئەوە بقۆزێتەوە کە ئەو لە ڕووی مێژووییەوە فرەپێکهاتەیە. بۆیە کار لەسەر ئەوە بکات فشار لە ناوەند دروست بکات لە ڕێگای ئەندام پەرلەمانەکانییەوە بۆ لانی کەم بەدەست هێنانی مافێکی بەدەرکراو (ئیستسنائی) بۆ هەرێم لە بڕیاردان لەم بارەیەوە. هاوکات حکومەتیش چەند بڕیارێکی تایبەتتریان بۆ دەربکات کە تا ڕادەیەک ئەم مافانەیان بۆ دەستەبەر بکات.

### زمان:

سەبارەت بە پرسیاری زمان و ڕۆڵی حکومەت لە پاراستنی زمانەکەیان و هەبوونی قوتابخانە بە زمانی ئەوان لە شارەکەدا، ئەوا کۆی وەڵامەکان جەختیان لەسەر نەبوونی قوتابخانەی حکومی تایبەت بە زمانی ئەوان لە شارەکەدا کردەوە. سەرجەمیشیان هۆکارەکەیان بە کەمی ڕێژەی ئەوان و پەرتیيان لە ناو شارەکە دەزانی. جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کەنیسە زیاتر ئەم ئەرکەی لە ئەستۆیە. بۆیە تەنانەت هەبوونی قوتابخانەی ڕاهیبەکانیش لە سلێمانی هەر لە چوارچێوەی گشتی وەزارەتی پەروەردەدایە و بە زمانی خۆیان نییە و بۆ هەموو پێکهاتەکانی سلێمانییە. هاوکات لە بارەی مەترسی لە ناوچوونی زمانەکەیان، ئەوان زۆربەیان ئەوەیان دەگوت لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە بەکاری دێنن بۆیە مەترسی لەسەر لە ناوچونی کەمە. بۆ نموونە سەمیرە حەنا گوتی: بە زمانی خۆمان مەکتەبمان نییە. تەنها لە کەنیسە ڕۆژانی هەینی خولمان هەیە بۆ فێربوونی زمانەکە. هاوکات لە نێو خۆمان بەکاری دێنین. بۆیە هەست ناکەم مەترسی لەسەر بێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). قەشە ئەیمەنیش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو. گوتی: قوتابخانەی بە زمانی خۆمان نییە، بەڵکو کەنیسە ئەم کارە دەکات. چونکە ژمارەمان کەمە. خۆشمان لە نێو خۆماندا بەکاری دەهێنین. لەبەر ئەوەی یەکێکە لە زمانە دێرینەکانی ناوچەکە کە تا ئێستا هەر ماوەتەوە. بۆیە من پێموایە مەترسی لەسەر نییە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هەریەک لە شوان جەمال و لیڤیار موزەفەر و هودا شەماس و خالید جەمال ئەلبێرتیش هەر هەمان بۆچوونیان هەبوو.

مامۆستا فرانسیس داود لە بارەی نەبوونی قوتابخانە بە زمانی خۆیانەوە بۆچوونێکی تری هەبوو. گوتی: قوتابخانەمان نییە، چونکە ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەسەر قوتابخانەی گشتی ڕاهاتووین. سەبارەت بە مەترسی سەر زمانەکەش، لە ماڵەوە و لە نێو خۆماندا بەکاری دێنین. مەترسی کاڵبوونەوەی لەسەر نییە، نەوەکانیش هەر بەکاری دێنین. ئەم زمانە مێژوویەکی دێرینی هەیە هەر ماوەتەوە. ڕاستە ئێمە ناتوانین منافەسەی کوردی و عەرەبی پێ بکەین، بەڵام باوەڕیش ناکەم لە ناوبچێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ئاراس سەڕافیش لەم ڕووەوە سەرەڕای دووپاتکردنەوەی هەمان ئەو زانیارییانە، هاوکات ئەوەی گوت کە: ئێمە جاران لە ناو ماڵی خۆماندا هەر بە کوردی قسەمان دەکرد لەو ڕوانگەیەوە کە خۆمان بە کورد دادەنا. بەڵام ئێستا کەمتر. هاوکات ئازادی لەوەی لە ماڵێ خۆت چۆن قسە دەکەیت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). ئەمەش ئەوەیە کە قەشە پیتزۆل سەرەنجی دابوو و وەکو تایبەتمەندی شاری سلێمانی باسیکرد. سەرەڕای ئەوەی پێی وابوو زمانەکە لە مەترسیدایە بە تایبەت لای نەوەی نوێ، چونکە لە سلێمانی زۆربەی مەسیحییەکان هەر خۆیان بە زمانە ئارامییەکە قسەناکەن. ئەوان بە پێی شوێنی لێوەی هاتوون قسە دەکەن. لە سلێمانی هاوکات گوتیشی: بابەتی زۆر سەرنجڕاکێش و نامۆ هەیە کە مەسیحییەکانی ئێرە دەڵێن ''ئێمە کوردین''، لە ماڵەوە بە کوردی قسە دەکەن کە تایبەتمەندییەکی سلێمانییە و من لە شوێنەکانی تردا نەمبیستووە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

له لایەکی ترەوە هەندێکیان هەست دەکەن زمانەکە ئێستا لە بەردەم مەترسی کاڵبوونەوەدایە بە تایبەت لە نێو نەوەی نوێدا. لەوانە دیلان سەراف دەڵێت: مەکتەبمان نییە بۆ ئەو زمانە. مەکتەبی ڕاهیباتمان هەیە، بەڵام زمانی مەسیحی نییە و گشتییە، بۆ هەموانە. تەنها ئیدارەکەی راهیباتە. منداڵە مەسیحییەکان لە کاتی وانەی ئایندا دەر دەچنە دەرەوە. ئەمەش ڕۆڵی هەیە لەوەی مەترسی دەخاتە سەر زمانەکە (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢). لە لایەکی ترەوە دیلان مەترسی ئەوەی هەبوو کە زمانەکە نەتوانێت لە بەرامبەر ئەم هەموو ئاڵانگارییە نوێیەدا خۆی بگرێت و نەوەی نوێ هێدی هێدی لەبیری بکەن. ئەویش ئاڵانگارییەکانی زمانی ئینگلیزی و پێویستی بە زمانی عەرەبی و هاوکات بۆ خوێندنەکە بە کوردی. ئیدی لەم نێوەندەدا بۆ ئەوەی تەنها لە ماڵەوە بەکاری بهێنێت، نەوەی نوێ ئەو گرنگییەی پێنەدات (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢). عەبدولمەسیح یوسفیش هەر هەمان مەترسی هەبوو. گوتی: هەرچەندە بڕیارێک هەیە کە لە هەر شوێنێک مەسیحی زۆربێت مەکتەبێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت. ئێمە کاتی خۆی لەگەڵ مامدا چووین بۆلای بەڕێوەبەری پەروەردە و پێمان گوت لە بری ئەوە لە کەنیسە مەکتەبمان بۆ بکەرەوە، چونکە ڕێژەمان کەمبوو و پەرتیش بووین. لە قوتابخانەیەک یەک مەسیحی هەبوو نەدەکرا قوتابخانەی فەرمی بکەینەوە. بۆیە گوتمان با لە کەنیسە هەبێت. ئەوەبوو ڕەزامەندی دا و ماوەیەک کردمانەوە بۆ خوێندنی زمانی کلدانی. بەڵام دوای ماوەیەک نەما لەبەر ئەوەی منداڵەکان خۆیان نەدەهاتن. لە بەرئەوەی زمانەکانی تر بۆ ئەوان گرنگ بوون. بۆیە تەلەبەکان کەم بوون و بە پێی سروشتی سلێمانی و مەسیحییەکانی نەدەگونجا. ئەگەرنا حکومەت کێشەی نەبوو. هەر بۆیە زمانەکەمان زۆر لە دوای داوە و ڕوو لە کزییە. مەسیحییەکان بە تەواوی زمانی خۆیان نازانن، چونکە وەک پێشوو نایەن بۆ خولەکانی زمانەکە لە کەنیسە کە هەمیشە لە ڕۆژانی هەینیدا هەن. دەبێت ئەویش بڵێم کە لە سلێمانی هیچکات بەکارهێنانی زمانی خۆمان لە شوێنە گشتییەکاندا کێشەی نەبووە (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

هاوکات ئارام عیساش هەر هەمان تێڕوانینی هەبوو. گوتی: ئێمە شەڕی ئەوە دەکەین زمانەکەمان پارێزراو بێت. ئەمیش پەیوەندی بەو کەم و زۆرییە نییە سەبارەت بە کورد، چونکە زمانەکە تەنها لە نێو خۆماندا بەکاردێت نەک ژیانی سیاسی و بازرگانی و ئەم بوارانەدا بەکاربێت. بۆیە ئەرکە لەسەر حکومەت ئەم زمانانە بپارێزێت. سەبارەت بە قوتابخانەش لە سلێمانی نییە وەکو شوێنەکانی تر. ئەم ڕۆڵە لێرە کڵێسا دەیبینێت. ئاڵانگارییەکی تری زمانەکە ئەوەیە هاتنی ئاوارەکان، عەرەبیشی هێناوەتە ناوەوە. لەولاوە ئینگلیزیش لای نەوەی نوێ هاتۆتە ناوەوە. بۆیە بۆ پاراستنی دینەکە زۆر جار زمانی ئەوان بەکاردێت وەکو عەرەبی و هەندێکجار ئینگلیزیش. ئیدی ئەو سەدا سەدەی جاران ئارامی نەماوە. عەرەبی و ئینگلیزیشمان هەیە. کۆچ و کەم نەوە خستنەوەش و ژمارەی زیادی ئاوارەکانیش وایکردووە زمانی ئەوان زیاتر بێت. بۆیە بەڵی زمانەکە لە ئاڵەنگارییەکی گەورەدایە (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

بەمجۆرەش دەردەکەوێت کە هیچ بەربەست لە بەردەم بەکارهێنانی زمانەکەیاندا نییە و هاوکات حکومەت ڕێگر نییە لە کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی خۆیان. بەڵام سروشتی بوونی ئەوان و شێوازی بڵاوبوونیان لە شارەکەدا هاوکار نییە. بۆیە ئەوان هەوڵ دەدەن ئەمە لە ڕێگای کەنیسەوە قەرەبوو بکەنەوە. هەر بۆیە باشتر دەبێت ئەگەر حکومەت پشتیوانی ئەو ڕۆڵەی کەنیسە بکات لە پشتیوانی دارایی و مەعنەوی بۆ خولەکانیان. لایەنە پەیوەندارەکانی بەم لایەنە ئاگاداری ئەم دۆخە بن و کاری جدی لەسەر بکرێت. هاوکات ڕاستە ئەم زمانە لە نێوان خۆیاندا بە کاردێت بەڵام قەتیسمانی زمان لە نێو ماڵدا ئەگەری ئەوەی هەیە بە تێپەڕبوونی کات ڕوو لە کزی بڕوا. هەر بۆیە حکومەت جارێکی تر پێویستە کار لەسەر ئەوە بکات لە ڕاگەیاندن و لە کەناڵە جیاجیاکاندا بابەت بە زمانی ئەوان بڵاوبکاتەوە و گۆرانی و هونەریان بڵاوبکرێتەوە، هەروەکو چۆن ڕۆژانە لە چەندین کەناڵەوە ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی بڵاودەکرێنەوە. خۆ ئەگەر دەیانەوێت زیاتر کار لەسەر پاراستنی ئەو کورسی کۆتایەی مەسیحییەکانی سلێمانی بکەن، باشترە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندنیان هەبێت هەر هیچ نا ڕادیۆ بێت و خۆجێیی بێت.

## دەرفەتی دەستکەوتنی کار و کێشەی زەوی و زار

سەبارەت بەو پرسیارەی دەربارەی هەلی دەستکەوتنی کار ئاڕاستەیان کرابوو، زۆربەیان پێیان وایە کە هیچ بەربەستێک نییە، بە پێچەوانەوە هەندێکجار کە دەزانن مەسیحین ئاسانکاریشیان بۆ دەکرێت (ئاراز سەڕاف، لیڤیار موزەفەر، شوان جەمال، عەبدولمەسیح یوسف، هودا شەماس، فرەنسیس داود، ئارام عیسا). بەڵام هەریەک لە دیلان و قەشە ئەلوەند، پێیان وایە ئەم پرسیارەش هەر کەوتۆتە سەر کەسەکان. ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕاستە مەسیحییەکان لە ئاستی حکومەت و کۆمەڵگاش لەم ڕووەوە کێشەیان بۆ دروست ناکرێت، بەڵام جارێکی تر بابەتی پەرچەکرداری کەسی ڕۆڵی دەبێت. خۆ ئەگەر کەسەکە لەوانە بێت کە تێڕوانینی نەرێنی هەبێت بەرامبەر بە ئاینەکانی تر، ئەگەری هەیە کێشە دروست بکات. لەم ڕووەشەوە دیلان سەڕاف گوتی: بۆ نموونە کەنیسە دایانگەی دانا بەردەوام لیژنەی قایمقامییەت دەهاتە سەریان و بیانوی پێدەگرتن، چونکە ئەو کات بەڕێوەبەری کاری کۆمەڵایەتی سەر بە حزبێکی ئیسلامی بوو، تا وای لێهات دایانخست. لە هەندێک لایەنی تریش پەیوەندی کەسی ڕۆڵ دەبینن: خۆ ئەگەر بتەوێت گەورەتر کار بکەیت، تۆ ئەو پشتەت نییە تا بتوانیت بچیتە هەندێک کێبڕکێوە. تەنانەت لە مامەڵە و کاریشدا تۆ دەبێت زیاتر لە کوردەکە ئاگاداری خۆت بیت، چونکە ئەگەری هەیە توشی کەسانێک بیت بڵێت ''دەی مەسیحییە و دەسەڵاتی نییە'' و ئیدی هەوڵ بدات مافت بخوات، چونکە زۆرتر بەو دەوێرن نەک کورد (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هاوکات قەشە ئەلوەندیش گوتی: ئەویش هەر لەسەر کەس کەوتوە من نەبیستوە گرفت هەبوبێت لە لایەن حکومەتەوە. بەڵام دەکرێت کەس هەبێت، ئەگەر بزانێت مەسیحیت بەربەست دروست بکات (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥ ).

بۆیە لەم پرسەشدا حکومەت و دەسەڵاتی خۆجێیی و پەرلەمان بە تایبەتی ئەو ئەندامانەی لەسەر کۆتای مەسیحین، پێویستە چاودێر بن و هەمیشە بە دواداچوون بۆ ئەمجۆرە کەیسە بکەن، ئەگەر لە ئاستێکی زۆر کەمیش دابێت پشتگوێ نەخرێت.

بەڵام سەبارەت بە دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زارییان سەرجەمیان جەخت لەوە دەکەن، ؛کە هیچ دیاردەیەکی لەم جۆرە لە سلێمانی نەبووە، ئەویش لە بەر ئەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی گوندنشین نەبوون تا زەوی زاری فراوانیان هەبێت بەجۆرێک لە جۆرەکان بکەوێتە چوارچێوەی ئەو کێشانەوە کە لە شوێنەکانی تر هەن.

## لایەنی ئەمنی

لە بارەی پرسیاری ئەمن و ئاسایشی ژیانیان، جارێکی تر زۆرینە ئەوە دەڵێن کە هیچ کێشەیەکی ئەمنییان نییە و وەکو گشتی وان (مجد شەحادە، لیڤیار موزەفەر، شوان جەمال، عەبدولمەسیح یوسف، فرەنسیس داود، ئارام عیسا). تەنانەت قەشە پیتزۆل گوتی: لە ڕووی ئەمنییەوە ئەوەی من بیزانم، کێشەمان نییە. هەرچەندە ئێمە پاسەوانمان هەیە، تەنانەت لە کاتی هێرشەکەی سەیدە نەجات، مام جەلال لە مەسیحییەکانی پرسی ''ئایا پاسەوانتان دەوێت؟ من خۆم پاسەوانی خۆمتان دەدەمێ''. ئەوەبوو تا ماوەیەک پاسەوانەکانی ئەو بوون، دواتر کران بە پۆلیسی تایبەت بە مەسیحییەکان و شوێنە ئاینییەکانیان. من لە ٢٠١٤ بیرم لەوە کردەوە بڵێم لایبەرن، بەڵام کە داعش هات گوتم نا کاتی نییە جارێ. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لە سلێمانی کێشەمان نییە لە ڕووی ئەمنییەوە، هیچی وامان نەبووە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

قەشە ئەیمەنیش گوتی لە ڕووی ئەمنییەوە زۆر باشین و لە ٢٠٠٣ ەوە تا ئەمڕۆ هیچ کێشەیەکی ئەمنی نەبووە. سەرەڕای ئەوەی لە ناوچەیەکی گڕگرتوو بوو، بەڵام هەرێم بە گشتی باش بووە بە سلێمانیشەوە. ئەمەش دڵخۆشکەرە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هەرچەندە قەشە ئەلوەند شێخانی گوتی: لە ڕووی ئەمنییەوە بە گشتی کێشەمان نییە، بەڵام وەکو کەسی، بۆ نموونە دوێنێ لە دهۆک لە جەژنی ئەکیتۆدا کەسێک پەلاماری چەند کەسێکی داوە. لەمجۆرە حاڵەتەدا هەست بە نائەمنییەک دەکەین، ئەگەرنا وەکو تر کێشەمان نییە. ئەگەرچی تا ئێستا لە سلێمانی ئەمجۆرە حاڵەتەش نەبووە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هەر لەم ڕووەوە، مەجد شەحادە گوتی: من هیچ مەترسی لەسەر مەسیحییەکانی سلێمانی نابینم چ دێرینەکان چ ئەوانی ئاوارەن. خۆ ئەگەر لە سلێمانی مەترسی هەبێت، لەسەر هەموان دەبێت، نەک تیرەیەکی دیاریکراو. من لەو ئەزموونەوە قسە دەکەم کە لە ژیانی ئەم ناوچەیە هەیە. ئێمە وەکو خێزانێکی مەسیحی زۆر لە ئەماندا دەژین و کێشەمان نییە بە پێچەوانەوە ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە سلێمانی تێک بچێت. من ئومێدەخوازم سلێمانی هەمیشە پارێزراو بێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

لێرەشدا جارێکی تر دەردەکەوێتەوە کە بە گشتی کێشەیەکی ئەمنییان نییە و هەروەکو تەواوی کۆمەڵگان، بەڵام ئەوەی هەیە جارێکی تر پەیوەستە بەو پەرچەکردارە کەسییەوە کە پێویستە حکومەت کاری وردی لەسەر بکات. ئەویش تەنها بە لایەن و دامودەزگا ئەمنییەکان ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە پەروەردە و لایەنەکانی تریش هەیە کە دواتر باس دەکرێن، دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕەواندنەوەی ئەو جۆر هزر و بیرکردنەوەیە.

**پەروەردە**

پەروەردە لە جیهانی هاوچەرخدا کۆڵەکەی بنەڕەتییە لە پێگەیاندنی مرۆڤ و ڕۆڵی بابەتەکانی پەروەردە و بە تایبەت بابەتە کۆمەلایەتییەکان بریتییە لە پێگەیاندنی مرۆڤ وەکو هاوڵاتییەک لە ئاستی بەرپرسیارییەتیدا بێت و مافی خۆی و ئەوانی تر بزانێت و فێری چۆنییەتی ڕێزگرتن لە پیرۆزییەکان و بەهاکانی کۆمەڵگا ببێت. هەربۆیە یەکێک لە پرسیارەکانی ئێمە بریتی بوو لە ڕۆڵی بابەتەکانی پەروەردە لە بارەی فەراهەمکردنی زەمینەی پێکەوەژیان و دەرخستنی پێگەی مێژوویی ئەوان و ئاینەکەیان لە ناوچەکەدا. تەواوی وەڵامەکانیش لەم بارەیەوە ئەوە بوون کە پەروەردە لەم ڕووەوە لاوازە و نەیتوانیوە وەکو پێویست بێت. لەم ڕووەوە، عەبدولمەسیح یوسف گوتی: لە کتێبەکانی پەروەردە زۆر پشتگوێ خراوین. مێژووی مەسیحی لەم وڵاتە هەر زۆر کەم باس دەکات؛ هەر ئیسلام و کورد باس دەکرێن. خۆ دەبێت هەندێک باسی مەسیحی بکات، با ئیسلامەکانیش لە بارەی مەسیحییەوە بزانن (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هەروەها سەمیرە حەنا پێی وابوو پەروەردە گرفتی یەکەمە، کە دەبێت بابەت لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەبێت و منداڵەکان ڕابێنن یەکتریان خۆشبوێت، بەڵام نییە. هاوکات لەسەر ئاین و مێژووی کەمینەکان شتێکی وای تێدا نییە، چونکە ئێمە هەموومان بە پێی دەستور یەکسانین بەرامبەر یاسا. بۆیە دەبێت لە منداڵییەوە ئەمە لە ناخی منداڵەکان بچێندرێت و فێری خۆشەویستی یەکتر بکرێن. وەزارەتی پێکهاتەکان پێویستە ئەمە بکات بۆ ئەوەی کەسەکە بە تەواوی پاکبکرێتەوە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). بە گشتی، تەواوی وەڵامەکانی تریش هەر بەم جۆرە بوون و پێیان وابوو پەروەردە ئەوانی پشتگوێ خستووە لە بابەتەکانیدا. پێویستە بابەتەکان بەو جۆرە بن کە مێژوو و ئاینی سەرجەم پێکهاتەکان بە فێرخواز بناسێنن و منداڵان لەسەر یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە ڕابێنن (ئاراس نەجیب، لیڤیار موزەفەر، شوان جەمال، فەرەنسیس داود، دیلان سەڕاف).

قەشە ئەلوەندیش وردتر لەم رووەوە دوا و گوتی: پەروەردە بە شێوەیەکی گونجاو نەیتوانیوە ئاینەکان بە خەڵک بناسێنێت و میژوو و ئاین تەنها هی کورد و ئیسلامە. دەبێت ئاینەکان بناسێندرێت نەک پرۆسەی بە ئیسلامکردنی منداڵەکان بن. بەڵکو وایان لێ بکەن ئاینەکان بناسن، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەو منداڵە بزانێت ئاینەکان چین و مێژوویان چییە لەم وڵاتە. هەندێك جار منداڵەکانمان ڕووبەڕووی ئەو تێڕوانینە دەبن، کە بەچاوێکی تر سەیر دەکرێن لەلایەن هاوڕێکانیانەوە. دەبێت منداڵەکان فێری ڕێزگرتن لە فرەیی بکرێن و جیاوازی قبوڵبکەن (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

قەشە ئەیمەن گوتی بۆ ئەوەی بزانیت پەروەردە لەم ڕووەوە چیکردووە، بڕۆ ناو بازاڕ دوو قسە بکە یەکسەر دەڵێت لە کوێوە هاتویت. نازانێت ئەم زمانە لەم وڵاتە هەیە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). ئارام عیسا لەم ڕووەوە گوتی: نەخێر پەروەردە لەم بارەوە زۆر لاوازە یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە من خۆم بۆ مێژووی خۆم نەگەڕێم تێکستەکانی پەروەردە هیچکات پێم ناڵێت. بۆیە دەبێت لە بابەتەکاندا پێیان بگوترێت ئەم کەمینانە بەشێکن لە شارستانی و مێژووی ئەم وڵاتە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥ ). هەروەها خالید جەمالیش هەر ئەم بۆچوونەی هەبوو. هەرچەند ئەو باسی ئەوەیکرد کە هەوڵێکی لەو جۆرە هەبووە کە مەنهەجی ئەو بابەتانە بەپێی لەبەرچاوگرتنی مافی کەمینەکانیش دابڕێژرێتەوە و داوای داتا لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەوانیش کراوە. بەڵام گوتی کارەکان لە وەزارەتی پەروەردە ڕاگیراون (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

کەواتە سەرجەمی گێڕانەوەکانی ئەوان ئەوە دەردەخەن کە ئەو بابەتە ئاینی و کۆمەڵایەتییانەی لە پەروەردە دەخوێندرێن، بابەتی ئەوتۆ لە بارەی ئاین و مێژووی مەسیحییەکانەوە لەخۆ ناگرن و بەشێوەیەکی پەروەردەیی ناتوانن سودیان هەبێت لە ناساندنی مێژوو و ئاینی ئەوان لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە ناشتوانێت کاریگەر بێت لە ڕەخساندنی زەمینەی پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن. بۆیە ئەوان پێیان باشە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگی بە مێژوو و ئاینی پێکهاتەکانی تریش بدرێت، هاوکات پێشنیاری ئەوەش دەکەن کە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی هۆشیارکردنەوەدا، گرنگی بە بابەتی پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردنیش بدرێت. کەوا بوو پێویستە حکومەت و پەرلەمان، بە تایبەتیش ئەو لایەنانەی پەیوەستن بە پێکهاتەکانەوە و ئەندام پەرلەمانەکانیان، کاری سەرەکییان بۆ ئەم بابەتە بێت، چونکە لە ڕێگای پەروەردەیەکی درووستەوە دەتواندرێت برێکی زۆر لەو گرفتانەی پێشووتر باسکران و دواتریش باس دەکرێن، لە نێو کۆمەڵگادا کەم بکەنەوە، بەتایبەتیش ئەو پەرچەکردارە کەسییە نەرێنییەی باسکرا کە سەرچاوەی بەشی زۆری کێشەکانە.

### تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لە ڕاستیدا، ڕەنگە تەواوی ئەو مەترسییانەی کە پێشتر باسکران و ئەو پەرچەکردارە نەرێنییەی کە لە لایەن کەسانێکەوە دەکرێن و ئەوەی کە پرسەکە ئاڵۆزتر دەکات، بابەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت. هەر بۆیە ئەم بابەتە یەکێک بوو لە پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە، کە هەموان بە ڕەهایی و بێ دوو دڵی وەڵامەکەیان ئەوە بووە: بەڵێ، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زۆرجار لە مینبەر و سەکۆکانی تریشدا هێرشی ناڕەوایان دەکرێتە سەر. جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە ئەمە بە یاسا ڕێکبخرێت و سنوورێکی بۆ دابنرێت. هاوکات جەختیان لەوە دەکرد کە پێویستە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بری ئەوەی ڕۆڵی نەرێنی ببینێت، بە پێچەوانەوە بکرێتە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ژیانی تەبایی و هاندانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و خۆشەویستی نێوان پێکهاتەکان. تەواوی وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری، پەروەردە، گواستنەوە و گەیاندن و ناوخۆ لەم ڕووەوە هەنگاوی جدیتر و کرداریتر بنێن بۆ پاراستنی کەمینەکان و سازدانی زەمینەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە. لەوانە، سەرجۆن تۆما ئەم بۆچوونەی خستەڕوو و گوتی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆنترۆڵ نەکراوە لە سلێمانی و هەرێم بەگشتی، بۆیە هێرشکردنە سەر مەسیحی بەردەوام هەیە، تایبەت دوای دەرکەوتنی ڕەوتە ئیسلامە سیاسییەکان. ئەمەش کەمتەرخەمی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ناوخۆی تێدایە. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا، ڕۆشنبیری و ناوخۆ تەنسیقیان هەبێ و سۆشیال میدیا بخەنە خزمەت پێکەوەژیان، نەک ئەو جۆرە هزرە. وەزارەتی ئەوقافیش ڕۆڵی هەبێت لە ڕێکخستنی مینبەر لە خزمەت پێکەوەژیانی شارەکەدا (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ئارام عیساش لە دەربڕینێکی هاوشێوەدا گوتی: ئەوەی ئێستا لە ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتە ئاینییە توندڕەوەکان دەکرێت، ئەگەر مامەڵەیەکی تەندرووستی لەگەڵدا نەکرێت، حکومەت نەیەتە سەر خەت و سنور دانەنێت. خۆ ئەگەر لە ساڵێکدا بابەتێکی وا هەبێت، لە ئەنجامدا دوای ماوەیەک کاریگەری خراپی دەبێت. بۆیە دەبێت ئەوە کاری لەسەر بکرێت. نەبادا خەلەلێکی بچوک کارەساتێکی لێ بکەوێتەوە، کە دواجار هەر ئەمەشە کۆچ دروست دەکات. کۆنترۆڵکردنی ئەمەش لە ڕاستیدا کاری حکومەتە. تۆ تیکتۆکچی دەگریت لە بەر ئەوەی دوان جنێویان بەیەکتر داوە، کەچی هەندێک کەس ئاسایشی ژیان دەخەنە مەترسییەوە، دەنگ ناکەیت، یان دێیت و لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئیبرازیان دەکەی و دەبن بە وەجە و پاڵەوان. بۆیە دەبێت دادگا و هەموو لایەنەکان بێنە سەرخەت، هەڵوەستەی جدی لەسەر ئەو تێڕوانینانە بکرێت، چونکە ئەمە کێشە تەنها بۆ کەمینە دروست ناکات، بەڵکو لە نێو خودی ئیسلامیشدا ئاڵۆزی و کێشە دەنێتەوە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

قەشە ئەیمەن هەرچەندە پێی وابوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیهانێکی ئیفترازین، بەڵام بە بابەتێکی مەترسیداریشی دەزانی و گوتی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەڵێ، لەو جیهانە ئیفترازییەدا هەموو شت هەیە. ڕەنگە لەوێ هێرش بکات، کەچی لە ڕووبەڕوودا وا نییە. بەڵام ئەمە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری خراپی ببێت. بۆیە پێویستە چاودێری هەبێ لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە. هاوکات هەوڵ بدرێت لە لایەن پیاوە ئاینییەکانەوە، بابەتی هاندان و چاندنی تۆویی جیاکاری بە لۆجیکی کەم بکرێتەوە. لە مینبەر و دەزگا و ئامرازەکان هەمووی لە بری هێرش و چاندنی تۆی ڕق و کینە، بۆ هاندانی خۆشەویستی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بەکار بێن. ئێمە چەندین جار گوێمان لێ بووە گوتراوە: جەژنانە لە مەسیحییەکان مەکەن. ئەمە ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیش بێت، بەڵام لە دواجاردا کاریگەری خۆی هەر دادەنێت. بۆیە گرنگە لە پەروەردە و ڕۆشنبیری و ئەوقاف، هەموویان بەرنامەی تایبەت بۆ هاندانی پێکەوەژیانیان هەبێت (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

دیلان سەڕاف بە هەمان شێوە پێی وابوو بەڵێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆنترۆڵ نەکراوە و ئەوان بریندار دەکات. گوتی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئێمە بریندار دەکات، ئەویش ئەنجامی ئەو مەدە ئیسلامییە توندڕەوەیە کە لەم دواییەدا هاتۆتە ئاراوە، کە تەنانەت بۆ خودی ئیسلامیش مەترسیدارە. بەڵام هەمیشە کەمینە زیاتر کاریگەری لەسەر دەبێت، حکومەت دەبێت بیانپارێزێت و بێتە سەرخەت و بەرگریان لێ بکات و ڕێکاری تایبەتی بگرێتەبەر. ئەوان هێرش دەکەنە سەر منێکی مەسیحی لە کاتێکدا من هیچم بەو نەگوتوە و لە شەڕدا نیم لەگەڵ ئەودا. بۆیە دەبێت سەرجەم وەزارەتەکان لەم ڕووەوە ڕۆڵیان هەبێت و بابەتی تایبەتیان لەسەر پێکەوەژیان هەبێت (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

هەریەک لە شوان جەمال، قەشە ئەلوەند، سەمیرە حەنا، قەشە پیتزۆل، عەبدولمەسیح یوسف، لیڤیار موزەفەر، ئالان پەری، هودا شەماس و فرەنسیس داودیش هەر هەمان بۆچوونیان هەبوو. هەرچەندە هەندێکیان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەمە بابەتێکی کەسییە و پەیوەندی بە کەسەکەوە هەیە، بەڵام هەر کاریگەری نەرێنی دەبێت. تەنانەت قەشە ئەلوەند گوتی: ئەگەر ئەمجۆرە ڕەفتارانە نەبن، مەسیحی بۆچی وڵات بەجێدێڵێت (چاوپێکەوتن: ٢٥ . ٢).

کەواتە هەرچەندە بابەتەکە کەسییە و زیاتریش ئەوێ جیهانێکی ئیفترازییە، بەڵام بەڕوونی دیارە کاریگەری بەسەر دەروونی ئەوانەوە هەیە. هاوکات پرسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێگومان کاریگەری دەخاتە سەر هزر و بیرکردنەوەی هەندێك، کە ئەمیش ڕەنگدانەوەی نەبوونی هۆشیارییە و بابەتی لاوازی پەروەردەش لەو ڕووەوە کاریگەری هەیە. بەڵام بەدڵنیاییەوە کۆنترۆڵ نەکرێت خزمەت بە پرسی پێکەوەژیان ناکات. هەربۆیە پێویستە تەواوی لایەنەکانی پەیوەست بەم پرسە لە حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانانیش بێنە سەرخەت و سنوورێک بۆ ئەم بێسەروبەرییە دابنێن و بە یاسای تایبەت ڕێکی بخەنەوە.

هەر لێرەوە بەشێک لە بابەتەکە پەیوەستە بە ڕەوتە ئاینییە توندڕەوەکانەوە، کە بەبێ تێگەیشتن لە مێژووی کوردستان و شاری سلێمانی و بێ ئەوەی هیچ پاشخانێکی مەعریفییان لە بارەی گرنگی پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردنەوە هەبێت، بە سیاسەت و گوتارە توندەکانیان کاریگەری نەرێنی جێدەهێڵن لەسەر ڕەوتی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە ناوچەکە. هەرچەندە ئەمە بەپێی هەندێک لە وەڵامەکان ڕەنگە لە سلێمانی کەمتر بێت، بەڵام خۆ بەردەوامبوونی ئەگەری خراپی هەیە نەک باش. هەر بۆیە تەواوی وەڵامەکانی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەدا بوون بەڵێ، ئەمجۆرە بە سیاسەتکردنەی ئاین و بەرەو توندڕەوی بردنی خزمەت بە ڕەوشی ژیانی ئاشتیانە ناکات، نەک لە نێو ئاینە جیاجیاکاندا، تەنانەت لە نێو خودی ئاینی ئیسلامیشدا (قەشە پیتزۆل، رافل زەید، ئەلوەند شێخانی، ئاراز نەجیب، شوان جەمال، قەشە ئەیمەن).

## حکومەت و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و ئەوان

پرسیارێکی دیکەی توێژینەوەکە دەربارەی چۆنییەتی مامەڵەکردنی حکومەتی خۆجێیی و دامودەزگا حکومییەکان بوو لەگەڵ ئەواندا. هاوکات ئەو پرسیارەی کە ئایا بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری لە بۆنەکانی ئەواندا چ ڕۆڵێکی هەیە و ئایا چی بۆ کردووون. بە گشتی وەڵامەکانی ئەوان دەریدەخات کە حکومەت بە شێوەیەکی گشتی و دامودەزگاکانی کێشەیان نییە، بەپێچەوانەوە هەندێکجار کە دەزانن مەسیحین ڕەفتاری باشتریش دەنوێنن. بەڵام سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، ئەوا ئەوان زۆربەیان گوتیان کە هیچ پەیوەندییەکی وا نییە لە نێوانیان و هیچ مەراسیمێکی تایبەتی بۆ نەکردووون و تایبەتمەندی ئەوان ڕەچاونەکراو (دیلان سەڕاف، قەشە پیتزۆل، لیڤیار موزەفەر، ئەلوەند شێخانی، سەمیرە حەنا، عەبدولمەسیح یوسف، هودا شەماس و فەرەنسیس داود). بەڵام هەندێکیان ئەم بابەتەیان تەنها نەدەخستە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، بەڵکو پێیان وابوو کە کەمتەرخەمی مەسیحییەکانیشی تێدا، چونکە ئەوان خۆیان داوا ناکەن و ناچنە پێشەوە. بۆ نموونە هودا شەماس گوتی: سەبارەت بە ڕۆشنبیری، من پێموایە مەسیحییەکان بۆ خۆیان نایکەن و داوا ناکەن. ئەگەرنا من باوەڕ ناکەم ڕۆشنبیری هاوکارییان نەبێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ئارام عیساش هەر گوتی: بابەتی ڕۆشنبیری دوو لایەنەیە. لایەنێکی کەمتەرخەمی مەسیحییەکانی خۆمانە. من پێم وایە ئەوان هەوڵیان داوە لەمان بۆ بکەنەوە لە بابەتی بۆنە و سازکردنی چالاکی تایبەت بە ئێمەش. ئەوا ئێمە خۆمان نەچووین داوا بکەین. کە داواش نەکەیت، حکومەت خۆی نایکات. مەسیحییەکانی سلێمانیش حەز ناکەن خۆیان جیا بکەنەوە. هەمیشە لەگەڵ کوردەکاندا ئەوەی هەبووە کردوومانە. کوردبوون لای ئێمەی مەسیحییەکانی سلێمانی زاڵترە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). ڕاستییەکەی ئەم دەربڕینەوەی کە ئەوان هەر لە چوارچێوەی گشتیدا و وەک بەشێک لە کورد خۆیان دەبینن، لای زۆربەیان دووبارە دەبووەوە.

قسەکانی ئارام عیساش لە بارەی کردنەوەی لق یان بەشێکی تایبەت بە مەسیحییەکانەوە لە لایەن شوان جەمالەوە، کە خۆی لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری فەرمانبەرە، دووپاتکرایە. ئەو گوتی: لە ڕۆشنبیری لە ٢٠١٦ بڕیار درا لە سلێمانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە من بچمە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کلدان و سریان لە هەولێر. من ڕاسپێردرام بۆ ئەوەی ئەو لقە بکەمەوە، بەڵام بە هۆی قەیران و کێشەکانەوە ئەو لقە نەکرایەوە، چونکە لە دوای قەیرانی دارایی و هەوڵەکانی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، بەشێک لە کەمکردنەوەکان ئەو لقە بوو. ئەو لە بارەی چالاکییەکانی ڕۆشنبیری بۆ ئەوان ئەوەشی گوت کە ڕۆشنبیری ئێرە هیچی وای نەبووە تایبەت بۆ ئەوان. هەر خۆی بۆ ئەوانی تریش چالاکی کەم بووە و بۆنە و یادەکان کەم بۆتەوە. تەنها ساڵی ٢٠١٧ بوو یان ٢٠١٨ چالاکییەک بۆ کەریمی عەلەکە کرا، بەڵام دوای ئەوە شتێکی وای نەکردووە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). خالد جەمالیش لەم ڕووەوە گوتی: ئەویش کەوتۆتە سەر ئەو کەسەی کە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیرییە، کە دەبێت ئاوڕێک لە مەسیحییەکانیش بداتەوە. بۆ نموونە لە هەولێر ساڵانە چەند چالاکییەک دەکرێت. هەرچەند بە هۆی بابەتی دارایی و بودجەوە وەک پێویست نییە، بەڵام هەر باشە. هەر بۆیە من دەڵێم لقی سلێمانی ڕۆشنبیری کلدان و سریانی هەبێت، زۆر باشتر دەبێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

بەگشتی لێرەدا دوو بابەت بەرچاو دەکەون: یەکەمیان ئەوەیە کە حکومەت و دامودەزگا حکومییەکان هیچ گرفتێک بۆ مەسیحییەکان دروست ناکەن و مامەڵەیەکی ئاساییان لەگەڵدا دەکەن. بەڵام دووەمیان ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تاڕادەیەک کەمتر لای لەوان کردۆتەوە. ئەمیش وەک هەندێکیان ئاماژەیان پێدا، دوو لایەنەیە و کەمتەرخەمی خۆشیانی تێدایە. بابەتەکە هەرچۆنێک بێت، بەڵام حکومەت دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە ئەرکی حکومەت بەرامبەر بە پێکهاتەکان تەنها ڕێزگرتنیان نییە لە کاتی ڕایکردنی مامەڵەکانیان، بەڵکو دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە پاراستنی کولتوریان و فەرهەنگ و ڕۆشنبیرییان. بۆیە پێویستە هەروەک لە بابەتی زماندا باسکرا، ڕۆشنبیری گرنگی بە لایەنی کولتوری و ڕۆشنبیری ئەوانیش بدات. ڕاستە ئەوان زیاتر لە چوارچێوەی کورددا چالاکی دەکەن، بەڵام کاتێک تۆ کورسی کۆتا بۆ پێکهاتەیەک وەردەگریت، پێویستە لە هەموو ڕوویەکیشە بوونی ئەو کەمینەیە بسەلمێنیت و بۆنە و کار و چالاکی ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیان بۆ ئەنجام بدەیت، بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر هەست بە بوون و تایبەتمەندی خۆیان بکەن. هەر بۆیە باشترە حکومەت جارێکی تر کار لەسەر کردنەوەی ئەو لقە بکات و کارای بکات و هەوڵ بدات تایبەتتر کار لەسەر بۆنە و چالاکی مەسیحییەکان بکات و هەوڵی ئەوە بدات کە شوێن بۆ بابەت و بەرنامەی تایبەت بە مەسیحییەکان و زمانی مەسیحییەکان و ڕۆڵیان و کەسایەتییە دیارەکانیان لەم شارە بدات.

### پرسی ئەوان و ئەوقاف

هەرچەندە پیاوانی ئاینی مەسیحی کەمتر دەیانەوێت پشت بە هاوکاری ئەوقاف ببەستن، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە ئەوان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحییەکانن لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی. لەم ڕووەشە ئەوان هەندێک گرفتیان لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا هەیە، کە زۆربەیان داراییین. ئەوان پێیان وایە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ڕۆتینێکی ئیداری زیاتر نەیتوانیوە لە ئاست داواکارییەکانی پیاوانی ئاینی کەنیسەکاندا بێت. قەشە ئەیمەن لەم بارەیەوە گوتی: پرسیار دەکەم: ئەوقاف دەتوانێ چی بکات؟ بودجەی چەندە؟ چەند دەدات بە نۆژەنکردنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانمان؟ بۆیە ئەو دەزگایە نەبووە بتوانێت هاوکارمان بێت. زۆربەی کات نەیتوانیوە هیچ بکات، پێداویستییەکانمان دابین بکات. بۆیە جگە لە ئیداری هیچی تری نەکردووە. بۆ نموونە: ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندین، بۆچی دەوڵەت پارەمان بۆ دابین ناکات؟ خۆ ئێمەش بەشێکین لەم وڵاتە. بۆچی ئامانجمان لە هاوکاری ڕێکخراوەی دەرەکی بێت؟ هەر بۆ نموونە بۆ نۆژەنکردنەوەی کەنیسەی مریەم ئەلعەزرا چەند جاریش هەوڵیان داوە، بەڵام هیچیان دەست نەکەوتووە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

قەشە پیتزۆل گوتی: لەگەڵ ئەوقافدا زیاتر کێشەی بودجەمان هەیە. بۆ نموونە، ئێستا ئێمە بۆ نۆژەنکردنەوەی کەنیسە داواکاریمان داوە زیاتر لە دە ساڵە. لە ساڵی ڕابوردووش جارێکی دیکە پێشکەشمان کردەوە، و پێش چوار مانگێش هەر داوامان کردەوە، بەڵام بێ وەڵامە. خۆ ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە هەبێت. هاوکات گوتیشی: ئێمە پەیوەندی باشمان لەگەڵ وەقفی ئیسلامیشدا هەیە، هاتوچۆ و بیروڕا گۆڕینەوەشمان زۆرە، بەڵام ئەمە پەیوەستە بە وەقفی مەسیحی خۆمانەوە، کە بەشێکە لە ناو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

عەبدولمەسیح یوسف لەبەر ئەوەی دەمێکە لەگەڵ کێشەکانی کەنیسەدا ژیاوە، لەم ڕووەوە گوتی: ئەوقافەکەشمان بەو جۆرە چالاک نییە و ئەوەندە ناتوانێ خزمەتمان بکات. ئەو گوتی: هەرچەندە هەر لە زووەوە قەشەکانمان حەزیان نەکرد کەس دەستوەردانی کاروباریان بکات، بۆیە هیچ قەشەیەکمان نەبوو پارەی لەسەر حکومەت بێت یان پێشینەی هەبێت. بەڵام پێشتر لەسەردەمی مام جەلال شتێکی ڕێکخست، ئەویش پچڕپچڕ بوو؛ هاوکاری کەنیسە دەکرا. لە کاتی سوتانی کەنیسە، مام جەلال نۆژەنیکردەوە، و کەنیسەی ماریوسف هەر مام جەلال درووستی کرد. دواییش ئێمە لەسەردەمی د. بەرهەم داوای پێشینەمانکرد، ئەوە بوو پێشینەیەکیان بۆ دابینکرد لە خەزینەی دوو. بەڵام بەم دواییانە ئەوەی کەنیسەی مریەم ئەلعەزرا بڕا، من نوسراوێکم بۆ نووسینگەی کاک قوباد کرد، هەندێک پارەی بۆ تەرخانکردین، بەڵام دووجار وەرمانگرت و نەما، کە مەسرەفی ئەم کەنیسەیە لە وانی تریش زیاترە. وەک وەقفی مەسیحیش، تەنها ئەگەر بۆ نوسراوێک بۆ ئیقامە، ئێمە ئیشمان بەوان بکەوێت؛ ئەگەرنا هیچیان بۆ خەرج نەکردووین. بۆ مەسرەفی ئێرە هەمووی خۆبەخشانەیە، هەمووی قەشە یس کردوویەتی. ئێمە لە چەند شوێن داواکاریمان پێشکەشکردووە بۆ ئەوەی پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی هەندێک بەشی ئەم کەنیسەیە بەدەست بهێنین، بەڵام هیچمان دەست نەکەوتووە. هەرچەندە وا خەریکە لەم دواییانە ئەوقاف بکەوێتە جوڵە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هاوکات قەشە ئەلوەندیش هەر گوتی: ئێمە سەر بە وەقفی مەسیحیین، مۆڵەتمان لەوێ وەرگرتوە، بەڵام تەنها لە ڕووی ئیدارییەوە هەن. وەک لایەنی دارایی و مادی هیچمان لای ئەوانەوە نییە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

وەڵامەکان بە گشتی دەریدەخەن بەڵی ئەوان لقی سەربەخۆیان هەیە لە ئەوقاف، بەڵام تەنها بابەتێکی کارگێڕییە و لە ڕووی داراییەوە وەک پێویست هاوکار نەبووە. بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، خالد جەمال (بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی) بابەتەکەی بەو جۆرە باس کرد کە پەیوەستە بە ڕێژەوە، سلێمانیش بە پێی ڕێژەکەی خۆی کەمتەرخەمی لەگەڵدا نەکراوە. هاوکات ئەوەشی باسکرد کە پرسی قەیرانی دارایی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەم ڕووەوە. لە لایەکی تریشەوە، ئەوەی ڕوونکردەوە کە بابەتی نۆژەنکردنەوەی کەنیسەی مریەم ئەلعەزراش کێشەکە بەشێکی لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواردایە، دەبێت لەگەڵ ئەوانیشدا هەماهەنگی هەبێت. لە لایەکی تریشەوە باسی ئەوەی کرد کە بابەتی دارایی بە تەنها دامەزراندنی بینا و نۆژەنکردنەوەی نییە، بەڵکو ئێمە پارەی پێویست بۆ کەلوپەل و پێداویستییەکانی تری ناو کڵێساش دابین دەکەین، کە لێرەشدا ئێمە جگە لە سلێمانی، هاوکات لە ناوچەکانی دهۆک و هەولێر و کۆیەش ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە سلێمانی مەسیحی لێیە. ڕاستییەکەی ئەوەی ڕوون دەبێتەوە بابەتی قەیران و کێشە داراییەکان ڕۆڵیان هەبێت لەمەدا. بەڵام بابەتەکە هەرچۆنێک بێت، حکومەت پێویستە لا لەم پرسە بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە جیاکاری نەکەن و پشت بە وڵاتی خۆیان ببەستن، نەک ڕێکخراو و لایەنی تر. ئەوانیش هەست بکەن کە بەشی خۆیان لە داهاتی ئەم وڵاتە هەیە. هەربۆیە دەبێت ئەندام پەرلەمانەکانیان ئەمە بەشێک بێت لە کاری پەرلەمانییان، چونکە بەمە جارێکی تر وەفاداری ئەوان و خۆشەویستییان بۆ شارەکە و وڵاتەکە زیاد دەبێت، و هاوکات هەست بەوە دەکەن کە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەوان لە پەرلەمانە، دواتریش لە هەڵبژاردنەکاندا بە گوڕتر نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن.

### پشتیوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی

بابەتێک کە ڕەنگە لە هەموو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا گرفتێکی سەرەکی بێت لە ژیانکردن و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئابوریدا، بابەتی پاڵپشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هۆز و پشتیوانی هێزی سەربازییە، کە ئەمە ڕەنگە بۆ کەمینەکان زیاتر کاریگەری هەبێت. هەربۆیە تەواوی وەڵامەکان لەم ڕووەوە پێیان وابوو هەرچەندە ئەمە گرفتێکی گشتییە، بەڵام بۆ ئەوان زیاتر کاریگەری هەیە، چونکە ئەوان نە پاڵپشتی بەهێزیان هەیە لە نێو پارتە سیاسییەکاندا، نە پشت بە هۆز و هێزی هۆز دەبەستن، هەربۆخۆیان سەر بە هۆز نین، نە کەسانی سەربازییان هەیە پاڵپشتیان بکات، چونکە لە لایەک ئەوان کەمتر لە سیاسەتدا کار دەکەن، هاوکات لە ڕووی سەربازیشەوە ئەوان هەربەوە ناسراون کە کەسانی ئاشتیخوازن، هاوکات ئەوان خەڵکی شارن و هۆزییان نییە. هەربۆیە ئەم بابەتە ئەگەرچی بابەتێکی گشتییە لە کوردستاندا، چونکە یاسا نەیتوانیوە وەک پێویست سەروەری خۆی بسەپێنێت، بەڵام بۆ ئەوانێکی بە ڕێژە کەمتر کاریگەری زۆر زیاترە. لەم ڕووەوە شوان جەمال گوتی: نەبوونی پاڵپشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر کاریگەرە لەوەی ئێمەش مافمان بخورێت. ئەمیش بابەتەکە هەر نەبوونی سەروەری یاسایە و هۆکارێکی کۆچیشە بۆ ئێمە وەک کەمینە (چاوپێکەوتن: ٢.٢٥). عەبدولمەسیح یوسفیش گوتی: پاڵپشتی هۆز و کۆمەڵایەتی بۆیە پێویستە، چونکە یاسا لاوازە و ئیدی لە ڕووداوەکاندا پشتی چەکدار و هۆزت هەبێت دەتوانیت هەموو شت بکەیت. ئەمە بۆ هەموو وایە، بەڵام بۆ مەسیحی زۆر زیاترە، چونکە کەمینەین (چاوپێکەوتن: ٢.٢٥). هودا شەماسیش لەم بارەیەوە گوتی: بەڵێ، نەبوونی پشتیوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی زۆرە، چونکە یاسا سەروەر نییە و واستە و پشت کار دەکات. هەربۆیە ئێمەی کەمینە زیاتر لەمە کاریگەر دەبین. بۆیە زۆربەی کۆچ لەمەوەیە، چونکە بە وەک نیمچە هەڕەشێکی دەزانین بۆ سەر ژیانمان، لەبەر ئەوەی ئێمە کەمینەین. یاسا کە نەتوانێت کاری خۆی بکات، ئێمە زیانمەندی یەکەم دەبین. مانەوەش بۆ بەهێزە، مەسیحیش خۆیان ئاشتیخوازن. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا ئەم دیاردەی هەیە، تەنانەت لە ناو مەسیحیش پارەدارەکە دۆخی باشترە (چاوپێکەوتن: ٢.٢٥). هاوکات سەمیرە حەناش هەر هەمان بابەتی دووپات کردەوە، کە پشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە، بەڵام گوتی: لەمەودوا دەبێت یاسا و دەستور هەبێت. ئێمە بابەتی قاسرینیش هەر هیچ خزمەتمان ناکات. ئێمە پێویستمان بە پشتی سیاسی و هۆز نییە، پێویستمان بە یاسایە بمان پارێزێت (چاوپێکەوتن: ٢.٢٥). هەموو ئەوانی تریش هەر هەمان بۆچوونیان هەبوو.

کەواتە، ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە: ڕاستە بە گشتی و بۆ هەموان ئەم بابەتە ڕۆڵی هەیە لە بەدەستهێنانی مافەکاندا. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە یاسا سەروەری خۆی نەپاراستووە. بەڵام، ئەوەی کە لەم بابەتەدا زیاتر کاریگەرە، کەمینەکانن و مەسیحییەکانیش بەتایبەتی، چونکە ئەوان نە هۆزیان هەیە و نە پشتیوانی تر. ئەوان هەر بۆ خۆیان ئاشتییانە بیردەکەنەوە. بۆیە چارەسەر ئەوەیە کە لەم ڕووەشەوە بڕیاری تایبەتتر بۆ ئەمان هەبێت و لەو دۆخە پارێزراوتریان بکات. چونکە وەک لە گێڕانەوەکاندا دەرکەوت، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی کۆچی ئەوان. هەربۆیە، ئەمە پرسی کۆچیش کەم دەکاتەوە.

### سێهەم : کۆچ: هۆکار و کاریگەرییەکانی

کۆچ، کە بە یەکێک لە مەترسییەکانی سەربوونی مەسیحییەکان لە ناوچەکە بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی دادەنرێت، وەکو پێشتر باسکرا، بۆتە هۆکارێکی سەرەکی لە کەمبوونەوەی ڕێژەیان لە عێراق، بە شێوەیەکی بەرچاو. بۆیە دەبێت چارەسەرکردنی و دۆزینەوەی هۆکارەکانی یەکێک بێت لە خەمە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتە خۆجێییەکان و پەرلەمانی کوردستان. هەر بۆیە پرسی کۆچ یەکێکی تر بوو لە پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە. لەم بارەیەوە وەڵامەکانی ئەوان جۆراوجۆر بوون، بە تایبەتی دەربارەی هۆکارەکانی کۆچی ئەوان. هەندێکیان پێیان وابوو کە تەنها لە ئەنجامی دۆخە گشتییەکەدایە و پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەوان مەسیحین، بەڵکو هەر وەکو گشتی کۆچ پەیوەستە بە نەبوونی عەدالەت و یەکسانی و یاسای ڕێک لە دابەشکردنی سامانی وڵات. بۆیە، من وەکو مەسیحی شارەکە غەدرم لێناکرێت بۆ هەڵهاتنم، بەڵکو ئەو ناداپەروەری و نایەکسانییە هۆکارە (عەبدولمەسیح یوسف، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). تەنانەت، ئێمە چەند کەسێکمان لەوانە دواند کە کۆچیان کردووە و ئێستا لە هەندەران دەژین و هەریەکەیان لە سەردەمێکی جیاوازدا کۆچیان کردووە، سیان لەوانە دەکەونە سەردەمی حکومەتی هەرێمەوە، کە دووانیان هەر دەکەونە دوای ڕووداوەکانی ٢٠٠٣ەوە. یەکێکیان لەوانەیە، کوردە و ئاینی گۆڕیوە لە ئیسلامەوە بۆ مەسیحی.

لەوانە، سەباح قەدوری، کە لە کۆتایی حەفتاکاندا کۆچی کردووە، ئەو سەرەتا بۆ خوێندن چۆتە دەرەوە، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی سیاسەتی حکومەتی ئەوکاتەی بەدڵ نەبووە نەگەڕاوەتەوە. ئەو گوتی هۆکاری کۆچ سیاسییە. زۆربەیان کاتی خۆیان لەبەر سەربازی و شەڕی عێراق-ئێران هەڵاتن، بۆیە لەبەر سەربازی کۆچیان کردووە. دوایی کە ئەوان جێگیر بوون، ئیدی بەهۆی هەردوو شەڕەکەوە، واتا جەنگی کوێتیش ـ هەژارییەکی زۆر لە عێراق بە گشتی بڵاوبووەوە. ئیدی خەڵکەکە بە ئیسلامیشەوە بە مامۆستای زانکۆشەوە هەڵاتن بۆ ئەوروپا. ئەوە بوو دواتر کە ئەمانە لە دەرەوە جێگیر بوون. ڕێخۆشکەرییان بۆ ئەوانی تر کرد، خەڵکەکەیان ڕاکێشا، خەڵکیش زیاتر لەبەر نەبوونی و شەڕی ناوخۆیی و ئەم بابەتانە هەڵدەهاتن. ئەگەر نا هۆکاری ئاینی هەر نەبووە، کەس لەبەر ئەوە نەهاتووە، بەڵکو هۆکاری سیاسی و ئابوری بوون، بە تایبەت دوای ئەوەی گەنجەکان هاتن، ئیدی ڕێگایان بۆ ئەوانی تریش خۆشکرد (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). کە ئەمە بۆچوونی شوان جەمالیش بوو (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). خالد جەمالیش هەر پێی وابوو بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومەتی بەعس. بەڵام، ئەو هۆکارێکی تریشی باس کرد، کە پەیوەستە بە مەسیحییەکانەوە. ئەو گوتی: لەبەر ئەوەی مرۆڤی مەسیحی هەر لە منداڵییەوە لە کەنیسە و لە ناو خێزانیشدا، لەسەر ئاشتیخوازی و ئایندەبینی و گرنگیدان بە ئارامی و خۆپێگەیاندنی پەروەردەیی رادەهێندرێت. هەربۆیە، خێزانی مەسیحی بە گشتی هەم دوورتر دەڕوانن و ئایندەیان بەلاوە گرنگە. هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن لە کەشێکی ئارامدا منداڵ پەروەردە بکەن، پەرۆشی زیاتریان بۆ ئایندەی منداڵ هەیە. بۆیە لە کەشی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و شەڕ و لە کاتی ئەوەدا کە ئایندە نادیاربێت، بزانن ئایندەی منداڵەکانیان ناڕوونە، ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵن و ڕوودەکەنە شوێنی ئارامتر. هەروەکو ئەوەی لە دوای ٢٠٠٣ لە عێراق ڕوویدا و ڕووداوەکان دۆخێکی نائارامیان هێنایە ئاراوە، بۆیە زۆربەیان کۆچیان کرد، بە تایبەت دوای دەرکەوتنی ڕووداوەکانی داعش. زۆربەی مەسیحییەکان، کە شوێنی خۆیان بەجێهێشتن، بە نیازی ئەوە نەبوون ئەوەندە لە ئاوارەیی بمێننەوە. کەچی زۆری خایاند، ئیدی ئەمە وای کرد لە ئایندە دڵنیا نەبن و دەیان بیرۆکەی وایان لادروست بێت: ئایا ئایندەی ئەمان چی دەبێت؟ کێ دەڵێت کۆتایی بە داعش دێت؟ ئایا داعش نایەتە کوردستانیش؟ هەربۆیە شەپۆلێکی بەرفراوانی کۆچ دەستی پێکرد، کە مەسیحییەکانی سلێمانیشی هەر لە ژێر هەمان کاریگەریدا گرتەوە. ئەگەر نا بابەتەکە پەیوەندی بە مەسیحی بوون و کێشەی پێکەوە ژیان نەبوو لە سلێمانی (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ئالان پەری، کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا کۆچی کردووە، گوتی: هۆکاری کۆچەکەم زیاتر بەهۆی شەڕی ناوخۆیی و نائومێدی و نەبوونی کار و نەبوونی ئارامییەوە بوو. هیوای باشتر بوونمان نەبوو، نەک هەستکردن بە هەڕەشەیەک بێت لەبەر مەسیحی بوونم، بەڵکو هەر ئەوە بوو کە لێرە ژیانی ئابوری و ئازادی فەراهەمترە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

سەرجۆن سیمانۆس تۆماش، کە ساڵی ٢٠١١ کۆچی کردووە، هەر گوتی: بە هیچ جۆرێک کۆچی ئێمە بەهۆی پشتگوێخستنمانەوە نەبووە، یان مەسیحی بوونمان کێشەی بۆ دروست کردبێتین. بەڵکو پەیوەندی بە بارودۆخی گشتی ناوچەکەوە بووە. بە پێچەوانەوە، ئەگەر مەسیحییەکان بیریان لە کۆچ نەکردبێتەوە، بەهۆی جوانی شاری سلێمانییەوە بووە. بەڵکو کۆچ دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکان و دواتر شەڕەکانی عیراق-ئێران، وای کرد خەڵکەکە بە گشتی دەست بە کۆچ بکەن بەهۆی سیاسەتی عێراقەوە. بۆیە مەسیحی بە تایبەتی نەبوو، بەڵکو هەروەکو ئەوانی تر ئێمەش کۆچمان کرد. دواتریش لە نەوەدەکان بابەتی ئابوری و ناجێگری سیاسی هەروەکو گشتی هۆکار بوون. ئەمە تا ٢٠٠٣ هەر وەها بوو (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

بەڵام، کاتێک لە تێڕوانینەکانی قەشە پیتزۆل ورد دەبینەوە، کە بۆ کۆچی کەمینەکانی ناوچەکە بە گشتی و مەسیحییەکان بەتایبەتی دەیکات، هاوکات لە هەندێک لە وردەکاری وەڵامەکان ورد دەبیتەوە، ئەوا هەرچەندە هەروەکو زۆرینەیان دەڵێن مەسیحییەکانی سلێمانی بە کێشەی ئاینی کۆچ ناکەن، بەڵام لە وردەکاردا و لە بەشێکی زۆری وەڵامی پرسیارەکانی تردا دەردەکەوێت، بەڵێ بەشێک لە کۆچەکان لە دواجاردا ئەم بابەتە ڕۆڵ دەبینێت. هەروەکو قەشە ئەلوەند گوتی: کۆچ بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە، کە ئەویش هەر زیاتر مەسیحییەکان دەگرێتەوە، جگە لەوانەی تاکی مەسیحی، کاتێک هەست بە (ئەمان)نەکات و هەمیشە دڵەڕاوکێیەکی هەبێت، ناچار کۆچ دەکات (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

خۆ ئەگەر لە شیکارییەکەی قەشە پیتزۆلیش وردبیتەوە، باشتر لەمە تێدەگەیت. ئەو دەڵێت: کۆچ بۆ مەسیحی بابەتێکی مێژووییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە، لەبەر فشاری عوسمانی و هەندێک ڕۆشنبیری عەرەب و تەنانەت کوردیش. بەڵام دواتریش، دوای دامەزراندنی دەوڵەتانی ناوچەکە و دوای رزگاریش، دەوڵەتی فاشی دەرکەوتن لەسەر بنەمای نەتەوە و فاشیزمی ئەوروپادا. ئەمە هێندەی تر، ڕەوشی ژیانی ئەوانی تێکدا، لە بری ئەوەی باشتری بکات. خۆ ڕەنگە بەشێک لە هەڵەکەش کەنیسە و پیاوانی ئاینی مەسیحی بووبێتن لە مامەڵەکردن، کە نەیانتوانیوە مامەڵەی دروست لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن و هەوڵی پێکەوە ژیان بدەن. کە ئێستا گۆڕاوە و بەشێکە لە تەعالیمی کەنیسەی کاتۆلیکی و پێویستە لەگەڵ ئەوانی تردا بژین، نەک ڕەتیان بکەینەوە. بەو مانایەی، هەر کەس ئەگەر خێرێکی هەیە لەم ژیانەدا، بەهۆی ئاینەکەیەوەیەتی نەک شتێکی تر. بەڵام بە داخەوە نەگەیشتۆتە هەموو شوێنێک. کە ئەمە زۆر گرنگە لە ڕێنماییە نوێیەکانی مەسیحیدا. بەڵام کێشەکە لێرە، ڕەگە مێژووییەکە بوو، لەگەڵ دواتر هاتنی ئایدیای ڕۆژئاواییە توندڕەوەکان و ڕەگەزپەرستەکان، کە هاوکار نەبوون، نە بۆ مەسیحی و نە بۆ ئیسلام و نە کەمینەکانی تر. چونکە ئەم بیرۆکانە بانگەشەی یەکڕەنگی دەکەن لەژێر بیانووی نەتەوە. بۆیە لە ئەڵمانیا هەموو پێکهاتەیەک هەیە، بەڵام دەیویست هەمووی ئەڵمانی بن، کە ئەمەش ناواقعی بوو، چونکە ئێستا لە دونیا یەک ڕەنگی نەماوە. بۆیە پێویستە ئێمە بەدوای هاونیشتیمانی بوونەوە بین، کە تۆ لە خێر و شەڕدا لەگەڵ ئەم وڵاتەی. کەواتە تۆ هاونیشتیمانی ئێمەی و بەشێکی لە ئێمە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). بەم جۆرەش دەردەکەوێت، ڕاستە لە ڕووکەشەکەیدا و تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە کۆچیش دەکەن، بابەتەکە مەسیحی بوون نەبێت، بەڵام لە قوڵاییدا بەڵێ ئەو دۆخە مێژووییەی، کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕیوە لە ناخی ئەواندا، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، ترسێکی جیاوازی تۆو داوە و بەردەوام لە هەموو دۆخێکی نەخوازرادا و سەرەنجامی هەر بێسەروبەرییەک و شڵەژانێکی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا زیندوو دەبێتەوە و ئەو ویستی خۆڕزگارکردنە بەرەو کۆچ و بەجێهێشتنی ئەو شوێنەیان دەبات کە ناجێگیرە. هەربۆیە کاتێک لێیان دەپرسیت هۆکاری کۆچ چی بووە؟ ئەو یەکسەر دەیبەستێتەوە بە دۆخە گشتییەکەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە لە بیر دەکات، کە ئەوە تایبەتمەندی ئەوە وا دەکات زیاتر ئەم کۆچە بکات. هەر وەکو لوسی بەحۆ ئاماژەی پێدا: ئەوان کە هاتنە سلێمانی بەهۆی دۆخی داعشەوە هاتن، کە بینیان لێرە جێگیری هەیە و ڕێزیان لێ دەگیرێت، ویستی ئەوەیان هەبوو هەر بمێننەوە و نەچنەوە نە بۆ ناوچەی خۆیان و نە کۆچی دەرەوە بکەن. بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٨، بەملاوە بەهۆی ئەو دۆخەی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا هاتووە و کاریگەریشی بەسەر سلێمانییەوە بووە، خۆ ئەگەر دیاردەکە زۆر بە کەمی و لە ئاستێکی زۆر لاوازیشدا بێت، وایان لێ دەکات بیر لە کۆچ بکەنەوە بۆ هەندەران و ئەگەر بۆی بگونجێت بەزووترین کات ئێرەش بەجێ دێڵێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

کە ئەمە بۆچوونی گەشاو حوسێنیشە، ئەو لە ساڵی ٢٠١٧ەوە سلێمانی بەجێهێشتوە و لە ئەڵمانیا دەژیت. ئەو ئاماژە بەوە دەکات، کە لەبەر ئەوەی بۆتە مەسیحی و لەم دواییانەدا مەترسی هەبووە، هەروەکو دەڵێت: وەکو پێشتر، ڕێز لە مەسیحی ناگیرێت، بۆیە وڵاتی بەجێهێشتوە (چاوپێکەوتن: ٢٠١٥). کەواتە، هەر تێکچوونێکی دۆخەکە، هەرچەندە کەمیش بێت، ئەو مەترسییە زیندوو دەکاتەوە، ئەو پرسیارانە دێنێتەوە گۆڕێ، کە ئەمە دەبێت سەرەنجامەکەی بەچی بگات؟ ئەوان لەو دۆخە چاوەڕوانکراوەدا چییان بەسەردا دێت؟ بۆیە، بۆ ئەوان بەجێهێشتنی باشترە. هەربۆیە، کاتێک لە قسەکانی شوان جەمالیش ورد دەبیتەوە، هەرچەندە وەکو باسکرا دەیباتەوە بۆ مێژووی ناوچەکە و دۆخی سیاسی و ئابوری ناوچەکە بە گشتی، بەڵام لە کۆتاییشدا گوتی: ئەویش ڕۆڵی هەیە، کە لەوێ ئازادییەکی زیاتر لەوەی ئێرە بۆ مەسیحییەکان هەیە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هاوکات، ئاراز نەجیبیش خۆی گوتی: ڕاستە، هۆکاری کۆچی ئێمە لە سلێمانی پەیوەند نییە بەوەی کە مەسیحی بین و مەترسیمان لەسەر بێت، بەڵکو بابەتی گشتییە، کەچی ئەوەیشی گوت: لەوێ ژیانمان زیاتر پارێزراوە، نەک لەبەر ئەوەی ئەوان مەسیحین، بەڵکو لەبەر ئەوەی سیستەمێک هەیە هەموان دەپارێزێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هاوکات، هودا شەماسیش هەرچەندە دەیگوت: لە سلێمانی کۆچ بە هۆکاری مەسیحی بوونەوە نییە، بەڵام ئەوەیشی دەگوت: کە ئەم دۆخەی دوای داعش نائارامییەکی لە دەروونی هەموو مەسیحییەکانی عێراق بە سلێمانیشەوە دروست کردووە، و هەمیشە لەو دڵەڕاوکێیەدا دەژین: ئایا جارێکی تر داعشێکی تر نایەتەوە؟ ئایا دۆخی سیاسی بە کوێ دەگات؟ هەربۆیە، تا بۆیان بکرێت، وڵات بەجێ دەهێڵن، ئەوانەیشی لە دەرەوەن، هەوڵی ڕاکێشانی ئەمانەی ئێرە دەدەن (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). سەمیرە حەناش گوتی: کۆچ هۆکاری زۆرن: لەوانەی ئاینی و ئەو دۆخەی بەسەر ئەو ناوچانەدا هات، کە کەوتنە ژێر دەستی داعش. بەڵێ، لە سلێمانیش من خزمەکانی مێردەکەم زۆربەیان ڕۆیشتن، ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بەو ترسەوە هەبێت، کە لەو کاتەدا (ئەمان) نەمابوو. هەروەها، ترس لەوەی نەبادا سیاسەتی ڕژێمی پێشوو دووبارە ببێتەوە. بە دڵنیاییەوە، لایەنی ئابوریش هۆکار بووە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هەریەکە لە رافل زەید و فرەنسیس داودیش، هەر پێیان وایە: ئەو دۆخەی لە خوارەوە بەسەر مەسیحییەکاندا هات، مەترسی لای مەسیحییەکانی سلێمانیش دروست کرد، بۆیە کۆچی زیاتر کرا (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هاوکات، دیلان سەرافیش دەڵێت: سەرەڕای هۆکارە گشتییەکانی کۆچ لەم وڵاتە، هاوکات کۆچی مەسیحی زیاتر، هۆکاری هەر ئەو نەبوونی زەمانەیە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

هەرچەندە لیڤیار موزەفەر کە بابەتەکەی باسکرد، گوتی بابەتی کۆچ لە خوار و ناوەڕاستی عێراق مەترسییە لەسەر ژیانیانە، بەڵام ئەمە لە سلێمانی نییە بەو ڕادەیەی کە ئەگەر هەر مەسیحییەک لە سلێمانی کارێکی دەست کەوێت و ژیانێکی هەبێت، بەجێی ناهێڵێت و دەمێنێتەوە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

کەواتە تەواوی گێڕانەوەکانی پێشووتر و ئەم وەڵامانەی لەم بارەیەوە دەستمان کەوتن، بە ڕوونی دەری دەخەن کۆچی مەسیحی مێژوویەکی قوڵی هەیە. هاوکات دەری دەخەن کە ئەو کۆچە، لەگەڵ هەموو ڕووداوێکی سیاسی، سەربازی و ئابوری نەخوازراو و ناجێگیرییەکدا، زیاتری کردووە، چونکە ئەوان دۆخێکی تایبەتتریان هەبووە. ئەوەش زیاتر لەم دووایانەدا پەرەی سەندوە. ئەگەرنا مەسیحییەکان پێشتر بە هۆکاری گشتی کۆچیان کردووە، نەک ئەو مەترسییانە. هەر بۆیە گەشاو حوسێن دەڵێت: کاتێک مەسیحییەکان کۆچ ناکەن، کە وەکو ساڵانی زووتر ڕێزیان لێ بگیرێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێییش ئەوە بزانن، ئەم ڕووداوانەی دواتر کە ئاماژەیان پێکراو، هاتنی عەرەبی سونە بۆ شارەکە و کاریگەرییەکانیان و ئەو دۆخی پەرچەکردارە کەسییەی کە باسکرا و نەبوونی یاسای تایبەت بۆ پاراستنی کەمینەکان و تەنانەت بابەتی دەستور و یاساکانی باری کەسێتی و سەرجەم ئەو لایەنانەی تر کاریگەریان دەبێت لەسەر دۆخی پێکەوە ژیان بە گشتی و کۆچی مەسیحییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی تریش. هەر بۆیە کاتێك ڕێژەی کۆچیان دەخستە ڕوو، ئەوکات دەردەکەوت: بەڵێ، مەترسی لەسەربوونیان، زمانیان و کولتوریان هەیە، کە هەر هەموویان باسی ئەوەیان دەکرد. زۆرینەی هەرە زۆری بنەماڵە مەسیحییەکانی شارەکە کۆچیان کردووە بەو ڕادەیەی سەرجۆن سیمۆن باسی سەدا هەشتا بەسەرەوەی دەکرد (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هەموویان ئاماژەیان بەوە دەدا کە تەنانەت بنەماڵەی وا هەیە، هەر کەسیان لێرە نەماوە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). سەمیرە حەنا گوتی: ئێستا وایلێهاتوە، ڕێژەی ئاوارەکانی لە شوێنەکانی ترەوە هاتوونەتە شارەکە لە مەسیحییە دێرینەکانی شارەکە زیاترە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ئەمەش بە ڕوونی کاریگەری لەسەر مەسیحی دەبێت، لە ڕووی دیمۆگرافی و کولتوری و زمان و پێگەی مەسیحییەکانەوە لە شارەکەدا. بۆیە سەرجەمیان پێیان وابوو: هۆکارەکانی ئەم کۆچە چارەسەر نەکرێن، مەترسی زیاتر دەکەوێتە سەر مانەوەیان لە ناوچەکە بە گشتی و شاری سلێمانیش بە تایبەتی. هەندێکیان پێیان وابوو چارەسەرەکەش بریتییە لە کەمکردنەوەی هۆکارەکانی کۆچ. لە سەروو هەمووشیانەوە حکومەت کاری جدی بکات لەسەر ئەوەی ئەو فرەییەی ڕۆژانە لە کەمییە بپارێزیت. من نالێم حکومەت کەمتەرخەم بووە، بەڵام دەبێت مامەڵەی جدیتر و سەردەمییانەتر و تایبەتتری هەبێت، بۆ ئەوەی ئەم فرەییە بپارێزیت. پێویستە کار لەسەر کەمکردنەوەی بابەتی پشتی سیاستی هۆز بکات و لانی کەم لەگەڵ کەمینەکاندا و زیاتر بە بڕیارەکانی هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی پێشوتر باسکران بدات و لە دڵەڕاوکێیان کەم بکاتەوە (ئەلونەد شێخانی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). کار لەسەر ئەوە بکات: یاسای زیاتر و تایبەتتر هەبێت لە پاراستنی (ئەمان) و ژیانیان. هەروەکو دیلان سەڕاف گوتی: ڕاستە، ئەوان ئەزیەتیان نەداوین و هەموو شتێک فەراهەم دەبێت، بەڵام دەبێت کار لەسەر (ئەمان) و متمانە و پاراستنمان بکەن. خۆ ژیان یەکجارە، من کە ئەمەم بۆ نەکرا، ئیدی منیش بەجێی دەهێڵم و گوێ نادەمە پاراستنی کولتور و زمان و بوون و لێرە دەڕۆم (دیلان سەڕاف، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هاوکات پێویستە زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە، نەک تەنها بە بەشدارییەکی جەژنەکان و دوو قسە لە بۆنەکاندا، بەڵکو بەجدی کاریان لەسەر بکرێت. لە ڕووی مێژوویی و ڕۆشنبیرییەوە گرنگیان پێ بدرێت، هەوڵی ناساندنیان بدرێت. بۆیە پێویستە تیشکی زیاترمان بخرێتە سەر، چونکە ئێمە ئێستاش بەشێکین لە ژیانی شارەکە (ئالان پەری، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). باشترە ئەگەر کۆنفراس و بۆنە بکرێت و پێیان ڕابگەیەنن کە لە سلێمانی (ئەمان) هەیە و ژیان ئاساییە. حکومەت بە بڕیارەکانی مافی ئەوان دەپارێزێت، چونکە لە بیری ئەواندا وایە هیچ ئەمانێک نییە. ئەم بیرۆکەیەیان بڕەوێننەوە و حکومەتیش پشتیوانیان بکات (هودا شەماس، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). کار لەسەر چاندن و بڵاوکردنەوەی بیری ئاشتی و ئاشتکردنەوە لە نێوان هەموو پێکهاتەکان بکرێت. تەنانەت توندڕەوەکانیش نابێت بخرێنە دەرەوە، دەبێت لە گەڵ هەمواندا قسە بکرێت و زەمینەیەکی باش بۆ پێکەوە ژیان بڕەخسێندرێت (پیتزۆل، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). کە ئەمە بۆچوونی تەواوی ئەو کەسانەی تریش بوون کە ئێمە چاوپێکەوتنمان کردن. تەنانەت گەشاو حوسێن گوتی بەوە چارەسەر دەبێ کە وەکو جاران ڕێز لە مەسیحییەکان بگیرێت، ئازادی بیروڕا و مافی هەڵبژاردنی ئاین مسۆگەر بکرێت، کە ئەمەش لە ئێستادا مەحاڵە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

لەبارەی ئەوەی کە حکومەت چی کردووە بۆ گەڕانەوەیان، چونکە بڕیارێکی وا هەیە کە هاوکاری بکرێن بۆ گەڕانەوە، ئەوا ئەوانەی لە هەندەرانن گوتیان: نەخێر، لەم ڕووەوە هیچمان بۆ نەکراوە و هیچ هەوڵێکیش بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ گەڕانەوەمان نەدراوە (ئالان پەری، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥، سەرجۆن سیمانۆس تۆما، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

ئەوەی لە میانەی گێڕانەوەکانی ئەواندا دەردەکەوێت ئەوەیە: کە بەڵێ، ڕەنگە ئەوانەی لە سلێمانی کۆچیان کردووە لە ڕووکەشدا و بە پێی سەردەمەکان بە هۆکارە گشتییەکە کۆچیان کردبێت، بەڵام ئەوەی لە قوڵیدا دەبیندرێت ئەوەیە کە نەبوونی متمانەی کەمینەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا ئەم بێمتمانەییە زیاتر دەکات و پەنا بۆ کۆچ دەبرێت. هەربۆیە ڕەنگە لە سلێمانی ڕووداوەکان بەو جۆرە نەبووبن و بە پێچەوانەوە، بە بەراورد بە ناوچەکانی تر زۆر باشتر بێت، بەشی زۆری ئەوانەی لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ئەم دواییە ڕوویان لە شارەکە کردووە، زۆر لە ژیانی شارەکە ڕازین و هەر جێگیر بوون لە شارەکە. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو ڕووداوانە کاریگەرییان بووە لەوەی ترسی زیاتر بکەوێتە دڵی مەسیحییەکانی ئەم شارە و نەزانن ئایندە چی پێدەبێت بۆ ئەوان.

سەرجۆن تۆما گوتی لە بارەی سیاسییەوە، لە نەوەدەکان، بەتایبەتی لە کاتی دوو ئیدارەییدا، زۆر گرنگی بە بەشداری مەسیحییەکان دەدرا، بە تایبەتی لە زۆنی ئەملا (کە مەبەستی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییە). لە ڕووی ئیداری و سیاسییەوە، خۆ ئەگەر کەمیش بووبێت، ڕەنگە کەمترخەمی لە مەسیحییەکان بووبێت، چونکە ئەوان پەرۆشی بەشدارییان لە ئیدارەدان نەبووە. هەرچەندە ئەگەر بە ڕێژە چاوی لێ بکەی، ڕەنگە لە ڕێژەی خۆمان زیاتریشمان وەرگرتبێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). لە ئەم ڕووشەوە، هودا شەماس گوتی: هەرچەندە بەشداریمان کەمە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە ڕێگری هەبێت (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). خالد جەمالیش پێی وابوو کە ئەوان لە هەموو جومگەکان و لە ئاستی باڵاش بەشدارییان هەیە، بەڵام پێشنیاری دەکرد کە هەوڵ بدرێت لە ئاستی وەزیر و جێگر وەزیریش بەشدارییان هەبێت، بەتایبەتی لەم کابینەیەدا، چونکە ئەوان کورسیشیان هەیە لە سلێمانی و دەیگوت ئەم دەستپێشخەرییە تا ئێستا تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان کردوویەتی. بۆیە پێویستە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش بیکات (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).
هەر لێرەشەوە چووینە سەر بابەتی نوێنەرەکەیان لە ئەنجومەنی پارێزگا کە هەیانبوو، پێی وابوو کە ڕاستە نوێنەر هەیە، بەڵام بە کۆتایە، یەکێک لە کێشەکانی کۆتاش ئەوەیە کە دەنگدەری تریش دەنگی بۆ دەدات، بۆیە بە تەواوی نوێنەری تۆ نییە، بەڵکو نوێنەری ئەو پارتەیە کە ناردویەتی بۆ ئەوێ. لێرەشەوە دەکەوێتە سەر کەسایەتی خۆی، ئایا چی بۆ مەسیحییەکان دەکات؟ چونکە بە دەنگی مەسیحی نەچووە و نە پێویستی پێیانە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، هەبوونی هەر ئەرێنییە، چونکە مەسیحییەکان هەست بە بوونی خۆیان دەکەن. خۆ ئەگەر لە بوارەکانی تریشدا ئەوەها مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ کەمینەکان بکەن، زۆر باش دەبێت. هەر بۆیە بۆ ئەوەی کۆچ نەکەن و کەم نەبنەوە، دەبێت هەوڵ بدرێت لە یاسا و لە بابەتەکانی تریشدا، هەروەکو کۆتا هەندێک تایبەتمەندییەتیان بدرێتێ، خۆ ئەگەر بە ژمارە کەمیش بن، هەر بۆ ئەوەی ئەم فرەییە بەردەوام بێت (دیلمان سەڕاف: چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).
سەمیرە حەناش هەر گوتی: ئەندامامان هەیە لە ئەنجومەنی پارێزگا، بەڵام تەنها ئیدارییە و ئەو بەهێزە نییە، بۆیە ئێمە بە خۆمان و ئاشتییەکەمانەوە بەهێزین، نەک نوێنەر (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).
تەواوی بۆچوونەکانی تریش هەر جەختیان لەوە دەکردەوە کە نوێنەرەکەیان وەکو پێویست بۆ مەسیحییەکان ڕۆڵی نییە و هەندێکجاریش بابەتەکە هەر وەکو گشتییەکەیە، کە نوێنەرەکانی تریش ئەو ڕۆڵەیان نییە .
سەبارەت بە هەبوونی پارتی سیاسی، ئەوا وەڵامەکان دەری دەخەن کە مەسیحییەکانی سلێمانی پارتی سیاسی تایبەت بە خۆیان نییە. تەنانەت سەر بە پارتە مەسیحییەکانی ناوچەکانی تری هەرێمیش نین، بەڵکو ئەوەی حەزی لە کاری سیاسی بێت، ئەوا لە چوارچێوەی پارتە کوردییە گەورەکاندا کار دەکات.
لەبارەی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریشەوە، بەڵێ ڕێکخراوییان هەبووە، بەڵام لە دوای قەیرانی دارایی و نەمانی هاوکارییە داراییەکان، ئەوانیش چالاکییان نەماوە و هەر بە شێوەیەکی ئیداری ماون.

### کورسییە کۆتاکەی پەرلەمان و چاوەڕوانی ئەوان

یەکێک لە پرسیارەکانی ئێمە دەربارەی بڕیارەکەی ئەم دواییەی دادگای باڵای عێراق بوو، کە کورسی کۆتای بۆ مەسیحییەکانی شاری سلێمانیش تەرخانکرد. ئێمە دەربارەی هەستی ئەوان بەرامبەر بەو بڕیارە و چۆنییەتی ڕوانینی ئەوان بۆ بابەتەکە لێمان پرسین. سەرجەمی وەڵامەکان، تەنها قەشە ئەیمەن و سەمیرە حەنا نەبێت، ئومێدێکی وایان پێ نەبوو. دەیانگوت هەروەکو ئەوانی پێشوترە، ئومێدمان پێ نییە. ئەگەرنا ئەوانی دیکە پێیان باش بوو، ئەو بڕیارە هەستێکی خۆشی لا دروستکردبوون، کە هەندێکیان دەیانگوت: یەکەمجارە نوێنەری مەسیحی سلێمانی دەچێتە پەرلەمان و بۆ ئێمە دڵخۆشکەرە (ئاراز نەجیب، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). هەشیان بوو دەیگوت: ئەمە وا دەکات هەست بە بوونی خۆمان بکەین (لیڤیار موزەفەر، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). تەنانەت هودا شەماس گوتی: بابەتی زیادکردنی کورسی کۆتا بۆ سلێمانی زۆر بە باش دەبینم، چونکە ورەمان بەهێز دەکات، هیوامان پێ دەبەخشێت و پاڵنەرە بۆمان بۆ هەستکردن بە خۆمان و هیواشمان پێیەتی (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥). ئارام عیسا ئەم چیرۆکەی وا گێڕایەوە و گوتی: ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە نێوان چەند حزبێکدا، ئەوان شەڕیانە لەسەر ئەم نوێنەرایەتییەی مەسیحی، تا دەرکردنی ئەم بڕیارە. ئەوانەی کە هەبوون، تەنها بریتیبوون لە نوێنەری مەسیحییەکان لە هەولێر و دهۆک، کە سەر بە حزبێک بوون. کەچی ئەوان کەمینەشن، خۆیان قبوڵیان نەبوو نوێنەری مەسیحییەکان لە سلێمانیش هەبێت.

من خۆم چووم، موناقەشەیەکی زۆرم لەگەڵدا کردن. ئەوان دەیانگوت: ڕێژەتان کەمە. منیش دەمگوت: خۆ، کۆتا بابەتەکە ژمارە نییە، بەڵکو نوێنەرایەتییە. پێمگوتن: سەیرە، کە حزبە گەورەکان کۆتایان بۆ ئێوە کردووە، کەچی ئێوە بۆ مەسیحییەکانی سلێمانی بە ڕەوای نابینن. ئێمە لە سلێمانی بابەتەکە ژمارە نییە، بەڵکو شوێن پەنجەمانە لە مێژووی شارەکە (چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

بەڵام ئەوەی کە هەموویان جەختیان لێ دەکردەوە، ئەوە بوو: ترسی ئەوەیان هەبوو ئەم نوێنەرەش وەکو ئەوانی تر نوێنەری ڕاستەقینەی مەسیحییەکان نەبێت. هەربۆیە پێیان باشە دوای ماوەیەک لە کارکردنی، بە دواداچوون بۆ کارەکانی بکرێت، مەسیحییەکان توشی بێئومێدی نەکرێن، بۆ ئەوەی لە جارەکانی داهاتوودا دەنگی ئەوان بۆ نوێنەرە کاندیدکراوەکانی خۆیان بێت.

## ئەنجامگیری و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

**لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشت لەوانە:**

1. دەردەکەوێت کە لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا جەخت لەوە دەکرێتەوە: سلێمانی شارێکی تایبەتە، لە ڕووی ڕۆشنبیری، یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیانەوە. تەنانەت لە زۆربەی دەربڕینەکاندا ئەوە دەردەکەوت، کە ئەوان خۆیان لە کورد جیاناکەنەوە، لە سلێمانیدا ئەوان وەکو مەسیحی، جیاوازییەکی بەرچاویان نەبینیوە. کە دەکرێت ئەمە لە لایەن دەسەڵاتدارییەتی ناوچەکەوە وەکو شانازییەک، لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بخرێتەڕوو، بۆ ئەوەی ڕوویەکی جوان بە مێژووی شارەکە ببەخشێت. هاوکات ڕۆڵی ببێت لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ شارەکانی تری جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە هەروەکو ئاماژەی پێکرا، نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر بایەخ بەم لایەنە دەدات.

2. دەرکەوت کە بەڵێ، لە مێژووی شاری سلێمانیدا پێکەوە ژیان هەبووە و بەشێکە لە مێژووی شارەکە، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و گۆڕانی دیمۆگرافییەوە و بڵاوبوونەوەی هەندێک بیر و باوەڕی ئاینی -سیاسییەوە، لە لایەن هەندێک کەسانەوە پەرچەکرداری نەرێنی بەرامبەر بە مەسیحییەکان هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر کەسانێکی ناو کۆمەڵگا، ئەگەری هەیە پەرچەکرداری نەرێنی بەرامبەر بە مەسیحییەکان بنوێنن. لێرەشەوە کاری کردۆتە سەر ئەوەی ئەوان وەکو مەسیحی، سڵ بکەنەوە لە خۆئاشکراکردن لە هەموو شوێنێک، کە ئەم دیاردەیە لە دواجاردا ڕۆڵی دەبێت لە بەرتەسککردنەوەی پێکەوەژیان و ئەگەری کۆچی ئەوان زیاتر دەکات. ئەمەش کاریگەری دەبێت لە لەکەدارکردنی ئەو مێژووەی کە شارەکە لەم ڕووەوە هەیەتی. هاوکات یەکێکیش دەبێت لە هۆکارەکانی کۆچی ئەوان، دواجار کەمبوونی ڕێژەی ئەوان کار دەکاتە سەر بابەتی کورسی کۆتای شارەکەش. هاوکات پەرەسەندنی ئەو جۆرە ڕەفتارە پێچەوانە دەبێت لەگەڵ مادەی سێ و خاڵەکانی ژ (٢،٣)ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی عێراق، کە تیایدا هاتووە: سەرجەم شێوەکانی جیاکاری دژی هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی کوردستانی عێراق قەدەغە دەکرێت، سەرپێچیکار سزا دەدرێت بە پێی یاسا بەرکارەکان. هاوکات هاتووە داوا دەکات بە قەدەغەکردنی هەر بانگەشەیەکی ئایینی، سیاسی یان ڕاگەیاندن، بە تاک یان بە کۆمەڵ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ ڕق و کینە یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوە و پەراوێزخستن، کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، یان ئەتنی، یان ئایینی، یان زمانەوانی بیناکرا بێت (پەرلەمانی کوردستان-یاساکان). هەروەها لە یاسای ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٧ ی تایبەت بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق، (دەیەم و یازدەیەم)یش دا هاتووە: گرنگیدان بە کاروباری ئاین و ئاینزان و تایفەکان لە هەرێمدا بەجۆرێک، گیانی لێبوردەیی لە نێوان ئاینەکان بەدی بینێت و هاندانی بەستنی کۆنگرە بۆ چەسپاندنی ڕۆشنبیری، دایەلۆگ و بە یەکەوە ژیانی ئاشتییانە لە نێو ئاینەکاندا (پەرلەمانی کوردستان-یاساکان). بۆیە دەبێت حکومەت، بە پێی ئەم یاسایانەی پەرلەمان، کار لەگەڵ ئەو پێکهاتەدا بکات و بەریان پێ بگرێت، چونکە ڕەنگە لە ئایندەدا ببێتە مەترسی بۆ سەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە شارەکەدا.

3.دەرکەوت، کە هەندێک لە مەسیحییەکانی شارەکە گلەییان لە یەکسانی و هاودەرفەتی لە بواری سیاسیدا هەیە، لە کاتێکدا لە یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٥، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی – عێراق، مادەی یەکی ژ (١) دا هاتووە: حکومەت مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، ڕۆشەنبیری، کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە ڕێگەی یاسا و سیاسەتی کاریگەر بۆ ئەو تاکەی سەر بە پێکهاتەیەکە مسۆگەر دەکات. هەروەها مافی بەشداری کردنیان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتە بە خۆیان، مسۆگەر دەکات (پەرلەمانی کوردستان | یاساکان). بەڵام دەرکەوت کە لە ڕووی دەرفەتی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، گلەییەکی ئەوتۆیان نییە. هەربۆیە، بە پێی ئەم یاسایە، دەبێت حکومەتی خۆجێیی مامەڵە لەگەڵ ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ئەوان لە سەرجەم ڕووانەوە بکات، نەک تەنها هەندێک لایەن.

4.دەرکەوت، کە لە شارەکەدا قوتابخانە بە زمانی خۆیان نییە، هاوکات هیچ کەناڵێکی تری ڕاگەیاندن و میدیایی، یان هەر بوارێکی تر بەوان نییە، ئەرکی پاراستنی زمانەکەیان لە ئەستۆی کەنیسەدایە. هەندێکیشیان وا هەست دەکەن کە زمانەکەیان لە کاڵبوونەوەدایە و لە بەردەم چەندین ئاڵانگارییدایە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە یاساکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٥ ی پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی–عێراق، لە مادەی هەشت دا هاتووە: حکومەت پابەند دەبێت بە پارێزگاری کردن لە زمانی دایک، لە ڕێگەکانی مسۆگەرکردنی فێربوونیان، ڕۆشنبیربوون، بەڕێوەبردنی کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان. حکومەت کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستان و دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی زمانەوانی تایبەت بە خۆیان، بەپێی پێویستیان، مسۆگەر دەکات. (پەرلەمانی کوردستان | یاساکان) هاوکات، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان–عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/١١/٦) دا، بڕیاری دانانی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ دا، یاسای دووەم هەمووارکردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٢، کە لە مادەی چوارەم بڕگە (٤) هەمواردەکرێ و بڕگەیەکی دیکەش بۆ مادەکە زیاد دەکرێ و دەبێتە بڕگەی (٥). بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، کە یەکێک لە بڕگەکان دەڵێت: زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی دەکرێت بە زمانی فێرکردن لەو ناوچانەدا کە ئەوانەی بەم زمانانە دەدوێن ڕێژەیەکی نیشتەجێیی پێکدەهێنن، بەپێی بەند و بەستی پەروەردەیی، بە مەرجێک فێرکردنی زمانی کوردی و عەرەبی (ئیلزامی) بێت (کەریم، ٢٠٢٣: ٤٢)، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە مادەی چواری چوارچێوەی مافی مرۆڤی تایبەت بە کەمینەکاندا هاتووە: دەوڵەتەکان پێویستە هەر کات پێویست بوو، ڕێوشوێن بگرنە بەر بۆ فەراهەمکردنی ئازادییەکانیان و یەکسانبوونیان لە بەردەم یاسا. هەروەها گوزارشت لە تایبەتمەندییەتی خۆیان بکەن لە ڕووی کەلتور و زمانەوە، هەروەها کار بکرێت بۆ ئەوەی دەرفەتی تەواویان بۆ دەستەبەر بکرێت، زمانی دایکیان فێربن و بە زمانی خۆیان بخوێنن (ئیسماعیل، ٢٠١٢: ٤٠–٤٥). هەرچەندە وەکو دەرکەوت، حکومەت بۆ ئەمە ڕێگری ناکات، بەڵکو هەر خۆی لەگەڵ سروشتی بڵاوبوونی مەسیحییەکانی سلێمانیدا ناگونجێت. بەڵام گرنگە بە ڕێگای دیکە ئەمەیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە، وەکو ئەوەی حکومەت پشتیوانی کەنیسە بکات لە خولەکانی تایبەت بە زمانی خۆیان و کەناڵێک بۆ فێربوونی زمانەکە و ڕۆشنبیرییان فەراهەم بکات.

5.دەرکەوت، کە هەرچەندە لە بارەی دەرفەتی دەستکەوتنی کاردا کێشەیەکی زۆریان نییە، هەندێکجار ئاسانکاریشیان بۆ دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بابەتی پەرچەکرداری نەرێنی هەندێک کەس، لەمەشدا ڕۆڵ دەبینێت و هەندێکجار تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیی کەسەکان ڕۆڵیان دەبێت لە بەرتەسککردنەوەی ئەم مافەیان. هاوکات، لەبەر ئەوەی ئەوان پشتی سیاسی و هێزیان نییە، ڕەنگە نەتوانن لە ئاستێکی دیاریکراو زیاتر لە جیهانی کاردا گەورە ببن. ئەمە بە ڕوونی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، تایبەت بە کەمینەکان، دەڵێت: ڕەخساندنی دەرفەتی تەواو لە بەشدارکردنیان لە گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی وڵاتەکەیان (ئیسماعیل، ٢٠١٢: ٤٠–٤٥).

6. بەڵام سەبارەت بە کێشەی زەوی و زار و زەوتکردنی موڵک و زەوییان، ئەوان لە سلێمانی هیچ کێشەیەکی لەم جۆرەیان نییە.

7. لە ڕووی ئەمنییەوە، لەم شارەدا کێشەیەکی تایبەتییان نییە، بەڵکو هەروەکو گشتین، لە نێو ئەم شوێنەی جیهاندا، کە لەم ڕووەوە گڕی گرتووە، بەڵام سلێمانی زۆر پارێزراو بووە. هەرچەندە جارێکی تر ئەو پەرچەکردارە کەسییە ئەگەری هەندێک حاڵەت دەکاتە گریمانە.

8. ئەوان پێیان وایە، کە لە بابەتەکانی پەروەردە زۆر بە کەمی لا لە مێژووی ئەوان و ئاینەکەیان کراوەتەوە. هاوکات، بابەتی ئەوتۆ دەربارەی پێکەوە ژیان لە خۆ ناگرێت. هەر بۆیە، داوایان دەکرد لەم ڕووەوە کاری جدی ئەنجام بدرێت و سیستەمێکی پەروەردەی دروست هەبێت. چونکە بە پێی ئامانجە پەروەردەییەکان، پێویستە ئامانجە پەروەردەییەکان هەڵقوڵاوی هەڵوێست و بارودۆخی کۆمەڵایەتییەکان بن و پێویستە گونجاو بن بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆز و توخمە پێکەوە بەستراوەکان (مستەفازادە، ۲۰۲۲: لا ۱۱۱-۱۱۲). کە لە ئامانجە پەروەردەییەکانی قۆناغی ئامادەییدا لە هەرێمی کوردستانیش، بەشێکی تایبەتە بە گەشەی کۆمەڵایەتی و تیایدا هاتووە: ناساندن و ڕوونکردنەوەی ئەرك و مافەکانی هاووڵاتی لە ڕادەربڕین و بەشداری چالاکییەکان و ڕۆڵی هاووڵاتیی لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بونیادنان. پەروەردە و دروستکردنی هاووڵاتی باش و بەسوود و تەندروست، لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ. ڕەخساندنی بوار لە بەردەم فێرخوازان، بۆ پیادەکردنی بنەماکانی بە هاووڵاتیبوون لە ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و گیانی هاوکاری و دڵسۆزی. ژینگەی کۆمەڵایەتیی تەندروست بە بەشداری هەمووان، کۆمەڵگەیەکی تەندروست بونیاد دەنێت. ئاشناکردنی فێرخوازان بە بنەمای نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە، لە ڕێگای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی. کە لە ڕاستیدا، کۆی پڕۆسەی پەروەردە و کتێب و بابەتەکانی لە قوتابخانەدا، لەم بوارانە کاریگەرییەکی وایان نییە. چونکە گرنگی بە ئەم لایەنە نەدراوە، هاوکات ڕۆڵیشیان نییە لە ناساندنی ئاین و مێژووی کەمینەکان، بەڵکو زیاتر کار لەسەر مێژووی کورد و ئیسلام و شارستانییە گەورەکان کراوە. هەربۆ نموونە، بە پێی ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی لە زانکۆی سلێمانی لە بارەی ڕەنگدانەوەی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە پەرتوکی بابەتی مێژووی هەردوو قۆناغی دە و یازدەی ئامادەیی کراوە، دەردەکەوێت: لە کتێبی مێژووی پۆلی دەیەمی ئامادەیی، کە مێژووی شارستانییەکانە و ٢٤٤ لاپەڕەیە و لە هەشت بەش پێکهاتووە، کەمترین ڕێژە باسی کەمینەکانی کوردستان و مەسیحی تێدایە. ئەوەیشی هەیە کە دەربارەی مەسیحی کوردستان و مێژوو و ڕۆڵی شارستانییان نییە لە کوردستان (کەریم، ۲۰۲۳: ۷۱-۸٤). هاوکات کتێبی مێژووی پۆلی یازدەی ئامادەییش، کە لە شەش بەش پێکهاتووە و ۲۰۰ لاپەڕەیە، هەر بە هەمان شێوە (کەریم، ۲۰۲۳: ۸٤-۱۰٤). ئەمە لە کاتێکدایە کە لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە کەمینەکان دا هاتووە: پێویستە دەوڵەتەکان ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر، بۆ ئەوەی کەمینەکان دەرفەت وەربگرن لە بارەی پەرەپێدانی مێژووی کەمینەکانی ناو وڵاتەکە، هەروەها دەربارەی نەریت، زمان و کەلتوریان. ئەوانیش، واتا کەمینەکانیش دەرفەتیان هەبێت لە بارەی سەرتاپای وڵاتەکە بزانن. (ئیسماعیل، ۲۰۱۲: ٤٠-٤٥)

9. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو گوتارە توندانەی لە مینبەر و سەکۆکانی ترەوە لە بەرامبەر بە مەسیحی دەدرێن، کە ڕەنگە هەندێکیان مەبەستی مەسیحییەکانی سلێمانیش نەبێت، بەڵام لە دواجاردا بریندارکردنی مەسیحییەکانە بە گشتی. ئەگەر بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، کاریگەری نەرێنی لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە دەبێت. بۆیە پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت، بەر بەو بابەتانە بگیرێت و لە ڕێگای یاسای تایبەتەوە ڕێکبخرێتەوە.

10. حکومەت و دامەزراوە حکومییەکان هیچ گرفتێک بۆ مەسیحییەکان دروست ناکەن و مامەڵەیەکی ئاساییان لەگەڵدا دەکەن، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تاڕادەیەک کەمتر لای لەوان کردۆتەوە. ئەمیش وەکو هەندێکیان ئاماژەیان پێدا، دوولایەنەیە و کەمتەرخەمی خۆشیانی تێدایە. بەڵام بابەتەکە هەرچۆنێک بێت، پێویستە حکومەت کار لەسەر کردنەوەی ئەو لەقە بکات لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە تایبەتە بە وان، کارای بکات و هەوڵ بدات تایبەتتر کار لەسەر بۆنە و چالاکی مەسیحییەکان بکات، هەوڵی ئەوە بدات کە شوێن بۆ بابەت و بەرنامەی تایبەت بە مەسیحییەکان و زمانیان و ڕۆڵ و کەسایەتییە دیارەکانیان لەم شارە بدات. لەبەر ئەوەی لە یاسای ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠١٠ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی تایبەت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق، لە مادەی دووەم دا هاتووە: بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کەلتووری کوردستان بەو جۆرەی ڕەسەنایەتی پاراستنی کەلپور، پتەو دەکات و گەشە بە نەریتی مەدەنی و پێشکەوتنخواز لە بواری کەلتووری و هونەری و وەرزشی لاوان دەدات. رێزگرتن لە فرەیی هزری کەلتووری و نەتەوەیی، بایەخدان بە زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم بەو جۆرەی گەشە بە ڕوحی هاووڵاتیبوونی کوردستان و کرانەوە بەرەو چاوگەکانی کەلتووری جیهان دەکات (پەرلەمانی کوردستان| یاساکان). هاوکات، لە یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٥، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی – عێراق، لە بڕگەی سێیەم دا هاتووە: هەر پێکهاتەیەک مافی گوزارشتکردنی هەیە لە ڕۆشنبیری و نەریتەکانی خۆی، حکومەت پابەند دەبێت بە پاراستنی کەلتووری و ڕۆشنبیری و ئایینی پێکهاتەکان( پەرلەمانی کوردستان| یاساکان).

11. ئەوان لە ئەوقاف دا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحین، کە تایبەتە بە خۆیان. بەڵام پێیان وایە تەنها بابەتێکی کارگێڕییە و لە ڕووی داراییەوە هیچی وای لە دەست نایەت. بۆیە کارە داراییەکانی ئەمان زیاتر پشت بە هاوکاری ناحکومی دەبەستن، کە ئەمە بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی کار و باری ئایینی وڵات نەرێنییە، ئەگەری هەیە ئەو وەلائەتە بۆ سیستەمی وڵات نەبێت. لە یاسای ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٧، تایبەت بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق، مادەی دوو دا هاتووە: وەزارەت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کار دەکات، کە لە ژمارە (٢) دا دەڵێت: چاودێریکردنی شوێنە پیرۆزەکان بۆ هەموو ئاینەکان و ڕێکخستنی کارگێڕییەکەی. لە ژمارە (٥) یش دا دەڵێت: گرنگی دان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئاینەکانی دیکە و کەلەپووریان، رێزگرتن لە پیاوە ئاینییەکانیان و پاراستنی پایەی کۆمەڵایەتییان و چاککردنی باری ژیانیان، تاکو چالاکی ئاینی و نیشتیمانی و نەتەوەیی کۆمەڵایەتی بەجۆرێکی وا بنوێنن کە خزمەت بە کۆمەڵگای کوردستانی بکات. لە ژمارە (٧)یش دا دەڵێت: دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و پەرستگاکانی دیکە و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە شوێنی پێویست (پەرلەمانی کوردستان| یاساکان).

12. نەبوونی پاڵپشتی سیاسی و هێزی چەکدار و هۆز، کاریگەری زۆریان هەیە لەوەی ئەوان نەتوانن وەکو پێویست هەندێک لە مافەکانیان بەدەست بهێنن. ئەمیش بەهۆی دۆخی گشتییەوەیە، لەبەر ئەوەی یاسا وەکو پێویست لە وڵاتدا ڕۆڵی خۆی نابینێت. لەم دۆخەشدا، ئیدی هێزی چەکدار و پشتی هۆز ڕۆڵ دەبینن، ئەوانیش خاوەنی هیچ یەکێک لەم پاڵپشتییانە نین. بۆیە لە خەڵکی گشتی زیاتر ئەم دۆخە کاریگەری بەسەریانەوە دەبێت، کە بەلای هەندێکیانەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی کۆچ.

13. کۆچ یەکێکە لە دیاردەکانی ژیانی مەسیحییەکانی ناوچەکە بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی. کە ڕەنگە لە ڕووکەشدا، کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی زیاتر بە هۆکاری گشتی بێت وەکو خەڵکی گشتییەکەی شار. بەڵام لە قوڵاییدا، نەخێر، هۆکاری مەسیحیبوونی شتێکی مێژوویە، وەکو ڕەگ و ڕیشەیەکی ژوورەوەیە، کە لە هەر شڵەژانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا زەق دەبێتەوە و ڕێژەی کۆچییان زیاد دەکات. ئەوەی دەرکەوت، لە پاڵ دۆخی گشتیدا، بابەتی پەرچەکرداری کەسی و ئەو دۆخە سیاسیەی بەسەر ناوچەکەدا هات، بابەتی دەستور و یاسای باری کەسی و نەبوونی متمانە، هەڵکشانی پەرچەکردارە نەرێنییەکان لە دوای ڕووداوەکانی داعش و ڕەوتە ئیسلامییە توندەکانەوە، کۆچی زیاتر کردبێت. هاوکات دەرکەوت، ڕێژەی کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. ئەگەر چارەسەری نەکرێت، کاریگەری گەورەی لەسەر بوونیان، زمانیان، و کەلتوریان دادەنێت، و دواتر پرسیار دەخاتە سەر هەبوونی کورسی کۆتا بۆ شارەکە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر حکومڕانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی، لەبەر ئەوەی لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ تایبەت بە کەمینەکان، لە مادەی یەک دا هاتووە: دەوڵەتەکان پێویستە لە هەرێمی خۆیاندا پارێزگاری لە بوونی کەمینەکان و ناسنامەی کەلتوری و ئەتنیکییان بکەن، ڕێوشوێنی یاسایی و ڕێوشوێنی تر بۆ ئەم مەبەستە بگرنە بەر(ئیسماعیل، ٢٠١٢: ٤٠–٤٥). لە لایەکی تریشەوە دەرکەوت، کە حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ گەڕانەوەی ئەوانەی کۆچیان کردووە. بەپێی یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٥، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستانی–عێراق، لە مادەی حەوتەم دا هاتووە: حکومەت کار دەکات لەسەر هاندانی گەڕانەوەی ئەو کەسانەی سەر بە پێکهاتەکانن، لەوانەی پێشتر دانیشتوانی کوردستانی عێراق بوون و ناچار بوون کۆچ بکەن، مافە شایستەکانیان مسۆگەر دەکات (پەرلەمانی کوردستان | یاساکان). هەر بۆیە، لێرەدا پێویستە، وەکو کۆتایی، هەڵبژاردن و بڕیاری تایبەتی لەبارەی مەسیحییەکان دەربکرێت.

14. لە ڕووی سیاسییە، هەرچەندە هەندێکیان پێیان وایە کە بە بەراورد بە ڕێژەکەیان، لە شارەکەدا لەم ڕووەوە دەرفەتی یەکسانیان هەیە. بەڵام بەشێکیشیان گلەییان هەبوو لەوەی بە قەد پێگەی مێژوویی و ژیانی شارستانییان لایان لێنەکرابێتەوە. هاوکات، لە ڕووی بەشدارییان لە حکومەتی خۆجەیی و بڕیارەکانی تایبەتی، ئەوا نوێنەریان هەیە. ئەمەش لە یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٥، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان، لە مادەی (٦) دا هاتووە:

یەکەم: مافی بەشداری کردنیان هەیە لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەرێم، بەپێی یاسابەرکارەکان.

دووەم: لەو ناوچەوانەی کە چڕی دانیشتوان پێک دەهێنن، مافی بەشداری کردنیان هەیە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومی و ئیدارییەکان، بەپێی یاسا بەرکارەکان (پەرلەمانی کوردستان | یاساکان).

هاوکات، لە مادەی دووەمی چوارچێوەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتووە: دەڵێت مافی خۆیانە لە کەلتوری خۆیان بەهرەمەند بن، مافی بەدیهێنانی ئاین و زمانیان هەیە، مافی ئەوەیان هەیە لەسەر ئاستی نیشتیمانی بەشداری چالاکانە بکەن لەو بڕیارە تایبەتانەی پەیوەستن بە خۆیانەوە (ئیسماعیل، ٢٠١٢: ٤٠–٤٥). بەڵام پێدەچوو ئەوان زۆر لە نوێنەرەکەیان ڕازی نەبن. ئەوان جەختیان دەکردەوە کە دەبێت نوێنەری ڕاستەقینەی ئەوان بێت، نەک حزبێک. لە لایەکی تریشەوە، هەرچەندە مەترسی ئەوەیان هەبوو نوێنەری هەڵبژێردراویان بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ئاستی چاوەڕوانیدا نەبێت، بۆیە پێیان باش بوو دوای ماوەیەک (کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت) ڕاپرسییەکی لەم جۆرە بکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی. بەڵام بەشی زۆریان بە بڕیاری زیادکردنی کورسی کۆتا بۆ شارەکە دڵخۆش بوون و پێیان وابوو هەنگاوێکی گرنگ بوو. ئەوان هەستیان بە بوونی خۆیان کرد.

## ڕاسپاردەکان

سەرەنجامی ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە و لەژێر تیشکی ئەو ئامانجانەی پێیگەیشتووە، ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

1. گرنگی بدرێت بەو لایەنە لە مێژووی شاری سلێمانی، کە لە ڕووی پێکەوەژین و یەکتر قبوڵکردنەوە هەیەتی، کار بکرێت لەسەر زەقکردنەوەی ناوەوەی هەرێم و عێراق و لە دەرەوە بگەیەندرێتە ڕێکخراوە جیهانییەکان، بۆ ئەوەی وەکو شارێکی نموونەیی لەم ڕووەوە بناسێندرێت و ڕۆڵی هەبێت لەوەی شارەکە وەکو ئەندام و دەستەخوشک لەگەڵ شار و ناوەندە جیهانییەکاندا قبوڵ بکرێت. هاوکات، ئەمە دەبێت ڕۆڵێک لە سەلماندنی ڕەوایەتی لە کورسی کۆتای شارەکە بۆ مەسیحییەکان ببەخشێت، لە ئایندەدا هیچ مەترسییەکی لەسەر نەبێت.

2. حکومەتی خۆجێیی شارەکە بە دواداچوون بکەن بۆ ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکاندا هاتۆتە ئاراوە و لە ئێستادا لە شێوەی هەڵوێست و پەرچەکرداردا دەردەکەوێت، لە هێرشی هەندێک لە پیاوانی ئاینی و بانگخواز و ڕەوتی سیاسی و دواتر لە ئاستی تاکیش. بۆ ئەوەی زیاتر تەشەنە نەسێنن، وردەوردە لە شێوەی ڕووداوەکەی جەژنی ئەکیتۆی ئەمساڵی دهۆک دەرنەکەون، دواتریش پەرەبسێنن بۆ ڕووداوی ناخوازراوتر کە ببێتە مەترسی بۆ ئەو پێکەوەژینەی مێژووییەی شارەکە. هەر بۆیە دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی تر، وەکو پەروەردە، ڕۆشنبیری، ناوخۆ و دادگا، کار بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بیری پێکەوەژین و یەکتر قبوڵکردن لە ڕێگا جیاجیاکانەوە (کۆبونەوە، ڕاگەیاندن، قوتابخانەکان، سۆشیال میدیا و هتد.). هاوکات، لە چوارچێوەی بڕیارەکانی پەرلەمان کار لەسەر دەرکردنی بڕیاری تایبەت لەم ڕووەوە دەربکرێت، لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە و وەزارەتی ناوخۆشەوە جێبەجێ بکرێت. لەم نێوەندەشدا، حکومەت خۆی بێتە لایەنی مودەعی، نەک چاوەڕێی سکاڵای تاکەکانی بێت.

3. هەرچەندە زەمینەی کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی خۆیان بەهۆی سروشتی دابەشبوونی ئەوان لە شارەکەدا نییە، بەڵام حکومەت هەوڵ بدات پەرە بەو خولانە بدات کە لە کەنیسە لەم بارەیەوە دەکرێن. زەمینەی دارایی و لۆجیستییان بۆ بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی زمانەکە لە لەناوچوون بپارێزێت. بەمەش، مەسیحییەکانی شارەکە زیاتر بە سلێمانییەوە وابەستە دەبن و هەست دەکەن گرنگیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی لە لایەک کۆچ نەکەن. هاوکات، پاساوی زیاتر بۆ کورسییەکەیان لە شارەکە هەبێت.

4. کارکردن لەسەر ئەوەی کە مەسیحییەکان لە شاری سلێمانی کێشەی زەوی و زارییان نەبووە بەراورد بە شوێنەکانی دیکە. هاوکات، حکومەتی خۆجێیی کار بکات بۆ بەدواداچوونی مزاجی کەسی و پاشخانی ئایدیۆلۆجی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاری مەسیحییەکاندا. کار بکات بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە بڕەوێندرێتەوە کە مەسیحییە خاوەنی کارە، لە فروانکردنی کار دا گرتار دەبێت. بۆیە، هەرنا لە بەرامبەر ئەماندا، حکومەتی خۆجێیی پشتیوانی ئەوان بێت، لەبری ئەو پشتیوانییە دیکە کە ئەمان نیانە. لێرەشەوە، جارێکی تر کاریگەری دەبێت لەسەر پاراستنی کورسی کۆتا، چونکە گرنگە ناوی مەسیحی لە نێو دەوڵەمەندەکانی شارەکە هەبێت. هەروەکو کەریمی ئەلەکە، کە تا ئێستاش بە سیمبۆلی جوانی و پێکەوەژینی شارەکە دەناسرێت.

5. هەوڵ بدرێت وەزارەتی پەروەردە بە بابەتە ئاینییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا بچێتەوە، هاوکات بە ڕێگاکانی گوتنەوەی ئەو بابەتانەدا، بچێتەوە لە ڕێگای هەماهەنگی لەگەڵ کەمینەکان، زانکۆ، کەسانی پسپۆر. بابەتەکان بە شێوەیەکی درووست ڕێک بخرێنەوە، بە شێوەیەک کە مافی کەمینەکانیش بدرێت، نەک تەنها مێژووی کورد و ئیسلام. هاوکات، پرۆگرامی تایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی بیری پێکەوەژین و یەکتر قبوڵکردن دروست بکرێت.

6. به جدی کار بکرێت لەسەر ڕێکخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی یاسای تایبەت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو بنی سەروبەرییەی هەیە رزگاری بکات و نەبێتە مەیدانێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری دژ بە پێکەوە ژیان، بەڵکو ببێتە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری یەکتر قبوڵکردن و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی. بەو مانایەی کە هەوڵ بدرێت لە چوارچێوەی یاسادا، حکومەت مودەعی بێت، کۆمێنت و پۆست رێک بخرێت و رێگە نەدرێت بە ناوی بانگخوازی و بابەتە لەم جۆرەوە هێرش بکرێتە سەر پێکهاتەکانی دیکە. ئەویش هەر لە چوارچێوەی یاساکانی پەرلەماندا، بەڵام بڕیاری تایبەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە.

7. بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گرنگی زیاتر بە بۆنەکانی مەسیحییەکان بدات و چالاکی زیاتریان بۆ ئەنجام بدات. هەروەها، لە ڕووی یاساییەوە، باشترە کار لەسەر کردنەوەی لقی تایبەت بە خۆیان بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر دەستکراوە بن لە کارەکانیان. هەوڵ بدرێت کەناڵ، سایت و سەکۆی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتور، زمان، هونەر، مێژوو و کەسایەتییە دیارەکانیان، بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە بوونی خۆیان بکەن. لە لایەکی تریشەوە، پاساوی زیاتریش هەبێت بۆ بوونی کورسییەکی تایبەت بۆ ئەوان لە شارەکەدا.

8. بۆ ئەوەی پیاوە ئاینییەکانیان لە چوارچێوەی بەرنامەی نیشتیمانی لە خزمەت کوردستاندا کارەکانیان ئەنجام بدەن، و خەڵکی مەسیحییەکەش هەست بەوە بکەن کە بەشێکی گرنگ و بەشدارن لە داهاتی وڵاتەکەیان، پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان تەنها کارگێڕی نەبێت، بەڵکو بەشی داراییش بۆ پیاوانی ئاینییان و نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکانیان دابین بکات. چونکە ئەو پەرستگایانە بەشێکن لە شوێنەواری کەلتوری ئەم وڵاتە.

9. هەوڵ بدرێت کار لەسەر سەروەرکردنی یاسای تایبەت بکرێت لە کەیسەکانی تایبەت بە مەسیحییەکان، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەوەیان بکرێت، چونکە ئەوان نە هۆزیان هەیە، نە هێزی چەکداری. بەڵکو هەوڵ بدرێت بڕیاری تایبەت لەم ڕووەوە بدرێت.

10. بابەتی کۆچی مەسیحییەکان بە هەند وەربگیرێت، کار لەسەر کەمکردنەوەی هۆکارەکانی بکرێت، لە ڕێگای گرنگی دان بەو راسپاردانەی پێشوتر و هاوکاری کردنەوەی ئەوانەی لە هەندەرانن. هەروەها، هەمووی لە چوارچێوەی بڕیاری پەرلەماندا، چونکە کۆچ بە تایبەتی بۆ سلێمانی، ئامارەکانی زۆرن و کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر مێژووی پێکەوەژینی شارەکە، هەروەها بۆ بوونی کورسی کۆتاش.

11. لە ڕووی سیاسییەوە، هەوڵ بدرێت مافەکانیان پارێزراو بێت و ئەندامیان لە حکومەتی خۆجێیی، پەرلەمان و ئەنجومەنی ....... تەنانەت دامەزراوەکانی تریش هەبێت، بە جۆرێک کە ئەم ئەندامانە کار بکەن لەسەر داواکاری و پێداویستییەکانی مەسیحییەکان، بۆ ئەوەی هەست بکەن کە ئەمانە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەوانن. بەو جۆرەی کە ئەندام پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا داکۆکی کار بن لەسەر ئەو خاڵانەی پێشوتر. ئەگەرچی لە ئاستی گشتی نوێنەرەکان وەکو پێویست نین، بەڵام دەبێت لە ئاستی ئەماندا چالاک بن بۆ ئەوەی هەستی وابەستەیی مەسیحییەکان بۆ شارەکە دروست بکرێت و وادەکات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو زیاتر بەشدار بن و دەنگ بە کاندیدی خۆیان بدەن. هاوکات دەبێتە هۆکارێک بۆ جوانکردنی دەسەڵاتدارییەتی شارەکە و ڕاکێشانی سەرنجی دەرەوە، کاریگەر دەبێت لە ڕەواندنەوەی ئەو دەنگانەی دژی بوونی کورسی کۆتای شارەکە. هەر بۆ ئەم مەبەستانەش، گرنگە حکومەتی خۆجێیی کار لەسەر ئەوە بکات ناوی کەسایەتی مەسیحی لە شوێنە دیار و گشتییەکاندا هەبێت. هاوکات، کەسانی مەسیحی لە شوێنی دیاردا هەبن وەکو بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسیار لە زانکۆکان و بەشەکانی تری دامەزراوە. بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە و ئەوانی لە دەرەوە دەبن بەردەوام لە بەریەککەوتنەوەی خۆیان لەگەڵ بوونی مەسیحییەکان لە شارەکەدا، ئەمەش زیاتر هەستیان بە شارەکە دەکات، وادەکات کورسی کۆتایان ببێت بە ئەمری واقیع. ئەوە قسانە بڕەوێنەوە کە بە ژمارەی مەسیحی دەڕوانن و بەشداربوونیان لە پەرلەمان بە ڕەوا نابینن.

## پێشنیارەکان

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر چەند پێشنیارێک دەخاتەڕوو، لەوانە:

1. توێژینەوەی زیاتر لەبارەی مەسیحییەکانی سلێمانی ئەنجام بدرێت لە پێناوی سەلماندنی مێژووی جوانی پێکەوە ژیان لە شارەکەدا.

2. توێژینەوەی دیکە لە بارەی مەسیحییەکانی تری کوردستان ئەنجام بدرێت لە هەمان بواری ئەم توێژینەوەیە.

3. توێژینەوە لەسەر پێکهاتەکانی تری سلێمانیش هەر لە هەمان بوار ئەنجام بدرێت.

4. توێژینەوەی بەراوردکاری لەسەر پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان لە شاری سلێمانی و هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا.

## سەرچاوەکان:

### چاوپێکەوتنەکان:

1. لوسی بەحۆ جبرایل شوشەندی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧١ لە حەمدانیەوە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە و مامۆستایە. بەهۆی ڕووداوەکانی داعشەوە، لە ساڵی ٢٠١٤وە لە سلێمانی دەژیت.
2. دیلان لەتیف پۆلس سەراف، ساڵی ١٩٨٤ لە سلێمانی لە دایک بووە، لە بنەماڵەیەکی دێرینەی شاری سلێمانییە. ماستەرە و ئەندازیارە خاوەن کۆمپانیا.
3. ئارام عیسا یوسف، ساڵی ١٩٧١ لە خورماڵ لە دایک بووە، لە بنەماڵەیەکی دێرینەی شاری سلێمانی، دبلۆمە، فەرمانبەر و فۆتۆگرافەرە.
4. ئەیمەن عزیز هرمز بۆتانی، ساڵی ١٩٨٢ لە کەرکوک لەدایک بووە، بەکالۆریۆسی فەلسەفە و تیۆلۆجیا، قەشەی کەنیسەی ماریوسفە.
5. خالد جەمال ئەلبێرت، ساڵی ١٩٧٦، سلێمانی، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت. بەکالۆریۆس لە کشتوکاڵە، بەڕیوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
6. فرنسیس داود یوسف، ساڵی ١٩٤٦ لە سلێمانی لە دایک بووە، لە بنەماڵەیەکی دێرینەی سلێمانی، خانەی مامۆستایان، خانەنشین.
7. عەبدولمەسیح یوسف یاقوب، ساڵی ١٩٥٧ لە شەقڵاوە لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٣ هاتۆتە سلێمانی. ئەو برازای مەتران بووە و هاتۆتە سلێمانی. فەرمانبەری خانەنشین.
8. ینس پتزۆل، کاهنە لە کڵێسای مریەم ئەلعەزرا. ساڵی ١٩٦١ لە بەرلین لە دایک بووە. لە ساڵی ٢٠١٢وە لە سلێمانی دەژیت. ئێستا قەشەیە لە کەنیسەی ماریوسف.
9. هودا جۆرج یۆنان شەماس، ساڵی ١٩٨٦ لە دایک بووە. لەو مەسیحییانەیە لە دەرەوەی سلێمانییەوە هاتۆتە شارەکەوە. مێردەکەی موسڵمانی شارەکەیە و زیاتر لە سی ساڵە لە سلێمانی دەژیت. خۆی نوێنەری پێکهاتەی مەسیحییە لە ئەنبار.
10. شوان جەمال عیسا تۆما، ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە بنەماڵەیەکی دێرینەی شاری سلێمانییە. فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری.
11. لیڤیار موزفەر مەتا، ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر لە دایک بووە. هەر لەوکاتەوە لە سلێمانی دەژیت. دبلۆمە، کارمەندە لە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی.
12. ئاراز نەجیب شەمعون سەڕاف، ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە بنەماڵەیەکی دێرینەی سلێمانییە. بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری، پێشتر فەرمانبەر بووە و لە ئاسیاسێل کاریکردووە. ئێستا خانەنشینە.
13. سەمیرە حەنا، ساڵی ١٩٥٦ لە بەرتەلە لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩١وە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە لە سلێمانی دەژیت. ئامادەیی، خانەنشین.
14. سەباح قەدوری، ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی گاوران لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٧وە لە سلێمانی دەرچووە. ئێستا لە دانیمارک دەژیت، خانەنشینە.
15. سەرجۆن سیمانۆس تۆما، ساڵی ١٩٧٣ لە سابونکران لە دایک بووە. تا ساڵی ٢٠١١ لە وێ بووە، چۆتە هەندەران. ئێستا لە کەنەدایە. ئامادەیی پیشەسازی، لە سلێمانی فەرمانبەر بووە.
16. ئەڵوەند عبدوڵڵا عەبدلقادر شێخانی، ساڵی ١٩٨٨ لە ناحیەی شۆڕش – چەمچەماڵ لە دایک بووە. خوێندکاری ماستەرە. قەشەی کەنیسەی ئینجیلی ڕاقایە.
17. رافل زەید ئەمیر ئەلخوری، ساڵی ١٩٩٦ لە دایک بووە، لە بەغداوە هاتووە. لە ساڵی ٢٠٠٦وە لە سلێمانی دەژیت.
18. مجد شەحادە، ساڵی ١٩٧٣ لە دیمەشق لە دایک بووە. شەش ساڵ زیاترە لە سلێمانی دەژیت.

19.  ئالان پەری، ساڵی ١٩٧٨ لە سابونکەران لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لە هەندەرانە. ئیستا لە کۆپنهاگن – دانیمارک دەژیت. پەیمانگای تەکنیکی.
20. گەشاو حوسێن عەبدولکەریم، ساڵی ١٩٧٣ لە سلێمانی لە دایک بووە. ناوەندی. ئیستا لە ئەڵمانیا دەژیت.
21. ئاراز نەجیب شەمعون سەراف، ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە بنەماڵەیەکی دێرینەی سلێمانییە. بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری، پێشتر فەرمانبەر بووە و لە ئاسیاسێل کاریکردووە. ئیستا خانەنشینە.
22. سەمیرە حەنا، ساڵی ١٩٥٦ لە بەرتەلە لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩١ەوە بەهۆی هاوسەرگیریەوە لە سلێمانی دەژیت. ئامادەیی، خانەنشین.
23. سەباح قەدوری، ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی گاوران لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٧ەوە لە سلێمانی دەرچووە. ئیستا لە دانیمارک دەژیت، خانەنشینە.
24. سەرجۆن سیمانۆس تۆما، ساڵی ١٩٧٣ لە سابونکران لە دایک بووە. تا ساڵی ٢٠١١ لە وێ بووە، چۆتە هەندەران. ئیستا لە کەنەدایە. ئامادەیی پیشەسازی، لە سلێمانی فەرمانبەر بووە.
25. ئەڵوەند عبدوڵڵا عبدلقادر شێخانی، ساڵی ١٩٨٨ لە ناحیەی شۆڕش – چەمچەماڵ لە دایک بووە. خوێندکاری ماستەرە. قەشەی کەنیسەی ئینجیلی ڕاقایە.
26. رافل زەید ئەمیر ئەلخوری، ساڵی ١٩٩٦ لە دایک بووە، لە بەغداوە هاتووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لە سلێمانی دەژیت.
27. مجد شەحادە، ساڵی ١٩٧٣ لە دیمەشق لە دایک بووە. شەش ساڵ زیاترە لە سلێمانی دەژیت.
28. ئالان پەری، ساڵی ١٩٧٨ لە سابونکەران لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لە هەندەرانە. ئیستا لە کۆپنهاگن – دانیمارک دەژیت. پەیمانگای تەکنیکی.
29. گەشاو حوسێن عەبدولکەریم، ساڵی ١٩٧٣ لە سلێمانی لە دایک بووە. ناوەندی. ئیستا لە ئەڵمانیا دەژیت.

**دووەم: کتێب و گۆڤار و نامە ئەکادیمییەکان**

**ا. بە کوردی**

1. سورمێ، هەژاری عزیزی (١٩٩٨): لە بیرەوەری یۆبیلی زێڕینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر. بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "سەنتەری برایەتی".
2. مستەفازادە، ئیسماعیل (٢٠٢٢): سەرەتایەک بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.
3. فتاح، سوران محەممد (٢٠١٦): حقوق الأقليات وآليات حمايتها بين الشريعة والقانون الدولي (العراق أنموذجا)، کۆلێجی ئەدەب و زانستە مرۆییەکان، بەشی مافە مرۆییەکان، زانکۆی الجنان – ترابلس، لبنان، بڵاوکراوە.
4. کەریم، هیوا محەممد (٢٠٢٤): ڕەنگدانەوەی بەندەکانی مافی مرۆڤ لە ناوەڕۆکی کتێبی مێژووی قۆناغەکانی ئامادەیی دا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی (ماستەر).
5. ئیسماعیل، ئەبو بەکر ساڵەح (٢٠١٢): مافی بڕیاردانی چارەنووس لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەزگای موکریان، هەولێر.
6. ژان ڕێتورێ، گەشتنامەی میسۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ١٨٧٨، وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا، سلێمانی، ٢٠٠٨.

**ب. بە عەرەبی**

1. عبد ربه ابراهيم الوائلي، تاريخ الامارة البابانية، 1784–1851، دمشق، 2008.
2. وليم هيود، رحلة من ساحل مالابار إلى القسطنطينية، ترجمة د. سعاد محمد خضر، السليمانية، 2011.

**سێیەم / سایتە ئەلیکترۆنییەکان**

-پەرلەمانی کوردستان|یاساکان

**پاشکۆکان**

**فۆرمی ژمارە (١)** [1]

هاوڵاتی بەڕێز، ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بەشێکن لە ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە بارەی دۆخی ژیانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی، وەکو بەشێک لە پێکهاتەی شارەکە. ئەم توێژینەوەیەی بەشێکە لە پرۆژەکانی (دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی) و بۆ بەدواداچوون لە دۆخی ژیانی مەسیحییەکان لە شاری سلێمانی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی ئەم شارە، هەوڵ دەدات لە کێشە و گرفتەکانی ئەم پێکهاتەیە بکۆڵێتەوە، بە مەبەستی ئەوەی ئەو کێشانە و هاوکات چارەسەرییەکانیشیان بخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان؛ بۆ بەدواداچوون و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن، ئەویش لە پێناو جوانترکردنی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە شاری سلێمانی.

بەڕێزتان سەرپشکن، وەڵامی چەند پرسیار دەدەنەوە، هاوکات سەرپشکن لەوەی کە چاوپێکەوتنەکە بە چ ڕێگایەک ئەنجام بدەن ( نووسین ، یان تۆماری دەنگی ، یانیش بە دەنگ و ڕەنگ (ڤیدیۆ )).

ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندی دەردەبڕن لە سەر ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە و تکایە ئەم زانیارییانەی لای خوارەوە پڕ بکەنەوە و دواتر واژۆی بکەن:

- ناوی سیانی:
- ئایا مەسیحی شاری سلێمانیت یان لەو مەسیحییانەی، کە دوای ڕووداوەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق ڕووت کردۆتە شارەکە؟
- شێوازی چاوپێکەوتن : نووسین ،تۆماری دەنگ، دەنگ و ڕەنگ (ڤیدیۆ )
- شوێن و کاتی چاوپێکەوتنەکە:
- ئەو پرسیارانەی ناتەوێت وەڵامی بدەیتەوە تەنها ژمارەکانیان بنووسە:
- ئایا دەتەویت لە توێژینەوەکدا ناوت وەکو خۆی بنووسرێت یان بە هێما بنووسرێت؟
- من کە ناوم لای سەرەوە هاتوە ئامادەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، وەکو بەشێک لە پرۆژەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

واژۆ:

**[1] - فۆرمی تایبەت بە بنەماڵە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی**

ناوی سیانی و ناسناو:

1.ساڵی و شوێنی لە دایکبوونت:

2.شوێنی ژیانی پێشوترت:

3.شوێنی ئێستات (شار و گەڕەک ):

4.ئاستی خوێندن:

5.کاری ئێستات چییە و لە کوێیە؟:

6. وەکو کەسێکی مەسیحی ئایا مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئابووریتدا مسۆگەرکراوە، مافی بەشداری کردنتان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتن بە خۆتان مسۆگەر کراوە، ئەگەر بەڵێ چۆن، ئەگەر نەخێر، بۆ؟ ڕوونی بکەرەوە گرفتەکان چێن؟ و بە ڕای تۆ چارەسەر چی بێت باشە ؟

7. ئێوە جیاکاریتان لە بەرامبەر دەکرێت، چۆن؟ واتا لە ژیانی ئاسایی مەسیحییەکانی شاری سلێمانیدا لە گەڕەک و لە شوێنی کار و لە شوێنی گشتیدا ، ئایا دەتوانن بە ئاشکرا بڵێن مەسیحین، هەڵوێستی خەڵکەکە چۆنە بەرامبەرتان ، کێشەکانتان لەم ڕووەوە چین و ئەگەر هەن چۆن چارەسەر بکرێن و ئاراستەی چ لایەنێک بکرێت، بە نموونە لە کاتی هەبوونی هەرجۆرە دەست درێژییەک بۆ سەرتان پێویست دەکات بڕیاری تایبەت و سزای تایبەت هەبێت؟

8. هیچ زێدەڕۆیی کراوەتە سەر ماڵ و موڵکتان؟ چارەسەرتان بۆ کراوە؟ چۆن چارەسەر کراوە؟ حکومەت رۆڵی هەبووە؟ ئەگەر کێشە هەیە لەم بارەوە چارەسەر بە چی دەزانیت؟

9. ئایا حکومەت کاریکردوە بۆ پارێزگاری کردن لە زمانی دایکی ئێوە لە رێگەکانی مسۆگەرکردنی فێربوون، رۆشنبیربوون و بەڕێوەبردنی کەناڵی راگەیاندنی تایبەت بە خۆتان؟ رۆڵی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری چۆن دەبینیت و پێشنیارەکانت چین؟

10. ئاستەنگەکانی بەردەم ژیانی کولتوریتان، بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانتان، بەکارهێنانی زمانی تایبەتی خۆیان، جل و بەرگی تایبەتی خۆیان، هێما و سیما ئاینییەکانیان چین و تا چەندە ڕووبەڕووی گرفتیان دەکات لە گەڕەک، شوێنی گشتی، دەزگا فەرمییەکان، فێرگەکان، ئەگەر هەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەو مانایەی دەتوانن ناسنامەی ئایینی خۆتان ئاشکرا بکەن و دەتوانن بە یەکسانی لەگەڵ زۆرینەدا ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بە پیادە بکەن ، وەکو ئازادی بۆنەکردنەوە، ئازادی ڕادەربڕین، دەزگاکانی راگەیاندن، ئازادی کۆبوونەوە و دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕابیتەکان و بە ئازادی پیادەکردنی بیروباوەڕی ئایینیشەوە حکومەت لەم ڕووەوە هاوکارتانە؟

11. ئایا حکومەت پابەند دەبێت بە پاراستنی کولتوری و رۆشنبیری و ئاینی ئێوەوە لە رووی رۆشنبیرییەوە؟ گرفتەکانتان چین و وەزارەتی رۆشنبیری چۆن مامەڵەیان لە گەڵدا بکات.

12. مافی بەشداری کردنتان لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی، پارێزراوە لە ڕووی نوێنەرتانەوە لە حکومەت، لە پەرلەمان، لە دەسەڵاتە خۆجەییەکان؟ ئایا لەم ڕووەوە کێشەتان هەیە ،ئەگەر هەیە چارەسەری چییە؟

13. چۆن دەڕوانن ئەو بڕیارەی ئەم دواییە، کە دەربارەی کورسی کۆتاکان لە دادگای باڵای عێراقەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە دەرکرا؟ ئایا پێتان وایە کاریگەری دەبێت لە گەیاندنی دەنگی ئێوە و کێشەکانتان و چارەسەرکردنیان ؟ پێتان باشە دوای دوو ساڵ راپرسییەک بکرێت بۆ ئەنجامەکەی؟

14. لە ڕووی بەشداری سیاسی و چالاکی سیاسی و دامەزراندنی رێکخراوەی کولتوری و سیاسی و حزبەوە هەست بە جیاوازی دەکەن، ئەگەر بەڵێ چارەسەر چییە؟

15. کێشەی کڵێساکان و ئێوەی پیاوانی ئاینی مەسیحی لە شارەکەدا چین بە رای تۆ؟ هۆکار و چارەسەرەکانی چین. لە گەڵ وەزارەتی و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف کێشەتان چییە، ئەگەر هەیە چارەسەری چییە؟ ( تایبەت بە پیاوانی ئاینی و کڵێسایە )

16. له باری بازرگانی  و پیشەگەری و شوێنی کاردانان و کار دەست کەوتن هەست بە جیاوازی دەکەن ، ئەگەر هەیە چارەسەر چییە؟

17. له باری ئەمنی و ئاسایشی ژیان کێشەتان چییە، ئایا هیچ مەترسیتان لەسەرە، ئەگەر هەیە چۆن چارەسەر بکرێت؟

18. کێشەی ئێوە وەکو پێکهاتەیەکی ئەم وڵاتە لە گەڵ سیستەمی پەروەردە و خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندندا چییە ئایا هەست بە جیاکاری دەکەن، لە بابەتەکانی خوێندندا هەن چارەسەر چییە؟

19.هەست بەوە دەکەن کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێرش دەکرێتە سەر کەسایەتی و پیرۆزییەکانتان  و چارەسەر چییە، چ لایەنێک چارەسەری بکات؟ ئایا پێتان باشە لەم ڕووەوە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی رۆشنبیری و لایەنە ئەمنییەکان هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و پابەندکردنی سایت و ناوەندە ئەلیکترۆنییەکان؟

20.هەست بەوە دەکەن دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی و رەوتە ئاینییە توندڕەوەکان، هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئازادییەکانتان و گرفت بۆ پێکەوەژیانێکی ئاسایی دروست دەکەن؟

21. هۆکارەکانی کۆچی مەسیحییەکان، جیاواز لە دانیشتوانی گشتی شارەکەدا چین، ئایا کاریگەری کردۆتە سەر کاڵبوونەوەی کولتوری و پێگەی مەسیحییەکان لە شارەکەدا و چارەسەرەکانی چین؟

22. ئایا هیچ خێزانێک دەناسیت، لە بنەماڵە مەسیحییە دێرینەکانی شاری سلێمانی کە بە گشتی شاری سلێمانیان بەجێهێشتبێت و کەسیان لەو شارەدا نەمابێت وەکو بنەماڵە.

23. چارەسەری پرسی کۆچی مەسیحییەکان چییە بە بۆچوونی تۆ؟

24. ئایا نەبوونی پاڵپشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەبوونی پشتیوانی هۆز یان هێزی سەربازی، رۆڵی هەیە لە کێشەکانتان .

**فۆرمی ژماره (٢)**[1]

هاوڵاتی بەڕێز، ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بەشێکن لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە بارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی، وەکو بەشێک لە پێکهاتەی ئیتنی شارەکە، کە ئەم توێژینەوەیەی بەشێکە لە پرۆژەکانی (دامەزراوەی فاوندەیشن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی) و بریتییە لە بەدواداچوون بۆ ژیان مەسیحییەکان لە شاری سلێمانی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی ئەم شارە و هەوڵ دەدات لە کێشە و گرفتەکانی ئەم پێکهاتەیە بکۆڵێتەوە بە مەبەستی ئەوەی ئەو کێشانە و هاوکات چارەسەرییەکانیشیان بخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدواداچوون و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن، ئەویش لە پێناو جوانترکردنی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە شاری سلێمانی.

بەڕێزتان سەر پشکن، وەڵامی چەند پرسیار دەدەنەوە هاوکات سەرپشکن لەوەی، کە چاوپێکەوتنەکە بە چ ڕێگایەک ئەنجام بدەن ( نووسین، یان تۆماری دەنگی، یانیش بە دەنگ و ڕەنگ (ڤیدیۆ )).

ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندی دەردەبڕن لە سەر ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە، تکایە ئەم زانیارییانەی لای خوارەوە پڕ بکەنەوە و دواتر واژۆی بکەن:

- ناوی سیانی:
- ئایا مەسیحی شاری سلێمانیت یان لەو مەسیحییانەی، کە دوای ڕووداوەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق ڕووت کردۆتە شارەکە
- شێوازی چاوپێکەوتن: نووسینتۆماری دەنگدەنگ و ڕەنگ (ڤیدیۆ )
- شوێن و کاتی چاوپێکەتنەکە:
- ئەو پرسیارانەی ناتەوێت وەڵامی بدەیتەوە تەنها ژمارەکانیان بنووسە:
- ئایا دەتەویت لە توێژینەوەکدا ناوت وەکو خۆی بنووسرێت یان بە هێما بنووسرێت؟
- من کە ناوم لای سەرەوە هاتوە ئامادەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، وەکو بەشێک لە پرۆژەی ڕێکخراوی ڤژن فاوندەیشن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

واژۆ:

ناوی چاوپێکەوتنکار:

پرسیارەکان:

1. ناوی سیانی و ناسناو؟
2. ساڵ و شوێنی لە دایکبوونت؟
3. شوێنی ژیانی پێشوترت؟
4. شوێنی ئێستات (شار و گەڕەک )؟
5. ئاستی خوێندن؟
6. کاری ئێستات چییە و لە کوێیە؟
7. لە سلێمانی کارت چی بوو، هیچکات بەهۆی ئەوەی تۆ مەسیحیت لە سلێمانی لەسەر کار یان لە شوێنە گشتییەکاندا ڕووبەڕووی کێشە بووی.
8. ئەوکاتەی لە سلێمانی بوویت، مەسیحییەکان بۆنە و مەراسیمەکانتان بە بێ کێ دەکرد، بە ئازادی دەتان توانی بڵێن ئێمە مەسیحین یان هێمای ئاینی خۆتان هەڵواسن.
9. بە بۆچوونی تۆ فراوان بوونی شاری سلێمانی کاریگەر بووە لەوەی مەسیحییەکان ڕووبەڕووی گرفت ببنەوە.

10. وەکو کەسێکی مەسیحی شاری سلێمانی ئایا نەبوونی مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئابووریتدا ، مافی بەشداری کردنتان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتن بە خۆتان، کاریگەرییان هەبوو لە کۆچکردنت، ئەگەر بەڵێ چۆن، ئەگەر نەخێر، بۆ؟
11. ئێستا لە چ وڵاتێک دەژیت ؟
12. لە چ ساڵێکەوە سلێمانیت بە جێهێشتووە؟
13. هۆکاری کۆچەکەت چی بووە؟
14. بە بۆچوونی تۆ هۆکاری زیاتر کۆچکردنی مەسیحییەکان بۆچی دەگێڕیتەوە، ئایا جیاوازی و هەڕەشەی تایبەت هەیە؟
15. هیچ خێزانێک دەناسیت مەسیحی بێت بەتەواوی سلێمانیان بەجێ هێشتبێت ، کەسیان لەو شارە نەمابن.
16. هەست بەوە دەکەن دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە ئاینییە توندڕەوەکان، هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئازادییەکانتان و گرفت بۆ پێکەوەژیانێکی ئاسایی دروست دەکەن؟
17. حکومەت کاری کردووە لەسەر هاندانی گەڕانەوەی ئەو کەسانەی مەسیحین و لەوانەی پێشتر دانیشتوانی کوردستانی عێراق بوون و ناچاری کۆچکردن بوون ،مسۆگەر کردنی ماف و شایستەکانیان؟
18. بە بۆچوونی تۆ چارەسەری پرسی کۆچی مەسیحییەکان چییە؟

**2.فۆرمی تایبەت بە کۆچبەرانی هەندەران**

**فۆرمی ژمارە (٣)** [1]

هاوڵاتی بەڕێز، ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بەشێکن لە ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە بارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی، وەکو بەشێک لە پێکهاتەی ئیتنی شارەکە، کە ئەم توێژینەوەیەی بەشێکە لە پرۆژەکانی (دامەزراوەی ڤیژن فاوندەیشن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی) و بریتییە لە بەدواداچوون بۆ ژیان مەسیحییەکان لە شاری سلێمانی وپێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی ئەم شارە و هەوڵ دەدات لە کێشە وگرفتەکانی ئەم پێکهاتەیە بکۆڵێتەوە بە مەبەستی ئەوەی ئەو کێشانە و هاوکات چارەسەرییەکانیشیان بخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدواداچوون و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن، ئەویش لە پێناو جوانترکردنی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە شاری سلێمانی.

پەڕێزتان سەر پشکن، وەڵامی چەند پرسیار دەدەنەوە هاوکات سەرپشکن لەوەی، کە چاوپێکەوتنەکە بە چ ڕێگایەک ئەنجام بدەن( نووسین، یان تۆماری دەنگی، یانیش بە دەنگ و ڕەنگ (ڤیدیۆ )).

ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندی دەردەبڕن لە سەر ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە ، تکایە ئەم زانیارییانەی لای خوارەوە پڕ بکەنەوە و دواتر واژۆی بکەن:

- ناوی سیانی:
- ئایا مەسیحی شاری سلێمانیت یان لەو مەسیحییانەی کە دوای ڕووداوەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق ڕووت کردۆتە شارەکە؟
- شێوازی چاوپێکەوتن: نووسین، تۆماری دەنگ، دەنگ و ڕەنگ (ڤیدیۆ )
- شوێن و کاتی چاوپێکەتنەکە:
- ئەو پرسیارانەی ناتەوێت وەڵامی بدەیتەوە تەنها ژمارەکانیان بنووسە:
- ئایا دەتەوێت لە توێژینەوەکدا ناوت وەکو خۆی بنووسرێت یان بە هێما بنووسرێت.
- من کە ناوم لای سەرەوە هاتوە ئامادەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، وەکو بەشێک لە پرۆژەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

واژۆ:

ناوی چاوپێکەوتنکار

**3.فۆرمی تایبەت بە بنەماڵە مەسیحییەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ، کە ئاوارەی شاری سلێمانی بوون**

پرسیارەکان:

1. لە کوێوە هاتووی بۆ شاری سلێمانی؟
2. لە ساڵی چەندەوە هاتووی بۆ شاری سلێمانی؟
3. بۆچی شاری سلێمانیت هەڵبژارد و رووتکردە ئەم شارە، پێشتر هیچ زانیارییەکت لە بارەی پێکەوە ژیان و ژیانی مەسیحییەکانی ئەم شارە هەبوو، بۆ ئەوەی هانی دابێت ڕوو بکەیتە ئەم شارە؟
4. بۆچی تا ئێستا نەگەڕاویتەوە بۆ شوێنی خۆت؟
5. مامەڵەی خەڵکی سلێمانی لە گەڵ ئێوەدا چۆنە؟
6. ئایا لە شوێنە گشتییەکاندا دەتوانن بە ئاشکرا بڵێن ئێمە مەسیحین، هیچ گرفتتان لەم ڕووەوە بۆ نەهاتۆتە پێش؟
7. ئایا دەتوانن زمانی خۆتان، بۆنە ئاینی و کولتورییەکانتان، جل بەرگی خۆتان، سیما و هێما ئاینییەکانتان بە ئاشکرا بەکار بهێنن ، حکومەت تا چ رادەیک لەم ڕووەوە هاوکارتانە؟
8. ئایا جیاوازی سلێمانی لە گەڵ ناوچەکانی تردا بۆ ئێوەی مەسیحی چییە، ئەگەر کەسی تری مەسیحی دەناسن لە شوێنانی تر هیچ باسی ئەم جیاوازییە دەکەن؟
9. هەست بەوە دەکەن دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە ئاینییە توندڕەوەکان، هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئازادییەکانتان و گرفت بۆ پێکەوەژیانێکی ئاسایی دروست دەکەن؟

استمارة الاسئة باللغة العربية

عزيزي المواطن/عزيزتي المواطنة،تأتي هذه الأسئلة ضمن دراسة بحثية حول المسيحيين في السليمانية، بوصفهم جزءًا من التركيبة الاثنية والدينية للمدينة، وذلك ضمن مشروع بحثي لمؤسسة رؤية للأبحاث الاستراتيجية. يهدف البحث إلى دراسة التحديات التي تواجه المسيحيين في المدينة، واقتراح حلول تُرفع إلى الجهات المعنية لتعزيز التعايش بين مكونات المجتمع في السليمانية.

اذا وافقتم على المقابلة نرجو منك الإجابة على الأسئلة التالية،و توقيع عليها، كما يمكنك اختيار طريقة المقابلة الأنسب لك (مكتوبة، صوتية، أو مصورة بالفيديو).

المعلومات الأولية:

·الاسم الثلاثي:

·هل أنت من سكان السليمانية الأصليين، أم انتقلت إليها بسبب الأحداث التي شهدها جنوب ووسط العراق؟

·طريقة المقابلة المفضلة:(كتابة/ تسجيل صوتي/ فيديو)

·المكان والزمان المقابلة:

·هل ترغب في ذكر اسمك الحقيقي أم استخدام رموز بديلة؟

·إذا كانت هناك أسئلة لا ترغب في الإجابة عليها، يرجى ذكر أرقامها:

اني المذكور اسمي أعلاه أوافق على إجابة الاسئة الاتية، كجزء من مشروع بحث مؤسسة الرؤية للبحوث الاستراتيجية.

·التوقيع:

-اسم الشخص الذي اجرى المقابلة

الأسئلة

1.من أين أتيت إلى السليمانية؟

2.متى انتقلت إلى السليمانية؟

3.ما الأسباب التي دفعتك لاختيار السليمانية؟ هل كنت تمتلك معلومات مسبقة عن طبيعة التعايش المسيحي في المدينة، وكانت تلك المعلومات دافعًا لك للانتقال إليها؟

4.لماذا لم تفكر في العودة إلى مكانك السابق؟

5.كيف وجدت معاملة سكان السليمانية لك؟

6.هل يمكنك التصريح علنًا بديانتك المسيحية في الأماكن العامة؟ وهل واجهت أي تحديات أو مشكلات بهذا الخصوص؟

7.هل تستطيع ممارسة طقوسك الدينية بحرية، مثل استخدام لغتك، وإقامة مناسباتك الدينية والثقافية، وارتداء ملابسك ورموزك الدينية؟ وإلى أي مدى تدعمك الحكومة في هذا الجانب؟

8.كيف تقارن وضع المسيحيين في السليمانية بالمناطق الأخرى؟ وهل لديك تواصل مع مسيحيين في مناطق أخرى تناقشون فيه هذه الفروقات؟

- هل تعتقد بأن صعود الإسلام السياسي و الحركات الدينية المتطرفة كانت سببا لتقليص حرياتكم الدينية و خلق مشاكل للتعايش السلمي.

دامەزراوەی ڤــیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجــی
مؤسســـة رؤيـــة للدراســـات الاستراتيجيـــة
Vision Foundation for Strategic Studies

+964 772 330 0005
info@vfssiq.org
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq